# ئاخیر رۆژی داپیره

# ئاخير ڕۆژی داپیرە

## شەش چیرۆک

محێدین تەها

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **ئاخیر ڕۆژی داپیرە** (شەش چیرۆك)

---

- **نووسین:** محێدین تەها

---

- **نەخشەسازیی ناوەوە:** گۆران ڕواندزی

---

- **بەرگ:** هۆگر

---

- **پیتچنین:** کاوە حسێن

---

- **نرخ:** (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار

---

- **چاپ:** چاپی یەکەم ٢٠٢٢

---

- **تیراژ:** ٥٠٠ دانە

---

- **چاپخانە:** هێڤی (هەولێر)

---

- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١١٢٦)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێدراوە

زنجیرەی کتێب (١٠٩٩)

**ماڵپەر:** www.mukiryani.com

**ئیمێل:** info@mukiryani.com

## سوپاس و پێزانین

سەباح ڕەنجدەر

سامالْ ئەحمەدی

سەرمەد ئەحمەد

## پێرست

ئاخیر ڕۆژی داپیرە ........ ٧
قەبرێکی دیکە ........ ٢٥
شیرین عەلائەدین ........ ٤٧
ئاوێنەی گیرفان ........ ٦٣
لاسایی ........ ٨٣
سێبەرە فڕیوەکان ........ ١٠٩

# ئاخیر ڕۆژی داپیره

پێشکەشە بە هاشم سەڕاج و جگەرەکانی

هەر بە ڕێکەوت لە تەمەنی حەفتا ساڵی فێری جگەرەکێشان بوو، داپیرەم هێندە لاواز و بنێس ببوو، لە نێوان ئێسقان و پێستی شتێک نەمابۆوە، بەزەحمەت چرچولۆچییەکانی پێستی ڕوحیان هەڵگرتبوو، زۆر بە تامەزرۆوە قوومی لە جگەرە دەدا، دووکەڵی تا دوورترین شوێنی هەناسەی دەبرد. ئێستە لە سەرەمەرگدایە، تەمەنی گەیوەتە نۆوەت و شەش ساڵ، هەر زوو لێوەکانی، بەری چاوەکانی، هەناسەکانی، پێستی، دەستی، ڕووی، ڕەنگی دووکەڵی نێو جەستەیان دەدایەوە. هەفتەیەکە زمانی نەگەڕاوە، تاقە وشەیەکی نەدرکاندووە، وەختێ کچی هەرە بچووکی داپیرە، کە دایکمە، لە ئاوی پیاڵەی ژێر سەریەوە بە لۆکە لێوی تەڕ دەکرد، هەرچەندە لێوەکانی تین و تاوی جارانیان نەمابوو، لە ڕۆژانی یەکەمی هەفتەدا وەک قوومی جگەرە هێواش هێواش دەیمژی. بیرم کەوتەوە داپیرە وەک منداڵ بە قوونکەجگەرە دەستی بە

جگەرەکێشـــان کـــرد، زوو زوو بـــانگی دەکـــردم: "موحســـین وەرە پاکەتەکم لۆ بکڕە". نەیدەزانی پاکەتێک چەند جگەرەی تێدایە.

بارامی هاوڕێی نزیک و هاوپۆلم، دەمێک بوو بە قوونکەجگەرە دەستی بە جگەرەکێشان کردبوو، پێش ئەوەی پاکەتەکە تەسلیم بە داپیرە بکەم، دەیگوت: "بینە هەر جارەی لەو پاکەتەی داپیرەت یەک جغارەم بدێ، پاش سی و پێنج جغارە نیوەی تۆپەکەم هی تۆیە." پێم سـەیر بـوو: "سـیعری تـۆپەکەت هەر سـی و پێنج جغـارەیە!" تۆپەکەی لە دەست بوو، شووتێکی لێ دا و هەڵیدایە مـاڵی خۆیـان. گـوتی: "خـۆ چ پـارەت بەو جغـارانە نەدایە، لە سـی جغـارە کەمتـر ناتکەمە شەریک." سەرم لەقاند: "ڕازیم."

ئەو لۆکەیەی دایکم لێوی داپیرەی پێ تەڕ دەکرد، لە بەرچاوم ببـووە جـگەرە، دوای تـاقیکردنەوەی بیرکـاری مامۆسـتا ئـازاد کە ڕۆژانە سـمێڵی سـفر دەکـرد، لەو کـاتەی کـاغەزی وەڵامەکـانی ئیمتیحانی دەداینەوە، هێمن هێمن تەماشای هەموومانی دەکرد، لەو دەرســەدا بە تەعەجـوبەوە لە منـی دەڕوانـی، ڕووی لە مـن کـرد: "هەسـتەوە." چـاوم لە تەخـتەکە کـرد، "بەڵـێ مامۆسـتا." تەماشـای کـــردم لە هاوکێشـــەکە چیـــت غەڵەت کـــردووە." هەناســـەدان و هەڵکێشانم خێراتر بوو، "بیرم نییە مامۆستا"، هەڵیدایێ: "تەلەبەی زیرەک غەڵەتی گچکە دەکەن، دەڵێی مێشکت لەسـەر خۆ نەبووە!" سەرسام بووم، پێم شک نەدەهات هیچ غەڵەتێکم کردبێ. مامۆسـتا تەماشای کاغەزی تاقیکردنەوەی کرد: "ئەو غەڵەتەی کردووتە هیچ عیلاقەی بە بیرکارییەوە نییە، هاوکێشـەکەت هەمووی ڕاسـت حەل کـردووە، هـا چ دەڵێـی موحسـین نـازانی نـۆزدە و بیسـت فەرقیـان

هەیە، تەلەبەی زیرەک نابێ ئەو غەڵەتەی بکا." فزەم لێوە نەهات. ئەو ڕۆژە لە گۆڕەپانی مەکتەب لەگەڵ بارام پیاسەمان دەکرد، تەماشای هەنگاوەکانی منی دەکرد، گوتی: "ئەلعانیش پێم وایە لە بیرکاری عەبقەریی، داپیرەت نازانێ جغارەکانی ناو پاکەتێک بژمێرێ، نازانم بۆ ئەتۆ بیستت لێ بووەتە نۆزدە."

دایکم لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا ڕۆژ بە ڕۆژ سەرنجی دەدا، بزانێ، هەر ڕۆژێک چەند پیاڵە ئاوی لەسەر لێوی داپیرم تەڕ کردووە، ئەو کاتەی لۆکە سپییەکان تێکەڵ بە ڕەنگی هەناسەی داپیرە دەبوون، ئەویش لۆکەیەکی نوێی دەخستە ئاوی پیاڵەکەوە، لە ڕۆژی حەوتەمدا خاڵ و مام و پوور و چەندان خزمی دیکەم لەوێ بوون، دایکم گوتی: "ئەوڕۆکە دڵۆپە ئاوێکی هەڵنەمژیوە." دوو شەوی پێش ئاخر ڕۆژ یاسینی لەسەر خوێندرا، لەو شەوەدا چاوەکانی کردنەوە، سەری بەرز کردەوە، گوتی: "موحسین وەرە پاکەتەکم لۆ بکرە." هەر ئەوەندە قسەیەی کرد و هیچی دیکەی نەگوت، سەری لەسەر بالیفەکە دانایەوە، مژێکی قووڵی لە لۆکە تەڕەکەی دەست دایکم دا، هەتا دوورترین جێگەی جەستەی برد. لە میوانخانەکە کەس سەرنجی منی نەدا، هەموو ڕوویان لەسەر داپیرە بوو. باوکم هەر چاوی لەسەر پیاڵە ئاوەکە بوو، دڵۆپی فرمێسکی دایکمم دی، نەمزانی هیچ دڵۆپی دیکەی بەدوادا هات، یان نا. داپیرە بە هێواشی مژێکی دیکەی لە لۆکە تەڕەکە دا.

"موحسین وەرە پاکەتەکم لۆ بکرە." بارام لاسایی داپیرەی کردەوە، لاساییەکەی تووڕەی نەکردم، دڵنیام کردەوە: "هەتا ئەلعان بیست و پێنج جغارەم دایێ." لەژێر لێوەوە ئم ئمێکی کرد،

تەماشای کردم، گوتی: "وای موحسین، چەند خۆش دەبوو ئەتوش جغارەت کێشابا!" شانم هەڵتەکاند، وەڵامیم دایەوە: "حەزی پێ ناکەم." زەینم چووە سەر تۆپەکە: "لە سبەینێوە با تۆپەکە شەوێک لای من بێ و شەوێک لای تۆ." بە نەرمی تۆپەکەی بۆ هەڵدام، "ها... نۆرەی تۆیە."

لەگەڵ بارام کەمتر لە سەعاتێک بە پێ دەڕۆیشتین تا دەگەیشتینە گۆڕەپانەکانی قەراغی شار بۆ ئەوەی لە یاریگە سادەکانی بخافڵێین، هەر لە سەری کۆڵانی خۆمانەوە پێی گوتم: "دەزانی وەختە مامۆستا حەسەنیش بە تەقڵەی کۆترەکانی وەستا ڕەشاد موعجیب دەبێ؟" بەرسڤم دا: "وەڵڵاهی زۆر عەجایبە، مامۆستا دەڵێ پێنج دەقیقەی ئەخیری بۆ قسەی خۆش و مەوزوعی دیکە تەرخان دەکەین، کەچی تاکە مەوزوعی کۆتربازی بوو." ڕووی تێ کردم: "ئەتۆش غەشیمی." "بۆ؟" "بابە مامۆستا قەدیم و ئەلعانیش هەر کۆترباز بووە." ئەو ڕۆژە مامۆستای کیمیا، مامۆستا حەسەن، ڕووی لە ئێمە کرد: "کۆترەکانی وەستا ڕەشاد زۆر بڵند دەفڕن و تەقڵەی زۆر لێ دەدەن." خوشکزایەکی لە پۆلەکەمان گوتی: "مامۆستا هەتا ئەلعان خاڵم سی و سێ گرەوی بردووتەوە." مامۆستا حەسەن هەڵیدایێ: "وەڵڵا سیم زانیبوو." لەوێدا بارام هەڵی دایێ: "مامۆستا، کۆترەکان، یان هەڵچوونی مادەی کاربۆن زیاتر هەڵدەفڕن؟!" مامۆستا خەندەیەکی کرد، یەکسەر وەڵامی دایەوە: "هەردووکیان ناگەنە تەقڵەکانی کالەی پێت." هەمووان لە پۆل قاقا پێکەنین، لە هەموو شوێنێ هەتا لە مەکتەبیش بارام لەسەر پێی گەمەی بە کالەکەی دەکرد، لە

دەرسی بیرکاری لە جێی خۆی هێندە کالەکەی هەڵدا، لەو کاتەی مامۆستا ئازاد بە دەست هاوکێشەیەکی بیرکارییەوە ئارەقەی کردبوو، ڕێک بە گۆزینگی کەوت، مامۆستا لە تووڕەییاندا سوور هەڵگەڕا. لە ئیدارە دەیانزانی باوکی بێسەروشوێن بووە، هەرچەندە تا ڕادەیەک لەگەڵی هاوسۆز بوون، کەچی لەبەر ئەو کردەوەیەی ڕۆژێکیان فەسڵ کرد.

لە پیاسەیەکی ئێوارەدا بارام تەقڵەی بە جگەرەی نێو دەستی لێدەدا، گوتی: "تەماشا کە، ئەو جگەرەیە تەقڵەی زیاتر لێدەدا، یان کۆترەکانی وەستا ڕەشاد؟" گوتم: "دەتەوێ بە جغارەکانی داپیرم مونافەسەی کۆترەکانی وەستا ڕەشاد بکەی؟" دواتر گوتی: "موحسین سی جغارەی دیکەم بدێ، تۆپەکە لۆ خۆت." بە پێشنیازەکەی ڕازی بووم.

لێوەکانی داپیرە ڕەنگی دووکەڵیان گرتبوو، بە هێواشی مژێکی لە لۆکەکەی دەستی دایکم دەدا، لە ڕۆژی حەوتەمدا چالاکیی لێوەکانی باشتر بوون، بەڵام دایکم بە دەست گۆڕینی پارچەی لۆکەکان هیلاک ببوو، هیچ جارێک بۆ دووەم جار لۆکەی لەسەر لێوی داپیرە دانەدەنایەوە، هەر بە جارێک لۆکەکان تژی لە ڕەنگی دووکەڵ دەبوون.

ناوەڕاستی بەهار بوو، لەو کاتەی بەزۆرەملێ لە گوند بۆ شار ڕایان گوێزان، داپیرە لە گوندی گردەسۆر لە تەنیشت هەردوو کوڕی لە خانووبەرەیەکی جودا دەژیا، کە سوپای حکوومەت و پارێزگار فەرمانی بەزۆر چۆلکردنی گوندەکانیان جێبەجێ کرد، هێندەی توانییان کەلوپەلیان لە عەرەبانەیەکی تراکتۆر نا، سوپا

گونـدەکەی خـاپوور و لەگەڵ زەوی تەخـت کـرد، ئەوانیشـیان لە گۆڕەپانێکی نزیک جادەی گشتی لە شـار نیشـتەجێ کـرد، ئەوەی توانـای مـاددیی بـاش بـوو بە سـادەیی خـانووچکەیەکی هەڵنـابوو، ئەوانـی دیکە لەبەر ئەوەی تـازە وەرزی سـەرماوسـۆڵ ڕۆیشـتبوو، ڕەشماڵیان هەڵدابوو، هەموو ناویان لەو گەڕەکە نابوو ناچاری.

دووەم و سـێیەم ڕۆژی ناوەڕاستی بەهـار لە گەڕەکـی ناچـاری داپیـرە دەمـی بە خـواردن نەکەوت، بـێجگە لە ئـاو هیچـی دیـکەی نەخــوارد و نەخــواردەوە، لە ســێیەم ڕۆژدا نیگەرانیــی کــوڕ و نەوەکان نەما، لەپڕ داپیرە هاواری لێ هەستا: "ئەدی سـەگە بۆر؟!" کـوڕ و بـووک و نەوەکـانی لێـی کـۆ بـوونەوە، ئەحـمەدی کـوڕی گوتی: "دایە، سـەگە بۆری چـی؟!" یەکسـەر وەڵامـی دایەوە: "سـەگە بۆرتان نەهێنا؟!" هەمـوو سەرسـام بـوون، ئەحـمەد وەڵامـی دایەوە: "کـامە سـەگە بۆر؟!" داپیـرە گـوتی: "سـەگە بـۆری خـۆم." ئەحـمەد گوتی: "دایە، کوا قەت سەگی بۆرمان هەبووە؟!" داپیرە هەڵچوو، بە تووڕەییەوە گوتی: "با.. هەمانبووە، سەگە بۆری خۆم، شەو و ڕۆژ حەرەسی پێش دەرگە بوو." کوڕە درێژەی نەدایێ، بێدەنگ سـەری لەبەر خۆی نا. کەوتنی پیاڵە ئاوەکەی بەر دەستی دایکم وێنەکانی نێو بیرەوەریمی بۆ چەند لەحزەیەک ناڕۆشـن کـرد، تەنیـا وێنەی سـەرەمەرگی داپیـرە، هەم لە دەرەوەی بیـرەوەری و هەم لەناویـدا وەک خۆیان مانەوە. دایکم پیاڵەکەی هەڵگرتەوە، نەشکابوو، بەرە بەرە ڕۆشنییەکانی بیرەوەریم گەڕانەوە.

هەر تەنیـــا دانە جگەرەکـــانی پـــاکەتی داپیـــرم، کەنـــاڵی جگەرەکێشانی بـارام نەبـوون، ئەگەر هـیچ جگەرەی شـک نەبردبا،

بەوردی بە دوای قـــــــــوونکەجگەرەدا دەگەڕا، ئێـــــــــوارەی پێنجشــەممەیەک دەرنەکەوت، ســەر لە ســبەینێی هەینیـدا تـۆپێکی نـوێی پـێ بـوو، پـێم گـوت: "ئەتـۆ پـارەی یەک جغـارەت نیـیە، ئەو تۆپەت لە کـوێ بـوو؟ دزیـوتە؟" هـیچ خـۆی تێک نەدا، موسـەیتەر بـوو: "بـۆ دەڵێـی دزیـومە؟! ئەگەر سـاحێبەکەت دیـتەوە، ڕاسـت دەکەی." پاشان هەڵی دایێ: "ڕازیی تۆپە کۆنەکەم و سی جگەرەی دیکەم بدەیێ، لەجیاتی ئەو تۆپە نوێیەت دەدەمێ." بارام بەردەوام ڕێگەیەکی نوێی بۆ پەیداکردنی جگەرە دەدۆزییەوە.

هەمـوو دەیـانزانی داپیـرە سـەگی نەبـووە، کەچـی ئەو نەک پێـی دادەگرت سەگە بۆری هەبووە، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ بەسـەرهات و چیرۆکـی لەبـارەیەوە هەڵدەبەسـت، هەروەهـا بەدوای سـەگە بۆردا دەگەڕا. پـــێش مەغریـــب موختـــاری گەڕەک لەگەڵ دوو ســـەرباز داپیرەیــان گەڕانــدەوە، ئەحــمەد دەمێـک بــوو لە کــار گەڕابــۆوە، موختــار بــانگی کــوڕی گەورەی کــرد: "وەخــت بــوو ئەو پیــرەژنە لەسەر سەیەکی ڕزقمان ببڕی، بابە... لە سـەیتەرەی گەڕاندمانەوە، ئەویـش خەمـی سـەی بـۆریەتی." کـوڕەکەی واقـی وڕمـا، زانیـی مەسـەلەکە لە کوێوە سەری هەڵداوە، تۆزێ بێدەنگ بوو، موختـار دووبارەی کردەوە: "هیچی کە ڕوو لە سەیتەرەی وێ نەکا، نـا. نـا، ئەوجـا نـابێ لەو گەڕەکە دەرچـێ، ئەگەرنـا خۆتـان تەحەممـولی مەسـئولییەت دەکەن." ئەحـمەد داوای لێبـووردنی کـرد: "هیچـی کە نایەڵم پێ لەو ماڵەی دەربێنێ."

دوای نیـــوەڕۆی پێنجشـــەممەیەک پـــاش ئەوەی بە ڕێـــگەی پێچـاوپێچ گەیشـتینە یـاریگەی قەراغ شـار، لەگەڵ تیمـی گەڕەکـی

ئازادی یاریی فوتبوڵمان کرد، لەزەتی بردنەوەی گەمەکەم نەکرد، لەناکاو سێ هاوپۆلم دیار و فەرهاد و کامیل سەگێکیان هێنابووە نێو یاریگە و بەرەڵڵایان کردبوو، سەگەکە لەبەر هاتوهاواری تەماشاکەران و خەڵکی جێی پێ جێ نەبوو، بە هەموو لایەکدا هەڵدەهات و دەوەڕی، هەندێ لە برادەرانی هاوپۆڵم هاواریان دەکرد: "سەگەکەی داپیرە... حەو حەو... ها... ها... سەگە بۆرەکەی داپیرە." زۆربەی ئەوانەی بەسەرهاتی داپیرەیان دەزانی لە قاقای پێکەنینیان دا، سەرەتا نەمزانی چ سیناریۆیەکە، کاتێ سەگەکە لێم نزیک بووەوە، بڕوام نەکرد، دیتم بە پەمپی بۆر ڕەنگ کراوە، هێشتا لەو شوێنانەی بۆیەکەی نەگرتووە، ڕەنگی ئەسڵیی زەردی خۆی دیاربوو، هاوپۆلێکی دیکە گوتی: "موحسین ها ئەوە سەگە بۆرەکەی داپیرەیە!" زۆر تووڕە بووم، ئەو کاتەی جارێکی دیکە سەگەکە بە سەرشێتانە لێم نزیک کەوتەوە، چەند هاوپۆلێکی دیکەم هاواریان کرد: "ئەها... تەماشاکە جغارەش دەکێشێ!" زەینم دایێ، جگەرەیەک بە لالمۆزی چەسپ کرابوو، لەبەر تووڕەییان چاوم سوور بوو، پڕپڕ بووم، یاخەی فەرهادم گرت، "ئەوە لە بن سەری کێیە؟!" شڵەژا: "هەموومان... بەس بارام سەگەی بۆر کردووە." کەسم نەهاتە پێش چاو لە بارام زیاتر، دۆزیمەوە و یاخەییم گرت، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکا، مستێکم لێ دا، دەستی نەکردەوە، لاچاوێکی خۆی گرت، نەمزانی چی بە سەر هاتووە، کەوت، ویستی هەڵستێتەوە، حەشاماتێک کەوتنە نێوان من و بارام لێکیان جودا کردینەوە. دوو هاوپۆلم لەگەڵ من و هەندێکی دیکە لەگەڵ وی، ڕەوانەی ماڵەوەیان کردینەوە.

چەنـد سـاڵ بەسـەر ئەو ڕووداوە تێپەڕیـوە، داپیـرەم قەت لە باسی سەگە بۆر نەکەوت، هەتا هەفتەیەک پێش سەرەمەرگی زۆر جاران لەو کاتەی ئاوی دەخواردەوە، دەیگوت: "سەگە بۆرەکەم لە کێنـدەرێیە؟!" ئەو هەفـتەیە هێنـدە ئـاوی خـواردەوە، چوارشەممەیەکیان گوتی: "تینوومە، نازانم بۆ تێنوویەتیم ناشکێ؟!" ئێستەش لەو کاتـانەی دایکـم لـۆکە پـڕ ئـاوەکەی لەسـەر لێـوی داپیرەم دادەنـێ، لۆکەکـان لە لێـوی زیـاتر دەکەونە جـوولە، دایکـم دەڵێ: "نازانم ئاو فریای دایکم ناکەوێ، نازانم ئەو هەمـوو ئـاوە بۆ کوێ دەبا؟!"

پاش ڕووداوی یاریگەکە بارامم نەدیتەوە، لە مەکتەب لە کامیلم پرسی: "بۆچی بارام سەگەکەی بۆیاغ کرد؟" چاوی تێ بڕیم: "ئێمە بیست جغارەمان دەدایێ ئەگەر سەگێکی بۆرمان بۆ بدۆزێتەوە، بە پـازدە جغـارە ئەو سـەگە زەردەی بۆیـاغ کـرد." پاشـان هەڵیـدایێ: "هیچت لە دڵ نەبێ، بۆ خۆشـی وامـان کـرد، لە بیری بکە، دەزانـی تـازە کەسـمان بـارام نـابینینەوە!" سەرسـام مـام، پرسـیم: "لەبەر چی؟!" "ئاخر مامی نەقلی جنووب کراوە، ئەویشـیان لەگەڵ خۆیـان بردووە، دایکی حەز ناکا لە ماڵی پلکی بێ." پێم خۆش بوو بارام ببیـنمەوە، کە زانـیم لەبەر جغـارە سـەگەکەی بـۆر کـردووە، مستەکەی لێم دا پێم ناهەق بوو.

بەیانییەکیان پێکەوە بۆ مەکتەب دەچووین، بارام جانتای نەبوو، کتێبەکانی بە لاستیکێک دەبەست و هەڵی دەگرت، دوای ئەوەی لە جادەی سەرەکیی نێوان هەردوو گەڕەک پەڕینەوە، لاستیکەکەی لە کتێبەکان کردەوە، دواتر کتێبەکانی لەبن هەنگڵی نا، بە لاستیکەکەی

بەردی دەهاوێشت، دەیگوت: "پێرێ کە بەعسییەکانماڵیان تەفتیش کردین، مەسئوولەکەیان بە مامی گوت: خەنی لە خۆت هیچمان نەدیتەوە، لەبن دۆشەگی من دارلاستیکەکەمی برد و گوتی: "هەر بۆ خۆشی ئەو دارلاستیکەی دەبەم." موختاریش پێکەنی و گوتی: دیارە بەو چەکەی دەمان ڕووخێنن. وای حەزم دەکرد دەمانچەکەیان بردبا، نەک ئەو دارلاستیکە. منیش دڵم دایەوە: "غەمت نەبێ، دارێکی وەک هی جارانت بۆ پەیدا دەکەم بیکەیە دارلاستیک." هۆشی کەم لای من بوو، هەڵیدایێ: "دەیگوت ئەو دارلاستیکەی لە ژووری خۆم لە دائیرەی هەڵدەواسم." دڵدانەوەی پێویست بوو: "گوێی مەدێ پێنج جغارەی داپیرە هەدیەی من." هەستم کرد هەندێ کاریگەریی ئەو ڕووداوەی لەسەر لاچوو، هەڵیدایێ: "موحسین، دەزانی لەناو حەیوانانیش ئەمن هەیە." قاقا پێکەنیم، گوتم: "قسەی خێر بکە." هەر لاستیکەکەی دەستی ڕادەکێشایەوە، وەڵامی دایەوە: "بە ڕاستمە." هەر بە ڕێگەوە پشیلەیەک لە پەرژینی ماڵێکەوە بەسەر پێکانییەوە بە نەرمی دابەزی و دەمی لە تەنەکەیەکی زبڵی بەردەم ماڵێک نا، درێژەی دایێ: "تەماشا کە! ئەها پشیلە ئەمنی بەعسییەکانە." گوتم: "لەبەرچی؟!" گوتی: "وەک ئەمنەکان بێسیفەتە." هێندەی نەمابوو بگەینە مەکتەب، بەردێکی هەڵگرتەوە و لەبەر لاستیکەکەی نا و کەوتە دوای پشیلەکە، کاتێ پشیلەکە هەڵبەزییە سەر دیواری حەوشەی ماڵێ، لەژێر لێوەوە جنێوی بە پشیلەکە دا و بێ سێودوو بەردەکەی تێ گرت، پشیلەکە هەڵبەزی و خۆی فڕێ دایە خوارەوە و لە بەردەکە نەجاتی بوو، کەچی هێندەی پێ نەچوو،

شکانی شووشەی پەنجەرەی ماڵەکە، بێدەنگیی کۆڵانەکەی شکاند، یەکسەر گوتم: "با هەڵێیین... دەی زووو!" بەرەو مەکتەب کۆڵانەکەمان جێ هێشت.

هەر ئەو ڕۆژە چەند دەقیقەیەک پێش ئەوەی دەرسی ئاخر تەواو بێ، من و بارامیان بانگی ئیدارە کرد، هەردووکمان بەرانبەر بەڕێوەبەر ڕاوەستاین، لە پشت مێزەکەوە بەڕێوەبەر عەریزەیەکی لەبەردەست بوو، لە بن عەینەکەوە تەماشای کردین، بەسەرماندا نەڕاندی: "جوان ڕاوەستن.. ئەخلاقسزینە.. ئەتۆ بارام، دەستت مەخە پشتت." خۆمان ڕاستتر کردەوە، وەک سەرباز لە بەردەمی وەستاین، پاشان بە هەمان ڕیتمەوە پرسیی: "چەند بەردتان لە پەنجەرەی ماڵی مام خەلیلی دا؟" بارام دەیوست ئەو کەمە ترسەی هەیبوو، بیشارێتەوە: "هەر ئەمن یەک بەردم لێ دا." بەڕێوەبەر برۆکانی تێک نا: "بە یەک بەرد ئەو پەنجەرەیە دێتە خوارێ؟" بارام وەڵامی دایەوە: "بەڵی مامۆستا توندم ڕاوەشاند. مامۆستا بەس ئەمن بووم، بە لاستیکی ئەو کتێبانەی بەستبووم، بەردم لە پشیلە گرت." بەڕێوەبەر بە چاوی زەقی پشت عەینەکەوە لەو کاتەی پەنجەی شەهادەی لێ بەزر کردبووینەوە، نەڕاندی: "برادەرەکەت مەبە دەرێ لەو ئیشەی خراپەی. ئەدی لەگەڵ تۆ هەڵنەهات؟!" بارام بێ ترس گوتی: "سوێند بە سەری بابم موحسین خەتای نەبووە، هەر بەتەنێ ئەمن بووم." بەڕێوەبەر کەمێ سارد بووەوە، قەڵەمی سەر مێزەکەی هەڵگرت، شتێکی لەسەر عەریزەکە نووسی، گوتی: "دەبێ پەنجەرەکە چاک بکەنەوە، ئەوەیان لەگەڵ هیچ نییە،

سزای  بارام ئەوەیە ڕۆژێک فەسڵ دەکرێ، سبەینێش بێ وەلیئەمر هیچ یەکتان نایێنە مەکتەب."

هەفتەیەک پێش ڕۆژی یارییەکەمان لەگەڵ تیمی گەڕەکی ئازادی، بە پیاسە بۆ یاریگەکە دەچووین، بارام شتێکی پەمبەیی بەسەر لێویەوە نا. پێم گوت: "ئەوە....چییە، نەگبەت؟!" لە لێوی داگرت و خستییە نێو پەنجەکانی: "تەماشا کە جغارەی وەهات دیوە؟!" پێکەنیم: "ئەو جغارەیە هی چ مەعمەلێکە ئەوها پەمبەییە؟!" تەواوی کاغەزی سپیی تەنکی جگەرەکەی پەمبەیی کردبوو، دەست و شانی هەڵتەکاند: "مەعمەلی خۆم." پاشان جگەرەکەی داگیرساند و خستییە سەر لێوی و درێژەی پێ دا: "لەبەر کەژاڵ پەمبەییم کردووە." پرسیم: "ئەوجا کەژاڵ چ پێوەندیی بەوە هەیە!" وەڵامی دامەوە: "هەتیم لە بیرت نییە.. سێ جار داوای ماچم لێ کردووە... نەیداومێ." گوتم: "ئەوجا جغارەی لۆ پەمبە دەکەی؟" هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا: "خەبەرم هەیە لەبەر ئەوەی سووراوی پەمبەیی لە لێوی داوە." لەگەڵ مژی یەکەم هەندێ کۆکی: "داکی لێی داوە، ئەمنیش ئاهەنگی پەمبەیی دەگێڕم." کە مژی لە جگەرەکە دەدا، دووکەڵی ڕەشی بە هەوادا بڵاو دەکردەوە: "ئەها ئێستە مژی پەمبەیی لێ دەدەم.. دەیسووتێنم." ڕوون نەبوو دووکەڵەکانی جگەرەکە لە هەودا چ وێنەیەکی بەرجەستە کردووە، ڕووم تێ کرد: "دە هەتیم خۆت شیرین کە ئەوجا داوای ماچی لێ بکە! لەحزەیەک فکری لێ کردەوە، دواتر سەری لەقاند: "بە خوا بێ عەقڵی..." گوتم: "لەبەرچی؟" وەڵامی دایەوە: "هەتیم، ماچ بۆ خۆی شەکرە."

لەگەڵ هەڵمژینــــی ئـــاوی لــۆکەکە، لێــوە ڕەشــــەکانی داپیـــرە خەنـدەیەکی سـووکی دەخسـتە سـەری، زیـاتر لە لۆکەکـان ڕەنگـی دەدایەوە، هەر زوو ون دەبـوو، لەو دەمەدا دایکـم خەوەنکـوتکەی دەبردەوە، بەزەحمەت لۆکەکانی پێ دەگۆڕدران، چەند لـۆکەیەکی دیکە لە نزیک پیاڵەکە ڕەنگی دووکەڵیان گرتبوو، ئەوەی کـچەکەش دەیخستە سەر لێوی داپیرە دەتگوت پەڵەهەورێکی ڕەشـە بەسـەر لێوی شەقار شەقاری داپیرە دایدەکا.

پاش ساڵێ لە ڕۆیشتنی بارام کەم کەم هـاوپۆلانی دواناوەنـدیم دەدیتنەوە، جارێکیان ناوونیشانی شارێکی باشـوورم لە هـاوپۆلێکم وەرگرت، فکرم کردەوە، نامەیەکی تێروتەسـەل بۆ بـارام بنووسـم، بــۆم نووســـی، کە هـــیچ حەزم نەدەکــرد ئەو ڕۆژەی لە یـــاریگە سەگەکە بۆیاغ کرابوو، ڕووی دابووایە، ئەگەر ڕووی داوە، ئێسـتە بەلامەوە گرینگ نییە سەگ بە بۆیاغی بۆر بکرێ، هیچ پێم ناخۆش نییە. بۆم نووسی چەندە ئارەزووی دیتنت دەکەم، وەرەوە پێکەوە نەک سەگێک بگرە ئەوەندەی پێمان دەکرێ هەموو سەگەکانی شار بۆر دەکەین، بۆم نووسی هەر سـەگێک بـۆر بکەی، لەجیاتی یەک پاکەتــت دەدەمــێ. زۆر چـاوەڕێی وەڵامــی نـامەکەمم کـرد، هــیچ خەبەرێک لە بارام نەبوو. پێم وابوو هێشتە تووڕەیە. پاش ئەوەی بە قەتعی وەڵامی نەبوو. وەڵامی نامەکەشم بۆ گرینگ نەبوو.

ئەو جارە داپیرە تەواو زمانی شکابوو، لێوەکانی خاو ببوونەوە، ڕەنگـی دووکەڵـی سـینەی بە تەواوی جەسـتەی هەڵـدەگەڕا، دایکـم هەستی کرد لێوەکانی تینوتاوی هەڵمژینی لۆکەی نەمـاوە، هەسـتت دەکرد دەیەوێ شتێ بڵێ، نەیتوانی، پەنجەی شەهادەی درێژ کـرد،

دەتگـوت لە نـوێژدا لە ڕکەعـاتی چـوارەمە. بە ئاسـتەم لێوەکـانی لەرزیـن، هێنـدەی نەبـرد هەناسـەی وەسـتا، لەگەڵ نـوێژی نیـوەڕۆ گیانی سپارد. ئەحمەد و براکەی چاوانیان پڕ لە فرمێسک بوون، بە هێواشی گوتی: "ئیننا لیللا وەئینا ئیلەیهی ڕاجعون، یاڕەبی خوات لێت خۆش بێ دایە گیان." چاوی پڕ لە فرمێسک بوو. نەمزانی کـێ بوو لە پشت سەرم گوتی: "ئەرێ عومری چەند بـوو؟!" دەنگێک بە نزمی گوتی: "وەڵڵا گەورە بوو، عومرێک ژیا، نزیک لە سەت."

خۆرەکە هێندە گەرم نەبوو، لەبەر ئەوەی دەمێک بوو داپیرە لە سەرەمەرگدا بـوو، هەر زوو مەیتشـۆری بۆ حـازر کرا، جۆگەلەی ئەو ژوورەی داپیـرەی لـێ دەشـۆردرا، ئـاوێکی ڕوون ڕوونـی لـێ دەردەچـوو، هەر بەو شـێوەیە کفـن کـرا و خـرایە دارەمەیـت. لە کەشێکی هێمن و حەزیندا، دەنگی ئەڵڵاهوئەکبەر بەرز بۆوە، داپیرە لەنێو دارەمەیتەکە خرایە نێو ئۆتۆمبێلەوە، سـەرەتا ڕێچکەی چەند ئۆتۆمبێلێـک ڕووی لە مـزگەوت کـرد، یەکەم ئۆتۆمبێـل کە مەیتـی داپیـرەی لەسـەر بـوو، لە بەردەم مزگەوت وەستا. مەیتەکەیـان لە هـۆڵی مـزگەوت دانـا، لەوێ نـوێژی مـردووی لەسـەر کـرا، هەوا بەشی هەناسەکانی نوێژخوێنانی نەدەکرد، مەیتی داپیرە خـرایەوە یەکەم ئۆتۆمبێـل، هەمـوو ئۆتۆمبێلەکانیـان بەگەڕ خسـت، کەژاوەکە بەرەو گۆڕستان بەڕێ کەوت.

هەر کە ئۆتۆمبێلی سـەرەتا گەیشتە نێو گۆڕسـتان، لە پشـتەوەی ئەو ئۆتـۆمبێلەکەی ئـێمە لێـی دانیشـتبووین و پاڵمـان بە یەکەوە دابـوو، ئەوەی تەنیشـتم گـوتی: "ماشـەڵڵا ئەو سـەگە بـۆ هێنـدە دەحەپی؟!" گوتم: "ها...چی بووە؟" سەری هەڵبڕی: "هیچ لەگەڵ تۆم

نییه." یەکێکی دیکە گوتی: "ئەریٚ ئەو حەپەحەپە نەبڕایەوە." بۆنی ڕەژوو لە دوورەوە بە ئاسمانـدا بـڵاو دەبـووەوە و بەرە بەرە زیادی دەکـرد، کەژاوەکە بەرەو قـووڵاییی گۆڕسـتان بە هێواشـی ڕێی دەبڕی. کە لای دا بەسەر ڕێگە خۆڵاوییەکەدا تۆزێکی کەمی بەسەر گژوگیای لاڕێگەکانـدا بڵاو دەکـردەوە. ئۆتۆمبێلەکـان هێنـدە نەڕۆیشتن گەیشـتنە نزیـک شـوێنی گۆڕی ئامادەکراوی داپیرە، بە پەرشوبڵاوی وەستان، مەیتەکەیان لە نزیک گۆڕی هەڵکەنراو دانـا، هەمـوو لە ئۆتۆمبێلەکـان دابەزیـن و لە دەوری گـۆڕەکە وەسـتان. مەلا خـۆی قیـت کردبـۆوە لە گـۆڕی بەتـاڵی دەڕوانـی، دایکـم و پوورەکانم لە پشتەوە بە نزمی دەگریان، گریانیش ئەوکـی ئەحـمەد و خـاڵی دیکەمـی گرتبـوو، هەمـوو ئەوانەی لە دەوری گـۆڕەکە وەستابوون، دیتیان هێشتە لەناو گۆڕەکە بە خاکەنـاس خـۆڵ فڕیٚ دەدرێـتە دەرەوە، خـۆڵەکە لە کـاتی دەردانـی هێنـدە دەڕۆیشـت دەگەیشتە نزیک کێلێکی دیکە، یەکیٚ لە وەستاوان بە دەنگێکی بەرز گوتی: "بەسـە.. هیچی دیکە قووڵی مەکە." کەسێک لەناو گۆڕەکە هـاتە دەرەوە، سـەرتاپا گیـانی قـوڕ بـوو، لەبەر قـوڕ نەتـدەزانی مرۆڤە، ببووە مرۆڤێکی قوڕین، بە ڕێگەیەکدا ڕۆیشت و لە چاوان ون بوو.

دارەمەیتەکەیـان لە تەنیشـت گۆڕەکە دانـا، داپیرەی کفنکراویـان هێنـایە دەرەوە، ئەحـمەد لە ناشـتنی دایکـی بەشـداریی کـرد، کـوڕە بچووکەکەی ئەو کاتەی ئەحمەدی باوکی لیٚ ون بوو، چاوی گێڕا. بە ناوی خەڵکەکەدا لێی گەڕا، تا چووە نزیک گۆڕەکە دیتی بـاوکی

داپیــرەی دەنیــژێ، ســڵەمییەوە، بێــدەنگ بە دیــارییەوە بە وردی سەرنجی دان.

ئەحمەد و دوو کەسی دیکە کفنەکەیان لەنێو گۆڕەکە ڕوو لە قیبلە کرد، ئەحمەد دیتی یەکێ لەوان دەستی بە قوڕ بوو، کاتێ کفنەکەی داپیرەی دانا، لەسەر خامە سپییەکە هیچ شوێنەواری قوڕی نەدی، تەماشای دەستی خۆی کرد و لە خامەی کفنەکەی ڕوانی، ساف ساف سپی بوو، کەسێ پێی گوت: "گرێیەکانی لای سەری کفنەکە بکەوە."

سێ کەس لە گۆڕەکە هاتنە دەرەوە، یەکسەر خۆڵی بەسەردا کرا، خۆڵەکە بەپەلە و چەندجارە دەخرایە نێو گۆڕەوە، دەتگوت بووەتە قوڕ، هیچ تۆز و غوباری نەبوو، هەموو گڵەکەیان خستە بانەوە، ئەگەر لەوێوە تەماشای ڕۆژت کردبا ساف ساف چاوت لەبەری هەڵنەدەهات، گڵەکەیان هەڵنا. کێلیان بۆ ڕێک خست. هەموو بێدەنگ بووبوون. مەلا دەستی بە تەڵقینی ناشتنی مردوو کرد، دەنگەکان تێکەڵ بوون، زەینم لەسەر وشەکانی سەرەتای تەڵقینەکە بوو.

نازانم مەلا تەواوی کردبوو، یان نا. کەسێ لە تەنیشتمەوە پێش ئەوەی هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژێ: "ئەو سەگە بە وەڕینی ئیزعاجی کردین." یەکێکی دیکە لە من نزیک بوو، وەڵامی دایەوە: "تەماشاکە لەو قەبرستانەی چۆن غار دەدا." سەرم هەڵبڕی تەماشای هەر چوارلام کرد، هیچم نەدی، گوێم شل کرد، زەینم دایێ، گوێم لە وەڕینی سەگ نەبوو. کەچی یەکێکی دیکە هەڵیدایێ: "ئەها.. ئەو سەگە چەند تیژ غار دەدا.. دەڵێی سەگە بۆرە.. گوێ بە

کێڵ و قەبرەکانیش نادا." لێم بووە مەراق، بۆچی من سەگەبۆر نابینم! بە وردی چاوم گێڕا، بەنێو کێڵ و خۆڵەکانم دەڕوانی، چاوم هەڵپشافت و دووبارە لێیان ورد بوومەوە، هیچم نەدی، حەزم دەکرد ئەگەر گوێم لە سەگە بۆرە، بە چاویش ببینم، بزانم لێرە چ دەکا؟! خەڵکەکەی دەوری گۆڕەکە دەمێک بوو لەگەڵ تەڵقینی مەلا بێدەنگ ببوون.

هەر چاوم دەگێڕا، کێلێکی تەنیشت گۆڕی داپیرە عەقڵ و هۆشی بردم، تاساندمی، لە شوێنی خۆم زەرد هەڵگەڕام، بۆ لەحزەیەک لەگەڵ داپیرە کەوتمە نێو گۆڕەکەی. هەناسەشم تەنگ بوو، چاوم لەسەر نووسینی سەر کێڵەکان هەڵنەگرت، دڵم توند بوو، دەتگوت ئێستە خوێن هەمووی لە دڵمەوە هوروژم دێنێ و بە دەمارەکانمدا دەتەقێتەوە، لە کێڵەکە وردتر بوومەوە، دەمێک بوو ئاگام لە تەڵقینی مەلا نەمابوو، نەمزانی گەیشتوونەتە فاتیحەخوێندن، یان نا؟! لەسەر کێڵەکە نووسرابوو، بە کارەساتێکی دڵتەزین وەفاتی کردووە، کە تەماشای ڕێکەوتەکەکەم کرد، پێنج ساڵ پێش ئێستەیە، فشاری خوێنم دەستی بە کەمبوونەوە کرد، دەتگوت دڵم ئیعازی بە گریان داوە، بۆیە هەر زوو یەک دڵوپ فرمێسک لەبەر تاسان و داماوی، قەتیس ما. نەمزانی کێ لە دەوروبەرمەوەیە، کەسم نەهاتە بەرچاو تەنیا کێڵەکە و بەس.

کەسێ، نەمزانی کێ بوو، لەنێو ڕووناکیی دوورەدەستدا گەڕایەوە، پێ دەچوو لە دواکەسانی ناشتنی داپیرە بێ، ئانیشکی گرتم: "دەڵێی ئاگات لە خۆت نییە!" هەر ئەوەندەم گوێ لێ بوو، نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، دەبوو بڕۆم، لێ جەستەم بە گوێی هیچ

کەسـێکی نەدەکـرد، هەر چـاوم لەسـەر کـێلەکە بـوو، دووبـارە ئانیشـکی گـرتم، گـوتی: "کەس نەمـا.. وەرە بـۆچی دامـاوی؟!" تەماشـای پێیەکـانم کـرد لەدووم نـایەن، زمانیشـم نەگەڕا، دواتـر گوتی: "دەڵێی لاڵ بووی.. سەقەت بووی.. وەرە کەس لێرە نەما!" کە دیتـی بە دیـار کـێلەکەوە مـاوم، گـوتی: "ئەوە کێـیە، بـارام ئیسماعیل محەمەد دەناسی؟" بێدەنگ بووم، دووبارەی کردەوە "چییە؟ دەیناسی؟" بە تونـدی ئانیشـکی گـرتمەوە، بەهـۆش خـۆ هاتمەوە، بە کزی گوتم: "داپیرەش دەیناسی."

هەولێر / ٢٠١٩

# قەبرێکی دیکە

**وتم ئەی ڕووحی ڕەوانم**
**دەمناسی کە من بوڕهانم**
**بولبولی باغی دڵانم**
**بێ پەڕ و پووچ و باڵەوە**
**(جاهید)**

چەند دار پرتەقاڵێک لە یەک ڕیز گەڵا زۆرەکانیان بەسەر دیوارەکە شۆڕ ببوونەوە، کزە بایەکی هێمنیش ئاوێزانی یەکتری دەکردن، بەشێکی ڕەنگی دیوارەکەیان شارد بۆوە، زەردەپەڕی زستانی بێتینی ئەو ئێوارەی هێمنی شارەکە، هێدی هێدی بەنێو گەڵای پرتەقاڵەکان و دیوارەکە دەکشا، ئەو چاوی لێ کرد، گەڵای پرتەقاڵەکان هێندە درێژ دەبوونەوە بەسەر دیواری گشت ماڵەکانەوە هەڵدەگەڕان و پێ بە پێ دەڕۆیشت تا دەرگاکانیشی ون دەکرد، ویستی وردتر دیقەت بدا، کەچی نەیتوانی. خۆی

تەسلیمی ئەو تەماشاکردنە کرد، هەستی نەکرد گێژ دەبێ، دڵی خۆش بوو، هەناسەکانی هەڵی دەمژین، دەتگوت قەندن، یا ماچی شیرینن. لەبەر ئەوە هەر لە گەڵاکانی دەڕوانی، هێندە درێژ دەبوونەوە تا ڕەشاییی جادە قیرە لار و خوارەکە وەک مقەس هێرشی گەڵاکانی بەسەر دیوارەکان قرتاند. لەپڕ وژەیەک بە بناگوێدا تێپەڕی، دڵخۆشتری کرد، بە خۆی گوت: "چ ڕۆژێکە کێشکە هێندە لە ئینسانەکان نزیک دەبنەوە، دەڵێی شەوی ئەنگوستەچاوە، یان شەمشەمەکوێرەکان بۆ عەردی دادێنەوە و هەڵدەفڕن." وژەی دووەم هێندێک بە ئاگای هێنایەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی: "تەیری چی؟" وژەکان زیاد بوون، بەرەوڕووی دەهاتن و دەکەوتنە سەر عەردەکە. هێندێک دوورتر لە پشتییەوە منداڵەکان دەستیان بە هەراوهۆریا کرد، دەتگوت سەردەمانی زووە و هێرش بۆ قەڵایەک دەبەن. سێرەیان لە پیاوێکی سەرخۆش گرتبوو، کە خواروخێچ و شلوشۆڕ هەنگاوی هەڵدێنا، هەستی کرد وژەوژەکان بەتایبەتی ڕوویان لەوە، ڕووی لە منداڵەکان کرد، هیچ جارێک هێندەی ئەم جارەی نەخواردبووەوە، بەتایبەتی لە کاتێکی هێندە زووی خواردنەوەدا، ڕۆژانی پێشوو کە دەگەڕایەوە ماڵێ دنیا تاریک و نووتەک بوو، هەر بەحاڵ تاکسییەکی چنگ دەکەوت.

منداڵەکانی لەناو تارمایی دی، لەوێوە وژەی بەردەکانی هەست پێ کرد، ڕەنگە هێندێک بەردی پێ کەوتبێ، بۆی ڕوون نەبۆوە، پێی کەوتوون، یان نا؟! لەو نێوەدا هەر خۆی و منداڵەکانی هەست پێ کرد، دەنگی هەڵێنا: "هەی شەیتانینە، لۆ وا دەکەن؟!" منداڵەکان

هەرایان کرد، بەردەکانی دەستیان بۆ هاویشتن حازر کردبوو، یەکێکیان گوتی: "دەی شەیتانی ڕەجم کەن!" وژەی بەردەکان زیاد بوون، پیاوەکە هەنگاوە خواروخێچەکانی خێراتر کرد، تەواو لە خانووەکان دوور کەوتبووەوە، کەچی گەڵای دار پرتەقاڵەکان لەگەڵ ڕەنگی ڕەشی جادەکە لە ململانێ بوو، دەیویست خۆی لە شوێنێ پەنا بدا، بەڵام وژەی بەردەکان سەری لێ شێواند. هێشتە هەناسەکانی وەک خۆی بوون، چاوی گێڕا، پەناگەیەکی بەرچاو نەکەوت، یا ئەوەتا وای زانی لە شوێنێکە هیچ پەناگەیەکی لێ نییە.

منداڵەکان وازیان لە پیاوەکە نەهێنا، هەرچەندە گەمەیان دەکرد، بەڵام پێشتر لە شەڕە بەردێکی دۆڕاو گەڕابوونەوە، یەکێکیان گوتی: "با تۆڵەی گەڕەکی تەیراوەش لەو سەرخۆشە بکەینەوە"، یەکێکی دیکەیان هەڵی دایە: "هەم لێی دەدەین و هەم خێریشمان دەگاتێ"، یەکێکی دیکەیان گوتی: "ماوەیەک بوو بزر بوو، ئەوە ئەلعان بەدەر کەوتەوە."

پیاوەکە نەیزانی بڕیاری چی بدا، خۆی دانەواندەوە، بەردێکی هەڵگرتەوە، بە هەنگاوە شلۆقەکانی کەمێ چووە پێش، بەردەکەی تێ گرتن، منداڵەکان کردیانە هەراوهۆریا. منداڵێ لە پێشەوە بوو، گوتی: "ئیف.. دەڵێی میزی باپیرمە!" یەکێکی دیکە گوتی: "کوا.. هێندێک بەردی دیکە بهاوێ!" منداڵەکان دایانە قاقای پێکەنین و بە پێکەنینی یەکتریش پێدەکەنین. دواجار منداڵێک هەردوو بەردی دەستی پێکدا دەدا. شریخەکەی کۆتاییی بە پێکەنینەکان هێنا.

پیاوەکە بە دەست منداڵەکانەوە تەواو جاڕز ببوو، خۆی تاقی کردەوە، لەپڕ هێرشی بۆ بردن، دوو بەردیشی هاویشت، هیچی بە

هیچ نەکرد، منداڵەکان پرتەشیان نەکرد، کەچی وەژوژی بەردەکانی منداڵەکان زیاتر بوون. جاری وا هەبوو لە یەک لەحزەدا دوو وژەی بە بناگوێدا دەهات، لەوە گەیشت بەو هەست و نەستەی هەیەتی، ناتوانێ ڕووبەڕووی منداڵەکان بێتەوە، گوێی لێ بوو، منداڵەکان هاواریان دەکرد: "ڕەجمی کەن.. ڕەجمی کەن." پیاوەکە لە جەستەیدا ببووە دوو نیوە لە بێئاگایی و ئاگایی، نیوەی هۆشیاریی خەریکی منداڵەکان بوو، نیوە دیکەی لە جیهانێکی دیکە بوو، بەڵام هۆشیارییەکەی وەک قاچەکانی شڕ و شلۆق بوون.

بەردێکی بە قوڵی کەوت، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، وژەی بەردەکان زیاد بوون، بەردێکی دیکە هەڵقوزییەوە و بە بەلەکی کەوت. وژە و هێرشی بەردەکان بۆ ئەوە بوون بەرەو جیهانی ئاگایی ببەن، کەچی هێندەی نووکی دەرزی باڵانسی ئاگایی لە جەستەیدا زیادی نەکرد، بەڵام ئەو کاتەی وژەی بەردەکان لەسەری نزیک دەکەوتنەوە، هەستی بە مەترسی دەکرد، ڕەنگە ئەگەر سەری بشکابا، یا ئەستوور بووبا، لەو وەزعەی تێیدایە ئازاری کەمتر دەبوو، هەتا ئەگەر ئەوەش ڕوو بدا، ئەوهای پێی خۆش نییە. نەیدەزانی ئەو منداڵانەی بەردیان تێی دەگرت، ژمارەیان چەندە، حەزی دەکرد بزانێ کەسیان دەناسێ، منداڵەکانی لەناو تەمدا دەدی، جاروبار تەنیا چەند دەستێکی دەدی، بەردیان هەڵداوێشت. یەک هەنگاو چووە پێش، هەندێ ڕووی منداڵەکانی دی، هەر لەناو تەمدا تەنیا دەموچاویانی دەدی. چاوانی هەڵپشکافت، زۆری لە خۆی کرد هەر هیچ نەبێ یەک دووانێ بناسێتەوە، کەسی بۆ نەناسرایەوە. سەرنجی دا یەکێ لە منداڵە

بەردهاوێژەکان وەک خۆی بە دەستی چەپە بەرد دەهاوێژێ، سەرەتا لێی دیار نەبوو، چۆن بەردەکەی گرتووە! بە هاتوهاوارەوە چووە پێش، منداڵەکان کەمێ کشانەوە، هەر لەو منداڵەی ڕوانی بەردێکی دیکەی لە دەستی چەپە مابوو، بڕوای نەکرد، دەتگوت چاوی ڕەشکەوپێشکەی کردووە، دووبارە چاوانی هەڵپشکافت، سەری لەرزاند تا بڕێک هۆشیاریی زیاتری بۆ بگەڕێتەوە، منداڵەکەی بە تەواوی دیت. سەری سوڕما، هەرگیز بڕوای نەکرد، ئەوە خۆیەتی بەس لە عومرێکی دیکە، ئەوە خۆیەتی بەردی لە دەست گرتووە و لە خۆی دەگرێ، بە خۆی گوت: "ئای... ئەوە کێیە بەردم تێ دەگرێ؟!"

لە منداڵەکانی دیکەیشی ڕوانی، بێجگە لەو هیچ منداڵێکی دیکەی نەناسییەوە، هاواری کرد: "بورهانتان لەگەڵە؟" منداڵێ گوتی: "بورهان کێیە؟!" یەکسەر وەڵامی دایەوە: "مامۆستا بورهان." منداڵەکان لەو لەحزەیەدا بەردیان نەدەهاوێشت، هەموویان پێکەوە دایانە قاقای پێکەنین و تریقانەوە. منداڵە گەورەکەیان گوتی: "سێزدە ساڵی دیکە ئەمن دەبمە مامۆستا بەس ناوم مامۆستا بورهان نییە." منداڵێکی تەنیشتی هێندە پێکەنی، سکی خۆی گرتبوو، لە تاوی پێکەنین خۆی نووشتاندبۆوە. منداڵە گەورەکە هەڵی دایێ: "یەڵڵا با پێکەوە ئەو شەیتانە بەردباران بکەین، یەڵڵا خێرمان دەگاتێ."

پیاوەکە هەر زەینی بەلای ئەوە بوو، کێ بورهانە؟! چەندان وژەی بەردی گوێ لێ بوون، ڕەنگە بەردێکی بە شانی کەوتبێ، یا دەستی، هەستی نەدەکرد هێندە ئازاری بدا، سەرەتا گوێی پێ نەدا،

بەڵام لەژێر هورووژمی بەردەکان، کشایە دواوە. منداڵەکانی دەدی لەنێو تەمدا دەسووڕانەوە، دەمێک پێڵوی چاوەکانی قورس دەبوون، بە وردی لە تەمەکەی دەڕوانی، بەرە بەرە تەمەکە بەرەو لێڵی و لێڵتر دەچوو، کراسە سوورەکەی سەردەمی منداڵیی خۆی دیت، ڕەنگی کراسەکە تەمەکەی سپیتر کردبوو، ڕەنگی جلوبەرگەکانی دیکە کاڵ دەبوونەوە، دەمێک چالاکیی منداڵە کراس سوورەکە سەرنجی ڕادەکێشا، دەمێک دەچووە لەزەتی گوێ لێبوونی هەناسەکانی خۆی. وەک ئەوەی دامابێ، تەنیا لەوی دەڕوانی، منداڵە کراس سورەکە بە هەموو لایەکدا دەسووڕایەوە، جاروبار سووک، یا گران گوێی لە وژەی بەردەکان دەبوو، دووبارە هاواری کرد: "بورهان.. لەناو ئەو منداڵانە چ دەکەی؟!" هیچ وەڵامێکی نەبیست. دەنگی قاقای پێکەنین و تریقانەوە بەسەر وژەی بەردەکاندا زاڵ بوو، پیاوەکە وازی نەهێنا: "بورهان کەنگێ هاتوویە ناو ئەو منداڵانە؟!" بە کزی گوێی لە هاواری منداڵەکان بوو: "شێتە ... شێتە ... شێتە ... شێتە ..." هەستی کرد ڕیتم و ئیقاعێکی دڵخۆشکەر لە هاوارەکەیان هەیە. کەچی هیچ بایەخێکی بە جنێوەکە نەدا. هەناسەدان و وەرگرتنەکانی لەزەتی پێ دەبەخشی، وردە وردە گوێی لە تەنیا دەنگێک دەبوو، نەیزانی دەنگەکە لە کوێ دێ؟! خەریکبوو بە خۆی بڵێ: "ئەگەر چاو و گوێشی دابخا، دەنگەکەی لێ نابڕێ". هێواش هێواش دەنگەکە بەسەر دەنگی منداڵەکان زاڵ دەبوو، کەچی هەر ئەوەتە دەیزانی: "شێتە ... شێتە ... شێتە ... شێتە ..." لە دوور.. یان دوورتر دەنگی دێ، پێڵووی چاوەکانی هەڵگلۆفی و هاواری کرد: "بورهان، هیچی

که بەردان مەهاویٚ!" تەماشای حەشاماتی منداڵەکانی دەکرد، تەنیا جموجوولی منداڵێکی کراس سووری هاتە بەر چاو، منداڵەکە گوتی: "ئا.. بەردت تیٚ دەگرم."

پیاوەکە هەستی کرد لە شوێنێکی قووڵەوە دەنگەکە دیٚ، وەک ئەوەی شیعرێک بخوێنێتەوە، قامکەکانی هەڵبڕی و گوتی: "ئیٚ.. لۆ بابە بەردم تیٚ دەگری؟" منداڵەکە دەستی بە کراسە سوورەکەی سڕی، بیٚ ئەوەی تەماشای عەرزەکە بکا، بەردێکی بچووکی کەوتە دەست، بەنێو تەمەکەدا دەهات و دەچوو. دەتگوت بەتەنیا خۆی لەوێیە، هاواری لیٚ هەستا: "ئەتۆ لۆوەی باشی بەردبارانت کەم." پیاوەکە لەبەر خۆیەوە وەک خەندەیەک بکا تەماشای منداڵەکەی کرد: "ئیٚ خۆ کوڕم هێلانەی پەڕەسێلکەم تێک نەداوە!" منداڵەکە بەردەکەی هاوێشت، لەبەر گۆزینگی پیاوەکە هەڵقۆزییەوە، ئەویش هێندە بەردەکەی بۆ گرینگ نەبوو. منداڵەکە هەڵی دایی: "ئەی ئەتو.. دارلاستیکەکەمت نەشکاند؟!" پیاوەکە ویستی فکر بکاتەوە کەی ئەو کارەی کردووە، بە سووکی فشاری خستە سەر یادەوەرییەکانی، هیچی بیر نەکەوتەوە، هەوڵی دا بزانیٚ لە چ ماوەیەکدا بووە؟! کەی؟! چۆن؟! نەیتوانی بگەڕێتەوە هیچ زەمەن و شوێنێک. ناچار وازی لە یاردەوەرییەکانی هێنا. پێی گوت: "بابە وەڵڵا.. ئەمن نەمشکاندووە، ئاخر ئەمن دەناسی، دەزانیٚ ئەمن کێم؟" منداڵەکە نزیک نەکەوتەوە، دەستی گێڕا بە عەرزەکە تا بەردی دیکە هەڵگرێتەوە، وەڵامی دایەوە: "ئەدی کو ناتناسم، زۆر باش دەتناسم." پیاوەکە ڕووی بەلای دار پرتەقاڵەکاندا سووڕاند، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، دەنگی لیٚ هەڵبڕی: "باشە ئەمن کێم؟

کوڕی کێم؟ چ کارەم؟" منداڵەکە هەستایەوە، خۆی قیت کردەوە، چنگێکی پڕ بەردی بە کراسە سوورەکەیەوە نووساند، وەڵامی دایەوە: "ئەتو ناوت بورهانە، مووەزەفی لە دائیرەی، بابت ناوی محەمەدە و باپیرت ناوی بورهانە." پیاوەکە سەرسام ما، ویستی بە وردی لێی بڕوانێ لە ئێوارەی کورتی زستاندا، لەو لەحزەیەدا سێ ڕەنگی دیت، سەوزاییی گەڵای دار پرتەقاڵەکان کشابوونە نێو تەمێکی سپی، کراسێکی سووریش دەتگوت لە سەمادایە، دەچووە سەر سەوزاییی گەڵای دار پرتەقاڵەکان و دەگەڕایەوە. پیاوەکە سەری ڕاوەشاند، لەگەڵ ئەوەی وێنەی منداڵە کراس سوورەکەی لە تەمتوماندا دی، کەچی سەرچاوەی دەنگی منداڵەکەی بۆ کەشف نەبوو.

دەنگی وژەوژی بەردەکان بەنێو هەوا ساردەکەدا، لەو کاتەی منداڵەکە بێدەنگ دەبوو، زیادی کرد. لەو لەحزەیەی هەردوو دەنگی وژەی بەرد و منداڵەکە نەدەما، بە حاستەم گوێی لێ دەبوو، هاوارێک لەوان هەڵدەستا: "شێتە ... شێتە ... شێتە ... شێتە ..." هەر مێشکی بەلای منداڵە کراس سوورەکەوە بوو، تۆزێ چاوی هەڵگلۆفی، لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەبێ ئەو هەتیوە هەویەکەی منی لا نەبێ". بە دەستی گیرفانی سەر دڵی پشکنی، بڕەپارەیەکی کەم و کاغەزێک و ناسنامەکەی و قەڵەمێکی هەست پێ کرد، لەگەڵیشدا گوێی لە وژەی بەردێ بوو.

ویستی بەرەو منداڵە کراس سوورەکە بچێ، کەچی هورووژمی وژەی بەردەکان لە جێگەی خۆی وەستاند، دوو بەردی بچووکی هەست پێ کرد، بەر دەستی و ڕانی کەوتن، لەگەڵ ئەوەش هیچ

ئازارێک بە جەستەی نەکەوت. هاواری لە منداڵەکە کرد: "هێی وەرە.. بزانم چۆن دەمناسی؟" کەمێک گوێی لە پێکەنین و تریقانەوەی منداڵەکان بوو. هەناسەکانی خۆی هێندە پێ ڕەوان بوون، هێندەی هەڵدەمژی، چێژی بە تەواوی جەستەی دەبەخشی، دووبارە بە تەنیا ڕووی لە منداڵە کراس سوورەکە کرد، خۆی نەیزانی هاوار دەکا، یان نا! پێی گوت: "بابە... دەزانی ئەمن شاعیرم، پێش ئەوەی مووەزەف بم، شاعیرم. بێجگە لە قەڵەم و جگەرە و شەڕاب، هیچی دیکە شک نابەم، هیچی دیکە ناناسم، بە قەبری ئەوەی ئەتو خۆشت دەوێ، بە حەیاتی پێم لە مێرووسانەکی نەنایە، ئەوجا دارلاستیکی تۆم شکاندبێ ... نا... نا... ئەوە من نیم ... ئەتو غەڵەتی."

چاوی لە تەمەکە کرد، هێواش هێواش سپیایەتیی تەمەکە ڕەنگەکانی دیکەی ون دەکرد، منداڵە کراس سوورەکەش زیاتر و زیاتر دەچووە قووڵاییی تەمەکە. بە هەناسەکانی دووبارە دڵی خۆش بوو، دەنگی وژەوژی بەردەکانیش بڕان، لەنێو تەمە ساردەکەی دەوروبەریدا یەکسەر سێبەری پیاوێکی کەتە و زل، دیمەنی منداڵەکانی لێ گرت. پیاوە کەتەکە بن پیلی گرت، پێی گوت: "کاک بورهان، بەو ئێوارە درەنگە لێرە چ دەکەی؟ ئەتو هەر شەوان ئەو بەزمەت ساز دەکردا!"

بورهان چاوی لە پیاوەکە کرد، تەواو نەیناسییەوە، تەنیا هێندە هەوڵی دا بۆنی دەمی، پیاوەکە بێزار نەکا، خۆیشی نەیزانی چۆن گەیشتۆەتە ئێرە، پیاوەکە درێژەی بە قسەکانی دا: "ئەمن دەناسی؟!"، ئەویش بۆ ئەوەی بێوەڵام نەبێ، لە جیرانەکانی

پیاوێکی شک برد، کە زۆر جار یارمەتیی دابوو، بۆیە وەڵامی دایەوە: "ئەتو مەلا مووەفەق نیی؟" پیاوەکەش کە لە جێی خۆی وەستابوو، سکی پێی سووتا، پێی گوت: "کوڕە مەلا مووەفەقی چی؟ ئەمن سابیری حەرەسم." لەو لەحزەیەدا کەمێکی لەبیر بوو جیرانەکانی بناسێتەوە، ئەگەرچی زاکیرەی زۆر ڕووداوی سەیروسەمەرەی لەگەڵ جیرانەکانی تێدا بوو، کەچی حەزی نەدەکرد ناویشیان بێنێ. ویستی هەنگاوێک هەڵێنێ و ڕێ بکا، پێیەکانی تێک ئاڵان، پیاوەکە بن پیلی بەر دا، وای زانی بۆ خۆی بەئاسانی دەڕوا، ئەویش چاوەڕوانی پیاوەکە بوو یارمەتیی بدا، لەپڕ قاچی نووشتایەوە و کەوت، پیاوەکە هەردوو بن هەنگڵی گرت، بە هەموو هێزی خۆی هەوڵی دا بەرزی بکاتەوە، لەپڕ گوتی: "دەک ماڵت نەشێوێ، ئەوە بۆ هێندە قورس و گران بووی، دەڵێی نەفەرێکی دیکەت لەگەڵ خۆت هەڵگرتووە؟" بورهان لەو کاتە بێئاگا لە پیاوەکە، پێی گوت: "ئەتۆش منداڵەکە دەناسی؟" پیاوەکە هەر کە گوێی لە وشەی منداڵ بوو، بیری کەوتەوە، چەند لەحزەیەک پێشتر ئەو منداڵانەی بەردیان لە بورهان دەگرت، پاسی کردن، دووری خستنەوە. ڕەنگە چووبنە کۆڵانێکی دیکە، پێی گوت: "منداڵی چی! هەموویان ڕۆیشتن، ئەتو دیارە وەجبەی بەردبارانی منداڵانت هەیە، بۆیە فشەت بە شەڕی ژنەکەت دێ، هەر گوێی پێ نادەی."

پیاوەکە هێز و تینی زۆری بە خۆی دا، هەستی بە بۆنێکی غەریب کرد، بێزی لێ دەبۆوەوە، بە توندی بورهانی گرتبوو نەکەوێ. پێی گوت: "پیاوێکی بێئیغباری، ئەتو مووەزەفی، خوا

دەست و قەڵەمی دایێ، نازانم لۆ بەدووی ئیشەکی دیکەش ناکەوی!"

بورهان تەماشای قاچەکانی خۆی کرد، عەرزەکە وەک مێرووولە ورد ورد لەبەر پێیەکانی دەڕۆیشت، دواتر مێرووولەکان لە پەنجەی پێیەوە بەنێو دەمارەکانی خوێنییەوە بە جەستەیدا هەڵدەکشێن. دەستی لەسەر شانی پیاوەکە دانا، پیاوەکەش هەنگاوی هەڵێنا: "وەرە با ڕێیماڵەوەت پێ نیشان دەم، درەنگم بەسەر دادێ، ئەوەش بەخت و ناوچەوان، ئەمن شەوان لە ماڵ و ژنی خۆم دوورم، بزانە ئەتووش شەوان چ بە خۆت دەکەی، هەتا بن کەپووت قوزەڵقورتی دەخۆیەوە، ئەو ژنە جوان و جاعێڵەت بەتەنیا جێ دێڵی، ئەمنیش بە حەرەسیاتی جێی دێڵم، تف لەو کاسبیەی، خوایە شوکر." پیاوەکە دەمی خستە بن گوێی: "ئەها... چوار کۆڵانی دیکە ببڕە، کۆڵانی پێنجەم یەکسەر دەگەیەوە ماڵێ، بەس ئەگەر بە گوێم دەکەی ڕاست و ڕاست بڕۆ دەگەیەوە ماڵێ." لەوێ لە نزیک عامودێکی کارەبا جێی هێشت.

لێرە لە کۆڵانە درێژەکەی ڕوانی، هەستی کرد بە ئێرەدا ڕێگەیەک دەیباتەوە ماڵێ، چاوی لە عاموودەکە کرد، ئاسنە ژەنگاوییەکانی فەزای بەردەمیان قاوەیی کرد، هەر هێندەی دەزانی تا ئەو تەمەنە دەیان چیرۆک و بەسەرهاتی لەگەڵ ئەو عاموودانە هەن. دووبارە هەمان بۆن و هەمان ڕەنگی بەسەر وێنە ناتەواوەکانی زاکیرەی تێ پەڕین. کەچی جودا لە بۆن و ڕەنگ، عاموودەکە دنگەیەکی بەرزی لێوە هات، لەو کاتەی دەستی بە عاموودەکەوە گرتبوو، بەری دا. لە جێگەی خۆی سڵمییەوە، لە

ماوەیەکی کەمدا تەمە چڕەکەی زستانی ئێوارەی بەردەمی لە بەر چاویدا پڕ بوون لە منداڵ.

لەنێو تەمەکەدا منداڵەکان قۆڵ و باسکیان بەرز دەبۆوە، لە جوولەیەکی بەردەوامدا بوون، پێ دەچوو ژمارەیان لە جاری یەکەم زیاتر بێ، وژەوژی بەردەکانیش ڕوویان لە هەڵکشان کرد، چاوی لێ کرد، ڕەنگی کراس و جلوبەرگی منداڵەکان لەنێو تەمەکەدا وەک فڵچەیەک بە دەست منداڵێکەوە هەر جارەی ڕەنگێک بە تەختەی نیگارکێشک بکێشی، وا بوو. ڕەنگەکان بەنێو تەمەکەدا مەلەیان دەکرد، دەنگی قاقای پێکەنینیش تیژتیژ لە کەللەی دەدا.

تەماشایەکی ئاسمانی کرد، حەزی دەکرد سەر تەلی کارەبای عاموودەکان پڕی تەیروتواڵ با، لەژێر نەشئەی خۆیدا دەرنەچووبوو، چەند بەردێک دنگەی لە عاموودەکەوە هەستاند و لە بەردەمی هەڵدەقۆزینەوە، نەک هەر دەنگەکانی، بەڵکوو پێکەوتن و هورووژمی بەردەکان خەریک بوو بەرەو لایەکی دیکەی ببا. ئەو کاتەی بەردێکی دیکە تەقەی لە تەنەکە زبڵەکە هێنا، بە هەنگاوە خواروخێچەکانی خۆی لە پشت عاموودەکە پەنا دا.

ڕەنگەکانی جلوبەرگی منداڵەکان لەنێو تەمەکەدا گەمەیان دەکرد، ڕەنگێکی نەدی بەسەر هەموو ڕەنگەکاندا زاڵ بێ، سوور، سەوز، زەرد، ڕەش، قاوەیی، مۆر، یا هەر ڕەنگێکی دیکە بە جودا سەمایان دەکرد. کێ ناڵێ ئەو ڕەنگانە دەیەها وشەی غەزەلێکن؟! یان چەند ڕوباعیاتێکن؟! هەر ئەو ڕەنگانەن دەبنە وشە. بەردێک نە بچووک، نە گەورە بە نزیک دڵی لە خوار گیرفانی کراسەکەی کەوت، لە خۆشەویستیی ڕەنگەکان هەستی بە ئێش نەکرد، دەستی

لەسەر دڵی دانا، "ئێرە کوێیە؟ ئا ئەوە لێرەیە وەک کوێرێک بەردەوام دەستی دەگرێ و بۆ هەر کوێ بیەوێ دەیبا." لەوێ بەسەر منداڵەکان هاواری کرد: "ئەنگۆ بەردم تێ دەگرن، خۆ هێندە گران نییە، بەس ئەمن شیعرتان تێ دەگرم." دەنگی قاقا و پێکەنین و تریقانەوەی زۆر لەگەڵ چەند وژەیەکی بەردەکان تێکەڵ بوون، دەنگەکان لەسەر باڵی بەردەکان دەگەیشتنە عاموودەکە، بە خۆی گوت: "ئەوە بە منداڵەکان دەڵێم، یان بەردەکان، بە هەردووکیان، نازانم! بێجگە لەو دووانە کەسی دیکە گوێی لێم نییە!" بەردێک بەر عاموودەکە کەوت، خەریک بوو میزاجی تێک دەدا، لە ئاسمانەکەی ڕوانی، ڕەنگەکانی جلوبەرگی منداڵەکان هەڵدەکشان.

وژەی بەردەکان ناچاری کرد خۆی بە عاموودەکە بنووسێنێ، لەو دەمەدا وژەکە دەنگێکی لەگەڵ خۆی هێنا: "دەی.. ئەتووش بەردمان تێ بگرە، ئەمە هەر ئەوەی دەزانین." بە وژەی بەردەکان دڵگران نەدەبوو، بەس حەزی نەدەکرد دنگەی عاموودەکان بەرەو هۆشیاریی ببەن. لەنێو وژەی بەردەکاندا دەنگێکی دیکەی بیست: "ئەمن زانیومە یەک جار شیعر لە خەڵکی بگیرێ، بەدرانی برام شیعرێکی لە کاغەز نووسی و ئەمنیش لە حەوشەی جیرانەکەم گرت." لەگەڵ دەنگی قاقا و پێکەنین و تریقانەوە، فیکەش بەرز بووەوە، وژەی بەردەکانیش هێواش بوونەوە.

لەگەڵ ئەوەی بورهان تۆزێ هەستی بە بۆنی ژەنگی عاموودەکە کرد، پێی گوتن: "بۆ بەردان داوێن؟ بۆ وا دەکەن؟ لێ گەڕێن با بچمەوە ماڵێ؟!" دەنگێکی گڕ لەنێو تەمەکەوە هات، هیچ بەردێک نەیهێنا: "ئەتۆ قوزەڵقورتت سندان کردووە، خۆت نەدیوە،

بوویە عارەبانە!" دەستی لە قەڵەمەکەی سەر گیرفانی دا، هەستی کرد حوبرەکەی ڕژاوەتە سەر کراسەکەی، حوبرەکە لینچ نەبوو، بە پەنجەکانی تەڕاتییەکەی هەست پێ کرد، بە خەندەوە پێی گوتن: "دە.. باشە، ئەوە ئەمن عارەبانەم، ئەنگۆش کەرەکەن."

ڕەنگەکانی نێو تەمەکە زیاتر دەستیان بە جوولە کرد، هێدی هێدی زیاتر بەسەر تەمەکە دەکەوتن، دەنگێکی دیکە لەنێو ئەوانە بەرز بۆوە: "شەیتان .. شەیتان" لەگەڵ زیادبوونی وژەی بەردەکان، جارجارە دنگەی لە عامموودەکان هەڵدەستاند، چەند دەنگێک بە یەکەوە هاواری "شەیتان .. شەیتان" فەزاکەی داگیر دەکرد.

سێ بەرد بە دوای یەک بەر عامموودەکە کەوتن، دنگەکەیان هەتا بنەبانی مێشکی چوو، چەند وژەیەکی دیکە لە تەنیشتەکانییەوە تێپەڕین، هەستی کرد، بەردبارانە چڕ بۆتەوە، چەند بەردێکیش بەر جەستەی کەوتن، ویستی ڕێگەیەک بۆ هەڵاتن بکاتەوە، تازە دەستی لە چوونەوە ماڵێ شووشت. لە دوو هەنگاودا کەوت، قەڵەمەکەی لەسەر گیرفانی بەر بۆوە، وژەی بەردەکانیش بواری ئەوەیان نەدا، بە دوایدا بگەڕێ. هەستایەوە هاواری کرد: "بۆ وام لێ دەکەن، خۆ داکتانم نەگاوە!" هێندی هێدی ڕەنگەکانی نێو تەمەکە گەورەتر دەبوون، وژەی بەردەکانیش زیاتر، چەند دەنگێکی بەهێز، بەهێزتر لە وژەی بەردەکان لەگەڵ وژەکان بڵاو بوونەوە: "هۆی ها... هۆی ها... هۆی ها... هۆی ها..." دەنگی هیچ پیاوێکی نەبیست، کەچی دەنگێ پێی گوت: "شاعیر

چۆن دەبێ جوێن بدا، بەتایبەتی بەو منداڵانە، ئەو وشانەی جوێنن، هی ئەو نین."

گوێی لە چەند دەنگێک بوو بە یەکەوە دەیانگوت: "یالڵا ... هجوم"، ڕەنگەکانیش لە بەر چاویدا تەمەکەیان داگیر دەکرد، لە هەمان کاتدا وژەی بەردەکان بووە دەنگێکی نەپچڕاو، جگە لە ڕاکردن هیچ بوارێکی بۆ نەمایەوە. پشتی لە منداڵەکان کرد، پشتی لە ماڵەوە کرد، خۆیشی نەیزانی چۆن هەنگاو دەنێ، ڕووی لە فەزایەک کرد، تێکەڵوپێکەڵ. هەناسەکانی خێراتر هاتوچویان دەکرد، خێرا ڕای دەکرد، دەمێک وژەی بەردەکان دەپچڕان، دەمێکیش گوێی لێ دەبوون، بە هیچ جۆرێک ئاوڕی لە دواوە نەدایەوە، دەیزانی هەندێ بەردی پێ کەوتوون، بەڵام نەک بەسەر خۆی نەدەهێنا، بەڵکوو پێی وا بوو ئێشی نییە! دوور کەوتەوە، لە شارەکە دوور کەوتەوە، بەرەو کەنارەکانی ڕای دەکرد. ناوە ناوە گوێی لە دەنگی منداڵەکان دەبوو، وژەی بەردەکانیش دەهات و دەپچڕا. لە بەرامبەریدا پڕۆژەی مەجرایەکی تەواونەکراوی دی، مرۆڤێک بەئاسانی دەیتوانی بەنێو بەردە لوولەکانی گوزەر بکا. چەند بەردێکی لوولی مەجرا، جودا جودا بڵاو ببوونەوە. هەستی کرد بەردەکانی منداڵەکان لەسەر ئەو بەردە زلانە هەڵدەقۆزنەوە، یەکسەر چووە نێو ڕێڕەوێکی درێژی بەیەکەوەلکێنراوی بەردی لوولی مەجرا کە لەنێو زەویدا کێشرابوو. تەماشای دواوەی نەکرد، داخوا منداڵەکان دێنە ناو ئەو بەردانە. ڕای کرد دەنگی هەناسەی خۆی تەنیا دەنگ بوو، گوێی لێ بێ. لەگەڵ ئەوەی هێشتا دنیا تاریک دانەهاتبوو، نێو بەردە بۆش و زلەکان پڕ بوون لە

تارکییەکی بێ دەریچە، وژەی بەردی منداڵەکانیش بە یەکجارەکی پچڕایەوە، بێجگە لە هەناسەی خۆی، هیچی دیکەی نەبیست. هەرچەندە هەنگاوەکانی خواروخێچ بوون، کەچی ڕاکردنی بەنێو بەردەکاندا هێواش کردەوە، بۆ ئەوەی سەری پێیان نەکەوێ، دەستی هێواش هێواش بە سەقفی بەردەکانەوە دەخشاند. ئەو کاتەی بۆنی شێی عەردەکە تێکەڵ بە هەناسەکانی دەبوو، نەشئەیەکی خۆشتری بۆ دەگەڕایەوە. بەنێو تاریکییەکاندا ڕێی دەکرد، نەیدەزانی چ ڕێگەیەکە، پێی وابوو، چەند بچێتە قووڵاییی تاریکییەکان، لەو شارە کۆنە دوور دەکەوێتەوە.

پاش دەمێک ڕاوەستا، هەستوخوستی خۆی ڕاگرت، هیچی نەبیست، دەنگەکە هەر هی هەناسەکانی نەبوو، هی دڵ و سەر و هەنگاوەکان و تەواوی جەستەی بوو. دوای سەرکێشییەک کە قەت تەوەقوعی نەدەکرد، پێویستی بە حەسانەوە بوو، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا لە تاریکایی نێو بەردە لوول و زلەکانی مەجرا لێی درێژ بوو، هێندەی نەبرد خەوی لێکەوت. هەموو ئەوانەی بەسەری هاتبوو، بردییە خەوێکی قووڵ، دیتی بەسەر فەرشی سەوزەگیای بەهاران هەزاران پەپوولە دەفڕن، پەپوولەکان بەو ڕۆژی ڕووناکە شەوبۆیان دەپرژاند. هەرکەسێ هەناسەی هەڵکێشابا، لەگەڵ پەپوولەکان بە ئاسمان دەکەوت. دەمێکی دیکە باران باری، بارانێکی هەنگوینی، شیلەی هەنگوینەکان بەسەر قەد و لک و گەڵای درەخت و دەوەنەکانەوە دەڕژا. هەر زوو خەوێکی زۆر قووڵ و خۆش بردییەوە. دەورەیەکی تەواو نوست.

نەیزانی چەند نوست، لە خەو هەستا، کاتێ چاوی کردەوە لە تاریکییەکی چڕ نقووم ببوو، دەتگوت تاریکی بەستوویەتی و یەکسەر هەناسەی تەنگ کرد، هەستایەوە سەر پێ، سەری بە بەردەکە کەوت، دڵی داخورپا. بە خۆی گوت: "یا ڕەبەلعالەمین ... ئەوە لە کوێم؟" بێجگە لە تاریکی هیچی نەدی، ناچار تەماشای خۆی کرد، نەک سەرسام بمێنی، بەڵکوو ترس و بیم سەراپا گیانی داگیر کرد، بە خۆی گوت: "کێ ئەو خامە سپییەی لەبەر کردووم؟!" لەگەڵ لەرزینی تەواوی جەستەی دەستی بە نووزەنووز کرد، گوێی لێ بوو، بنەماڵەکەی خزم و کەسوکار و هەندێ هاوڕێی لەگەڵ پیاوێکی کە چەفییەیەکی سپیی لە سەر بوو، بەجێی دێڵن، بەرامبەر ئەوان زمانی شکابوو، تەنیا لێی دەڕوانین، هێدی هێدی وێنەی پشتی هەموو ئەو کەسانەی دەدی کە دەچوونە نێو تاریکییەکی دیکە، تا بەتەواوی ون بوون و ئەسەریان نەما.

سەری بەرز کردەوە دوو کێلی دیت، تازە دانرابوون، لەسەر یەکێکیان نووسرابوو، (کول نەفسین ذائیقەتولمەوت) هاواری کرد: "خوای گەورە لە کوێم؟" گوێی لە دەنگدانەوەکەی نەبوو. بۆنی خۆڵێکی بۆ هات تازە ئاوپڕژین کرابێ، کشومات بوو، نەک دەنگی چۆلەکە و باڵندە، هیچ شتێ نەدەبیسترا، ڕەنگە جێی پێی مێروولەش هێشتە ئەسەرێکی نەبووبێ.

دەنگێک، بگرە چەند دەنگێکی مەزنتر لە هەورەتریشقە، نەک پەردەکانی گوێی دڕاند، قووڵاییی ڕوحیشی لەرزاند، بەڵام هەستی بیستنی لە دەست نەدا، دوو نووری ڕەشی شینباوی دیت، کە

مەودای پانی و درێژیی چاوەکانی داگیر کردبوو، ڕووی بە لای ڕاست و چەپ سووڕاند، بێجگە لەو دوو نووره هیچی دیکەی نەدی، دوو هێزی مەزن بەنێو تاریکییەدا لەگەڵ هەر هەنگاوێکیاندا دەنگی زۆر مەزنتر لە هەورەتریشقە، دڵ و دەروونی دەتاساند. هەستی بە بارودۆخی خۆی کرد، وەک حاڵی دڵ لەنێو قەفەزەی سینەدا. لەنێو ئەو تاریکییە بێکۆتاییە، بۆ خۆی سەراپای دڵ بوو. ڕووناکاییی چاوانی هەردوو نوورەکە، بەرقێکی تیژتێپەڕ بوو، ددانەکانی بەو کووره ئاگرەی نێو دەمی دەبریسکایەوە. هەناسەکانیان گیڤەی بەهێزترین ڕەشەباش نەدەگەیشتە تۆزی پای، هەریەکیان عاموودێکی گەورەی بەدەستەوە بوو، بە نینۆکەکانیان یەک جار دەیانتوانی هێندەی چەند زەریا هەڵبکۆڵن، ئەگەر لە شوێنی خۆی وەستابووایە، هیچ هێزێکی زەوی و نەفەرەکانی نەیاندەتوانی بیجوولێنن. بورهان هەموو ئەوانەی بە چاوی خۆی دیت و هەستی پێ کرد.

لەنێو تاریکییەکەدا چەند نوورێکی ڕەش لە برووسکە خێراتر لە ئاسمانەوە دابەزین، دەموچاویان ڕەشێکی قەترانی بوو، هەرچی ئامێری مەسخ هەبوو، لایان بوو. شیلەی قەترانی دەم و چاویان هەڵدەڕژایە نێو ئامێرەکانی دەستیان، ئەو ئامێرانە پڕ بوون لە وێنە، وێنەی بەد و دزێو و ناشرین لە هەموو گەردوون کۆ کرابوونەوە، ژمارەیەکی بێکۆتاییی وێنە، کە مێشکی مرۆڤ هێشتا نە لە ماتماتیک ژمارەی بۆ داناوە، نە قەت تەسەوری کردووە.

بورهان هەستی کرد چەند دڵۆپێکی قەترانی بەد و بێزەوەر ڕژایە نێو گڵە بۆن شێدارەکەی تەنیشتی، وەک تیزاب دڵۆپەکان

دەچوونە نێو ناخی زەوی و شۆڕ دەبوونەوە. چزەی دڵۆپەکان لە مێشکی دەزرینگانەوە. لە کەمتر لە چاوتروکانێکدا دیتی ڕەشکاییەکان دەلەرینەوە و پاشان لە بەردەم پیاوێکی بەرامبەریدا دانیشتن، تازە درکی کرد پیاوێکی لە تەنیشتە. ڕەشکاییەکان بەدترین و دزێوترین و بێزەوەرترین وێنەیان بۆ هەڵبژارد. دواتر نوورێکی دیکە هەڵڕژایە سەر پیاوەکە، باڵەکانی لە سنووری چاو و بینین بەدەر بوون، بە دیتنی تەنگەنەفەس دەبوو، هێڵێک دەکەوتە نێوان جەستە و ڕوحی. دواجار نوورەکە لەسەر سەری پیاوەکەی بەرامبەری گوتی: "ئەی نەفسی بەد، ئەی نەفسی خەبیس، لەو جەستە پیسە دەرکەوە!" نوورەکە تووڕە بوو، نەک وەک ئەوەی مس لەسەر منداڵێکی ترساو بتوێننەوە، بگرە خراپتر، وێنەیەک خەریک بوو لە جەستەی پیاوەکەوە دەردەچوو، هاوار و ناڵەی پیاوەکە تێکەڵ بە تاریکییەکە ببوون، وێنەکە وەک چۆن تەنکترین پەلکی پیاز لەنێو درک و داڵێکی چڕ ڕابکێشرێ، تەعبیری لێ دەکرا. هاوار و ئەشکەنجەی دەگەیشتە کەشکەڵانی فەلەک، یەکسەر دەچووە نێو ئامێرەکان، پێش ئەوەی دەرچێ، ئەو وێنە نەدیتراوە، بۆنە گەنیوەکەی مرۆڤی دەخنکاند. کە لەوێ دەردەچوو خۆزگەت بە بەدترین و بێزەوەرترین بۆن گەنیو دەخواست، لەوێ بەرزی دەکەنەوە و دەیگەڕێنن، تا وێنە نەدیتراوە بێزەوەر و بەدەکەی دەخاتەوە دڵییەوە، دواتر دەیبەن لە قووڵاییی زەوییەکاندا فڕێی دەدەن، تا دەگەڕێتەوە نێو جەستەکەی. دڵی هێندە بەهێز لێی دەدا، دەتگوت ها ئێستا لە جەستەی دەردەچێ، دەفڕێ، تەواوی

نینۆکەکانی دەست و پێی ڕەش ڕەش بوون، ڕەشاییەکان دەبوونە شلەیەکی تۆقێنەر، چزەیان لە پەنجەکانی هەڵدەستاند.

هەردوو نوری ڕەش لێپرسینەوەیان لەگەڵ پیاوەکەی بەرامبەر بورهان کرد. دەنگەکانیان وەک تەقینەوەیەکی گەورە وا بوون، نووزەیەکی کزیش وەڵامی دەدایەوە: "نازانم! نازانم! نازانم!" پۆلووی خەڵووز و بڵێسەی دووکەڵاویی ئاگری چڕ و تاریک ڕژایە ناخی پیاوەکە. هەر بە یەکجاری دەرگەی ئاگری بۆ کرایەوە، شەرواڵێکی ئاگری لە بەر کرا و کراسێکی ئاگرینی بە جەستەیەوە نووسا. بۆنی چزەی گۆشت بەرەو خنکانی برد، ترپەی دڵی بە کوتەکوت کەوت، هەناسەی تەنگ بوو، دەتگوت لە زیندانێکی ئینفرادیی تاریک تاریک، دیوارە قەترانییەکانی دێنەوە یەک، هەستی کرد دیوارەکان هێندە دێنە پێش پەراسووەکانی لە بەر جەستەی دێتە دەرێ، لەو دەمەدا پیاوێکی دزێو و بەد و بێزەوەر، دەتگوت هەزار ساڵە بەردەوام دەموچاوی گڕوو بووە و بۆگەنیویشی عومری هەزار ساڵ بوو، گێژیی دەتەنی و پێی گوت: "ئەمن کار و کردەوە و عەمەلی تۆم."

پیاوەکەی بەرامبەری لەنێو ئازارێکی ڕوحیی قووڵدا، هێشتە خۆزگەی دەخواست کە ڕەنگ و ڕووی قەترانییەکی تۆخ بێ، نەک ئەوەی بەسەری هاتووە. ئارامی لەبەر بڕابوو، بە گریان و داد و فیغانەوە ڕووی لە بورهان کرد و گوتی: "دەمناسی کە من بورهانم؟" ئەویش لە کاتێکدا وێنەکانی لە تاریکیدا دیتن، حەیران و سەرسام و ترساو، بە نووزەیەکەوە گوتی: "نەء... نا.. نا." دواتر لە خۆی پرسی: "دەبێ کێ بێ؟" بۆیە لەوی پرسی: "ئەتۆ شیعر

دەنووسی؟" پیاوەکە دەمێک جلوبەرگەکەی دەبوونە خەڵووز و بە پێستییەوە دەنووسا، هاوار و قیژەی ئاسمانی دەهەژاند، دەمێ خەلووزەکە دەگەشایەوە، دەتگوت تازە داییساوە، لەبەر ئازار برستی لێ بڕابوو، بە حاڵەحاڵ وەڵامی دایەوە: "شیعری چی، بە حەیاتی شیعرێکم نەخوێندووەتەوە، سەردەمی ئێمە هەر مەلاکان خەریکی شیعر بوون." بورهان ڕووی لێ وەرگێڕا، لە بەرخۆیەوە دووبارەی کردەوە: "نا... نا... ناتناسم." ویستی پێی بڵێ: "چۆن من دەناسی؟" کەچی بۆنی خەڵووز و گۆشت فەزا تاریکەکەیان پڕ کرد، جلوبەرگە ئاگراوییەکەش لەنێو تاریکاییەکەدا هێدی هێدی بچووک و بچووکتر دەبۆوە، لە هەمان کاتدا هێدی هێدی دەنگی ئازار و ئەشکەنجە گەورە و گەورەتر دەبوو. گوێیەکانی کاس کرد، تەماشای خۆی کرد، لەنێو خامەکەدا ڕاکشابوو، دیوارەکانی هەردوو بەری لە یەکتر نزیک دەبوونەوە، چاوەکانی وەخت بوو دەرپەڕن، ماوەیەکی زۆر لەو حاڵەتە مایەوە، ئەو چاوەڕوانییەش ناخۆشتر بوو لەوەی بەسەر پیاوەکەی بەرامبەری هات، پیاوەکە ڕۆیشت، ئازار و ئەشکەنجەیەکی برد و ئازار و ئەشکەنجەیەکی دیکەی جێ هێشت. خۆی سەیری دیوارەکەی کرد، مارێکی خاڵدار بۆ سەرەوەی دەخوشی، فیشکەی گوێی کاس دەکرد. لە دیوارەکەی بەرامبەری مارێکی دیکە بۆ خوارەوە دەخوشی، فیشکەی گوێی کاس دەکرد، نەتدەزانی فیشکەی کامەیان دەنگی گەورەترە! تاریکییەکە هێندە چڕ و قەترانی بوو، هەر دڵۆپی قەترانیی لێ دەڕژا، بەسەر پێستی مارەکە دەخزی و لەسەر ئەرزەکە چزەی دەهات.

بورهان سەراپا جەستەی لەرزی، دەتگوت ها ئێستەکە تەواوی ئێسقانەکانی لە لەشی دەردەکێشن. دەستی بە گریان کرد، هەستی کرد فرمێسک نەک لە چاوی، لە لووتییەوە بووەتە شیلە و بەسەر دەم و چەناگەیدا دەخزێ، گریان و لەرزین ئاوێزانی یەک ببوون، هیچ حەزی نەدەکرد چاوەکانی دابخا، لەپڕ لە دوور دوور، خۆیشی نەیزانی چەند دوورە، تیشکێکی تاقانەی سپیی لەو سەری دەریچەی بەردی لوولی مەجراکانەوە بەدی کرد. دەستی لەسەر گیرفانی دانا، حوبری مەرەکەبەکە وشکی کردبوو، ئاهێکی هاتەوە بەر، بە خۆی گوت: "خودایە... بۆ کوێت بردم؟" حەزی کرد، هێمن بگری، بە دەستی لیکی سەر دەم و چەناگەی سڕییەوە. دیتی ورد ورد تیشکەکان زیاتر دەبن، ڕووناکی دەخەنە نێو بەردی لوولی مەجراکانەوە، هێزی دایە بەر خۆی، هەستایەوە، هێواش سەری لە بەردەکە نەدا، هێدی هێدی بەرەو ڕووناکییەکە هەنگاوی هەڵێنا، هەناسەکانی ڕێکوپێک نەبوون، تەماشای خۆی کرد، هەر هەمان جلوبەرگی ئێوارەی لەبەر بوو. کە گەیشتە دەریچەکە و دوابەردی لوولی مەجرا، وەستا و دانیشت، لە کەناری شارە کۆنەکەدا سپێدەیەکی چڕی بەدی کرد، لە ئاسمانی قەڵاکەش چەند باڵندەیەکی دی، بە قووڵاییی ئاسماندا دەفڕین. ڕووی لە عەردەکە کرد، کاتێ بەردی منداڵەکانی دیت، بیری کەوتەوە، ئەوان بەردبارانیان کرد، پێکەنین و گریانی تێکەڵ بوون، لەبەر خۆیەوە گوتی: "ئای.. ئەو منداڵانە بۆ کوێیان بردم.. قەبرێکی دیکە."

هەولێر/ نیسانی ٢٠٢٠

# شیرین عەلائەدین

کوڕەکە لە دوور شیرینی دیت، هەر هێندە ناسییەوە، لە خۆی پرسی: "نازانم سێ، یان چوار، یان شەش ساڵە نەم دیوە؟ خۆیشم نازانم چەند ساڵە نەم دیوە! بەڕاست لێم تێک چووە نازانم چەند ساڵ پێش ئێستا خەونم پێوە دیوە؟ خەونی چی، هەر بەڕاست ئەوەندە ساڵەیە نەم دیوە."

ویستی لە یادەوەریدا دیتنەکان لێک جودا بکاتەوە، بگەڕێتەوە ڕابردوو، ئاخر دیتن و خەونی پێ لێک جودا نەدەکرایەوە. بە هێواشی سەری خۆی خوراند، سەرسام ما، ویستی زیاتر بیر لەو ساڵانە بکاتەوە، کە دواجار دیویەتی، پێی وابوو لەبیرچوونەوە کۆمەڵێک سیناریۆ لەگەڵ خۆی دەچێنێ، یا ئەوەتا لەبیرچوونەوە وات لێ دەکا فێرە شتی دیکەت بکا، چونکە ڕەنگە دواجار سێ ساڵ پێش ئێستا و چوار ساڵ پێش ئێستا و شەش ساڵ پێش ئێستا نەبێ. لەگەڵ ئەمانەش دڵخۆش بوو.

کچە وەکوو تارماییەک نزیک دەکەوتەوە، کوڕە هەر لەوی دەڕوانی، بەرچاوانی لێل ببوون، لەبەر خۆیەوە گوتی: "چەند حەزم دەکرد بەسەر پەلکەزێڕینەدا بێیتەخوار، نمەی بارانیش هەموو

عەتری دونیا لەگەڵ خۆی بێنێ، لە باخچەیەکی سادە ببیینم، وەک شـازادەیەک هێـواش هێـواش بـگەڕێ، هەمـوو هەسـتەکان بـۆنی عەترەکان بچێژن، لەوێدا تەواوی جەستە پڕ خۆشییەکی بەهەشتی بێ."

بیری کەوتەوە ئایا ئەوەی لەبەر خۆیەوە گوتی، خەونێک بوو، دیبووی، یاخود تەمەننایەک بوو، خەیاڵاتێک و بەس. هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکشـا. لێـی ڕوون نەبـوو، کـچە لە خەونیـدا بەسـەر پەلکەزێڕینەدا هاتووەتە خوار، یان بەهۆی تەمەننا و خەیـاڵاتییەوە، ئەمەی دروست کردووە!

کـچە وەکـوو تارمـاییەک نزیـک دەکەوتەوە، کـوڕە هەر لەوی دەڕوانـی، نەیزانـی ئێـوارەیە، یـان هەور بەری ئاسـمانی گرتـووە! تەماشای سەعاتەکەی دەستی کرد، لەبەر تەم و لێڵی بەر چـاوانی هیچ کـاتێکی بۆی نەخوێندرایەوە، تەماشـای دوورتری کرد، کچە لەنێـو تەمتومـانەکەدا وەک جـۆلانەیەکی هـێمن دەلەرایەوە، یـاخود دەتگـوت منـداڵێکە و یـاریی پەتپەتـێن دەکـا، دووبـارە تەماشـای سەعاتەکەی کرد، چاوانی هەڵگلۆفی، پێی وابوو ئێستا تەم و لێڵی بەرچـاوی نەگرتـووە، کەچـی دیسـان هیچـی بـۆ نەخوێنـدرایەوە، دواجار زۆر دڵخۆش بوو، لەو پێنـاوەدا ئـاهێکی شـیرینی هەڵکێشـا، بە خۆی گوت: "بۆ یەکەم جارە ئەو سـەعاتە فێڵم لێ ناکا، نەخێر فێڵم لێ ناکا!"

سەری بەرز کردەوە، نەیزانی بەرچاوانی تەمومژ و لێڵە، یاخود ئەو فەزا و دوروبەرەی لێـی وەسـتاوە تەمـومژە. کـچەش بەنێـو تەمتومـانەکەدا دەکشـا و نزیـک دەکەوتەوە، بە وردی لە ڕۆیشـتنی

نەرمی شیرینی ڕوانی، بیری کەوتەوە منداڵ بوو، کەڵەشێرێکی بچووکی ڕەنگاوڕەنگی هەبوو، ڕۆژانە گەمەی لەگەڵ دەکرد، بە دوایدا دەچوو، خواردنی دەدایێ، کەڵەشێرەکە هەر لە جووجەڵەییەوە لای بوو، زوو گەورە بوو. دواجار ڕۆژێکیان ئۆتۆمبێل شێلای تێر تێر بۆی گریا، لە چۆڵاییەکەی سێ ماڵ ئەولاتر، قەبرێکی بۆ هەڵکەند. کێلی بچووکیشی بۆ دانابوو. لەپڕ لە کاتێکدا کە تەماشای شیرینی دەکرد، هەستی کرد شیرینیش چەند ساڵ پێش ئێستا شتێکی لەو بارەوە بۆ درکاندبوو، بە خۆی گوت: "یەعنی شیرینیش بە منداڵی کەڵەشێری هەبووە. بەخێوی کردووە، دواتر تومبێل لێی داوە و بۆی گریاوە، ڕەنگە ئەویش ئەو ڕووداوەی بۆ گێڕابمەوە. بۆ نا، ئەویش وەک من کەڵەشێری هەبوو، هەر بە جووجەڵەیی بەخێوی کردووە."

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، لەنێو تەمتۆماندا هێڵێکی سووری دیت، کە لە قووڵاییی ئاسماندا دەکشایە سەر زەوی، وژەیەکی سووکی لەگەڵ خۆی هێنا و کوژایەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "نا ... ناکرێ من لە منداڵی کەڵەشێرم هەبێ و شیرینیش هەیبێ، دەبێ یەکێکمان ئەو ڕووداوەی بەسەر هاتبێ، تەنیا یەکێکمان!" زۆر هەوڵی دا بۆی یەکلا بێتەوە ئەمە یادەوەریی خۆیەتی، یا ڕۆژێ لە ڕۆژان شیرین بۆی گێڕاوەتەوە، بە جۆرێ هەوڵدانەکان مێشکی دەگوشی، ناچار وازی هێنا.

شیرین لە بەردەمی قووت بووەوە، کوڕەکە نەیزانی لە چ جێگەیەکەوە هاتووە، چونکە تەمومژ و لێڵی هەر چوار لای تەنیبوو، بە کچەی گوت: "شیرین، چۆنی!"

"زۆر باشم، تۆ چۆنی؟" کچە وەک ڕۆژانی ڕابردوو دەتگوت لە هەمان کات و حاڵەتدایە. پێشتر یەکتریان بینیبوو، بۆیە لە سەر و سیمای کچە هەمان ئەو ڕۆژانەی پێشوو دەخوێندرایەوە، لەبەر ئەوە ئێستاکە چاوەڕێی گفتوگۆ و دیداری هەمان کات بوو.

کوڕە وەڵامی دایەوە: "زۆر باشم سوپاست دەکەم."

کوڕە بە ئاستەم ڕووداوەکانی ئەوکاتی لەبیر مابوو، هەندێ سەرەداو و قسە و وتەی پچڕپچڕی بیر مابوو، ئەو ڕووداو و ئاخاوتنانە ڕۆژ بە ڕۆژ لای کاڵتر دەبوونەوە، جاران وێنەیەکی کچەی بە دڵی خۆی لە زەین و مێشکی کێشابوو، دوای ئەوەی ماوەیەک ئەو وێنانە بەسەرییەوە ببوونە بار، کەچی ئێستا لەو قەناعەتەیە جاروبار هەق بە خۆی دەدا، هەتا ڕادەیەکی زۆر گاڵتەی بەو وێنانەی ڕابردوو بێ.

کچە بۆخۆی دەی زانی کوڕە حەزی لەو دیدارانەیە، پێی گوت: "منیش سوپاست دەکەم." لەگەڵ ئەوەش حەزی دەکرد وەک جاران لەسەر هەمان ڕیتم درێژە بە ئاخاوتن بدا، بەڵام ئەو ئاخاوتنانە لەسەر هەردووکیان وەستاوە، نەوەک یەکێکیان.

لەو دەمەدا کوڕە گوتی: "خۆشحاڵم بە بینینت."

ئەو قسەیە دڵ و دەروونی کچەی فێنک کردەوە، کوڕە لە کچەی ڕوانی و عەزییەیەکی زەمینەی سپی و پڕ گوڵ گوڵی ڕەنگاوڕەنگی پۆشیبوو، بێدەنگ لێی دەڕوانی، ویستی دانە دانە گوڵەکان بژمێرێ، نەیتوانی، زۆر سەرسام ما، چ عەزییەک جێگەی هێندە گوڵەی تێدا دەبێتەوە، ئەوەی زیاتر سەرسامی کردبوو،

خـۆی جـۆری گوڵەکـانی نەدەناسـی، بەڵام لەبەر ڕەنگـاوڕەنگیی گوڵەکان بەسەر عەزییەکەوە دەیزانی ژمارەیان زۆرە.

کـچە لەژێـر لێـوەوە گـوتی: "منـیش زۆر خۆشـحاڵم" لە کاتێکـدا بەلای کوڕەوە ڕەنگە چۆنیەتیی گفتوگۆ و ئاخاوتنیـان هـی جـاران بـێ، بەڵام لە نـاوەڕۆکەوە بەرە بەرە کـوڕە لەو حـاڵەتەی پێشـوو دوور دەکەوتەوە. دواتر دیسان بەوپەڕی وردییەوە لە عەزییەکەی ڕوانی، پاشان چاوانی هەڵگڵـۆفی، پێشـتریش چـاوی هەڵگڵـۆفیبوو، کەچـی هەسـتی دەکـرد جیقـی تێدان، ئێسـتا ئەوەی لەبەر چـاویەتی عەزییەیەکـی پـڕ گـوڵ گـوڵ و فەزایەکـی تەمـومژ و لێـڵ، بێگومـان قسـەی خـۆی هەبـوو لەسـەر ئەو عەزیـیەیەی شـیرینی داپۆشـیوە، سەرەتا ئەوەی لەبارەی عەزییەکەوە بوو، هەڵیگرت بۆ لەحزەیەکی دیکە، دواتر دوور لە تەوەقوعی شـیرین پێـی گـوت: "پـێم بڵـێ قەت کەڵەشێرت هەبوو؟"

ئەو پرسـیارە بـۆ تـاقیکردنەوەی شـیرین نەبـوو، دیتـی کـچە سیحراوییانە وەستاوە، ئۆرۆستۆکراتیانە لێی دەڕوانی، لە کەشێکی هێمندا، شیرین پێی گـوت: "کەڵەشـێری چـی؟ هـیچ نـازانم ... نـازانم کەڵەشێر!"

کـوڕە دەیزانـی پێشـتر هەنـدێ لە یادەوەرییەکـانی سـەردەمی منـداڵیی بـۆ شـیرین بـاس کـردووە، بەڵام بە دیـاریکراوی لەبیـری نەبـوو کامەیـانە! حەزی دەکـرد، یـا وایزانیبـوو ئەوەشـی بـۆ بـاس کردووە، پێی گوت: "قەت باسی کەڵەشێرت لای من کردووە؟"

لە ڕاستیدا شیرین هەستی کرد، خەریکە باسی کەڵەشێر زیاد لە پێویسـت، کاتەکەیـان دەگـرێ، ئەو ئاخـاوتن و گفتوگـۆیە نیـیە

چاوەڕوانی دەکرد، لەبەر ئەوە پێی گوت: "نازانم، بەس دەڵێم نازانم."

کوڕە زانی ناگاتە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە، بەڵام بۆی ڕوون بووەوە، شیرین لە منداڵی کەڵەشێری نەبووە و بۆی نەگریاوە. ئەمەش بۆ ئەو بەس بوو. تا دڵنیا بێ.

دواتر کوڕە پرسیارێکی دیکەی لێ کرد: "شیرین، دەزانم هاتووی، بەس نازانم لە کوێ هاتووی." شیرین دەمودەست وەڵامی دایەوە: "ئێمە هەموومان واین، دەزانین هاتووین، نازانین لە کوێ هاتووین!" کوڕە پێی وابوو، شیرین فەلسەفیانە قسەی لەگەڵ دەکا، دڵی ئاوی نەخواردووە، سادەتر لێی پرسی: "شیرین لە کوێ هاتووی؟"

شیرین بەوپەڕی قەناغەتەوە پێی گوت: "ئەتۆش سەیری!"

"لەبەر چی .. پێم بڵێ لەبەر چی سەیرم؟"

شیرین وەک جاران سیحراوی وەستابوو، لە کوڕەی دەڕوانی، درێژەی دایێ: "هەر لەو شوێنە هاتووم کە تۆش لێوەی هاتووی."

کوڕە جاروبار شەوق و درەوشانەوەی گوڵەکانی سەر عەزییەکە خەریکبوو لەسەر پرسیارەکەی لای بدا، هەستی بە خۆشنوودی دەکرد، بە شیرینی گوت: "دە کەواتە نەک نازانم لە کوێ هاتووم، بگرە نازانم ئێرە کوێیە!" درەوشانەوە و شەوقی گوڵەکانی سەر عەزییەکەی زیاتر بەنێو تەمومژ و تەمتومانەکەوە بڵاو دەبووەوە، شیرین وەڵامی کوڕەی دایەوە: "نەک هەر نازانین ئێرە کوێیە، بەڵکوو ئێرە نەک هیچ کۆێیەک نییە، بەڵکوو ئێرەش نییە."

کوڕە تەوەقوعی نەکرد تووشی ئەو وەڵامە بێ، کە مێشکی ماندوو دەکات، بۆیە گوتی: "ئەی ئێرە نییە، کوێیە؟"

"منیش نازانم، وەک تۆ."

کوڕە پێی خۆش بوو، شیرین (وەک تۆ)ی بەکار هێنا، پێی وا بوو، مادام ئێرە هیچ کوێیەک نییە، کەواتە خەونە. ڕەنگە لە خەوندا شوێنەکان وەک حەقیقی نەبن، ئیشارەیەک بۆ حەقیقەتی شوێن هەبێ، بەڵام هەرچۆنێک بێ کەواتە خەونیش بێ شوێن نییە کە تێیدا ئیشارە بۆ شوێن بووەتە حەقیقەتی شوێن، بۆ ئەوەی بزانێ خەونە، یان نا، بەبێ ئەوەی کچە بزانێ نەقورچێکی لە ڕانی ڕاستی خۆی دا، نەقورچێکی توندی لێ دا، یەکسەر تەزووی ئێشەکانی گەیشتە مێشکی، دڵ و چاوی هۆشیار بوونەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "نا.. خەون نییە!" دواتر جێگەی نەقورچەکەی بە لەپی دەستی شێلا، چاوێکی لێ کرد.

سەری هەڵبڕی لە کچەی ڕوانی، بەرە بەرە شەوق و درەوشانەوەی عەزییەکەی شیرین بەسەر تەمومژ و تەمتومان زاڵ دەبوو، دواتر تەماشای کراسەکەی خۆی کرد، کراسەکەی ئەویش زەمینەی سپی بوو، تێیدا خەت خەتی ڕەشی ئاسۆیی تا قایشی پانتۆڵەکەی کشابوو، هەر شەوقی عەزییە سپییە پڕ گوڵ گوڵییەکەی شیرین، بە جوانی لەسەر کراسەکەی خۆی ڕەنگی دەدایەوە.

کەمێک لە عەزییەکەی شیرین ڕاما، دەتگوت باخچەیەکی فرەوانە و چەندەها جۆری گوڵی تێدایە، بە ژیانی خۆی باخچەی وای نەدیوە! مەگەر لە فیلمەکان بەتایبەتی هەندێ فیلمی ڕۆمانسی

فەزای شاشەکە بە باخچەی جوان و دڵڕفێن و قەشەنگ دەڕازێننەوە، بەڵام لەو فیلمانەش باخچەکان وەک عەزییەکە جوان و قەشەنگ نین.

گوڵەکانی سەر عەزییەکە تەواو مێشک و دڵی داگیر کردبوو، تەماشای هەر گوڵێکی دەکرد، وەک ئەوەی یەکەم جار بێ بینیبێتی، لە دڵی خۆیدا گوتی: "چییە ئەو خونچانە زوو دەبنە گوڵ، چرۆ دەکەن، گوڵ دەردەکەن." بە خەیاڵیدا هات ئەو پرسیارە لە شیرین بکا، بەڵام پاشگەز بووەوە و پرسیاری نەکرد. نەیویست دووبارە نەقورچ لە خۆی بدا. کە سەری بەرز کردەوە، ڕووبەڕووی پرسیاری شیرین بووەوە: "چییە بۆ هێندە تەماشای عەزییەکەم دەکەی؟"

کوڕە لەو پرسیارە دڵگران نەبوو، وەڵامی دایەوە: "کوا تەماشای عەزییەکەت دەکەم."

شیرین کە لە کوڕەی دەڕوانی، ورد ورد زەینی دەدایێ، پێی گوت: "ئەی باشە تەماشای چی دەکەی؟"

"تەماشای گوڵەکان دەکەم، گوڵەکانی سەر عەزییەکە."

کچە حەزی دەکرد زیاتر لەسەر ئەو بابەتە بدوێن، سەرەتا پێی گوت: "ئێ، چییە دەیانژمێری؟"

"ژماردن؟"

کوڕە بیری بۆ ئەو پرسیارە نەدەچوو، لە مەبەستی کچەش نەدەگەیشت: "نا. نەخێر قەت نایانژمێرم."

پاش ڕامانێکی کەمتر لە لەحزەیەک هەڵی دایێ: "جا نازانم چەند جۆرن، هەتا بزانم چەند گوڵن."

کچە دڵی بەوە خۆش بوو، پرسیارەکەی وەڵامی خۆی دۆزییەوە، ئیدی هەم پرسیار و هەم ڕازی دڵی دەربڕی: "پێت جوانن؟"

"هەر زۆر جوانن."

کچە هەستی کرد، کوڕە دەڵێی گوڵەکان بۆن دەکا، چونکە ڕیتمی هەناسەدان و وەرگرتنی وەک بۆنی گوڵان بوو، کە گوێی لە پرسیاری کوڕە بوو، تۆزێک سەرسام ما، "هێندە جوانن، دەکرێ دانەکیان بۆن بکەم؟!"

کچە لە مەبەستی گەیشت، کە ڕەنگە هەر تەنیا مەبەستی گوڵەکان نەبێ، یاخود هەر تەنیا مەبەستی عەزییەکەش نەبێ، کوڕە بە دەنگێکی بەرز دەتگوت شێت بووە، بە حەماسەوە گوتی: "ئەڵڵا چەند جوانن ئەو گوڵانە!"

کچە لە دڵی خۆی گوتی: "یەعنی چی ئەو گوڵانە!" دواتر هەڵی دایێ: "چاوت جوانە."

کچە خۆیشی دەیزانی، ئەو وەڵامە هەم کۆنە و هەم بەشێکی ڕۆمانسییانەیە، بەڵام هێشتا چاوەڕێی وەڵامی کوڕە بوو، کەچی لەجیاتی ئەوە، کوڕە هەڵی دایێ: "خۆزیا گوڵێکی ئەو عەزییەت دەدامێ!"

"بۆچی؟"

"ئەدی نەمگوت حەزم لێیە بۆنی بکەم."

کچە وەک ئەوەی بیەوێ درێژە بە بابەتەکە بدا، پێی گوت: "کامە گوڵ؟"

کوڕە پەنجەی درێژ کرد: "ئا.. ئەو گوڵە سوورەی نێو عەزییەکەت."

هەر چاوی لەسەر گوڵە سوورەکە بوو، کچە پێی نەگوت: "بۆچی هەر تەنیا ئەو گوڵەت دەوێ." چونکە گوڵی زەرد و سپی و وەنەشەیی و چەندان ڕەنگی دیکەی لەسەر عەزییەکە هەبوو.

کچە پێی گوت: "ها... گوڵ!" کوڕە دەمی بەش بۆوە، دەتگوت لە خەون دایە، هەرگیز بڕوای نەکرد لە کاتی هۆشیاری بێت، بە چاوانی خۆی دیتی کچە هەر ئەو گوڵە سوورەی باسی دەکرد لە قەدی عەزییەکەی کردەوە و دای بە کوڕە.

کوڕە لەحزەیەک سەرسام ما و چەند لەحزەیەک دۆش داما، ئاگای لە خۆی نەبوو، کاتێ دیتی گوڵەکەی لە دەستدایە، سەرەتا بڕوای نەکرد گوڵی قەدی عەزییەکەی شیرین بێ، دەستی لە لکەکانی دا لە دڵەوە گوتی: "نا خۆ پلاستیک نییە." هەر بە سەرسامی یەک دانە پەڕەی بچووکی خستە بەر ددانەکانی، دواتر دەستی بە جوینی کرد، هەستی کرد شیلەیەکی کەمی چەور بەر زمان و پدو و مەلاشووی سەرەوەی دەکەوێ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، پاشان بۆنی کرد، لە دڵی خۆیدا بە خۆی گوت: "ئەوە گوڵ خۆیەتی، خۆیەتی گوڵە، گوڵێ سوور." ئەوەی لەنێو دەمیدا بوو، قووتی دا، هەستی بە تامێک کرد، لەژێر لێوەوە نزم درکاندی: "ئای ئەوە بەڕاستی گوڵە."

کچە هەروەک پێش پێشکەشکردنی گوڵەکە ئاسایی مابۆوە، هەرچەندە تەماشای کوڕەی دەکرد، کەچی چاوەڕێی دەکرد زیاتر

دڵ و دەروونی خۆی دەربڕی، کەچی لەو لەحزەیەدا هەستی بە سەرسامیی کوڕە کرد.

کوڕە پێش ئەوەی هیچ پرسیارێکی دیکە لە کچە بکا، هەستی کرد دیسان لە فەزایەکی ونبوودایە، کچە دەبینێ لەنێو چوارچێوەیەکی تەمتومان و پڕ تەمومژدا لێکی دایەوە و بە خۆی گوت: "نا .. نابێ ئەو گوڵە ڕاستی بێ، کەی بووە گوڵێکی زیندوو لەسەر قوماشێکی مردوو بێتە ژیان، نا.. نابێ.. ئەوە خەونە و هیچی دیکە نییە."

دیسان خۆی تاقی کردەوە، زللەیەکی توندی بە دەستی ڕاستەی لە ڕوومەتی ڕاستەی دا، سڵەمییەوە، تەزوویەکی بچووکی پێدا هات، کچەش چاوی زەق بووەوە، لە هەڵسوکەوتی کوڕە کەوتە گومانەوە، بەڵام هیچی نەگوت.

کوڕە دەمێ لە کچە و دەمێ لە گوڵەکەی دەڕوانی، دواتر کە دڵنیا بوو لە خەوندا نییە، بە خۆی گوت: "چۆن دەکرێ لە خەوندا زللەیەک لە خۆت بدەی، بزانی خەونە، یان نا."

پاش ئەوە لە عەزییەی کچەکەی ڕوانی، تەماشای شوێنی ئەو گوڵەی کرد، کە کچە پێی دابوو، زیاتر سەری سوڕما، هەر لە بەر چاوی خۆی دەمودەست گوڵەسوورەکە وەک خۆی لەسەر عەزییەکەی لە هەمان شوێن بەرەبەرە ڕوایەوە.

ئێستاکە خۆی لە بەردەم تەجرەبەیەکی دیکەدا دۆزییەوە، بە خۆی گوت: "با دووبارە داوای گوڵێکی دیکەی لێ بکەم! بزانم هەر بەڕاستی لەسەر قوماشی عەزییەکەی گوڵ دەردەهێنێ." ئەوەی

لەو پرسیارە لە دڵی بوو، ئەوەی بە خۆی گوتبوو، بە کچەی گوت: "دەکرێ گوڵێکی دیکەم بدەیێ؟"

"نەخێر". کچە زۆر بە دڵنیاییەوە پێی گوت.

"لەبەر چی؟" کوڕە کەمێ شلەژا، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا.

کچە خۆی سووڕاند، عەزییەکەی دەتگوت باخچەیەکی فرەوانە و سەدان گوڵی جوان و ڕازاوە لەنێو یەکدا خۆیان نیشان دەدەن: "چونکە من هەر تەنیا یەک گوڵ پێشکەش دەکەم." هەروا دووبارەی کردەوە: "تەنیا گوڵێک."

کوڕە گوتی: "جا تەنیا گوڵێک چییە؟ چیرۆکێکە."

کچە زۆر لێزانانە وەڵامی دایەوە: "ڕەنگە چیرۆکێک بێ، زیاتر لە چیرۆکێک."

کوڕە دەکرا لەسەر بابەتی چیرۆک بڕوا، لە کاتێکدا پرسیاری خۆی بوو، وەڵامی خۆی بوو، ئەگەرنا حەزی دەکرد بڵێ: "یانی ئێمە چ پێویستیمان بە تەنیا چیرۆکێکە، یان تەنیا گوڵێک." کەچی نەیگوت. تەماشای گوڵەکەی دەستی خۆی کرد، بۆنی دەپژا. دواتر خەیاڵی لەسەر ئەوانە لاچوو، بە خۆی گوت: "دەبێ فێڵی لێ نەکردبم، ئەوە جگە لە فێڵ هیچی دیکە نییە."

بیری کردەوە، دەکرێ لەو حاڵەتەدا، ئەوها بە کچە بڵێی فێڵی لێ کردووە، یاخود دەکرێ پێی بڵێ "فێڵزان"، دەیویست، یان وەها پێ بڵێ، یان ئەوەتا ڕێگەیەک بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی فێڵی کچە کەشف بکا، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دوودڵ بوو، چونکە هێشتا لە مەسەلەی چیرۆکی تاقەگوڵێک نەگەیشتبووە قەناعەت، دواجار لەپڕ

زیاتر لە کچە نزیک کەوتەوە و بڕیاری دا دەست بۆ عەزییەکەی ببا، هەر واشی کرد.

شیرین تووڕە بوو، خۆی کشاندەوە، گوتی: "بێ ئیزنی من، چۆن گوڵی دیکەت دەست دەکەوێ." لێ ڕوون بوو کوڕە لە گوڵێک زیاتری دەوێ.

کوڕە بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت، یەکسەر بابەتەکەی گۆڕی، پێی گوت: "ئەرێ شیرین نەخۆش نەبووی؟"

"کوا نەخۆش بووم، دەڵێ وڕێنە دەکەی!"

کوڕە دووبارە بیرۆکەی لێکردنەوەی گوڵەکانی سەر عەزییەکەی شیرین لە کەللەی دا، بەڵام هەستی دەکرد کچە حەزەری خۆی وەرگرتووە، دواتر بیری کردەوە، ڕەنگە ئەگەر جارێکی دیکە عەزییەکە ڕابکێشێ، شیرین زۆر لێی تووڕە بێ و بواری هیچی دیکەی بۆ نەمێنێتەوە، بۆیە پرسیاری لێ کرد: "شیرین، دەتوانم منیش گوڵ لە عەزییەکەت بکەمەوە؟"

"نا ... ناتوانی."

"بۆ؟ بۆ ناتوانم؟."

"چونکە ئەوها دەیبینی."

"چۆن دەی بینم؟"

"هەر لەسەر عەزییەکە دەیبینی."

"ئەمن لە هەموو شوێنێ دەیبینم."

کوڕە تێ نەگەیشت کچە مەبەستی چییە، گەیشتە ئەو قەناعەتەش هیچی دیکە ناتوانێ عەزییەکە ڕابکێشێ و گفتوگۆی زیاتریش بکا، دواتر هەڵی دایێ: "شیرین، چۆن ئەو گوڵەت دامێ؟"

"له عەزییەکەم کردەوە؟"

ئەو وەڵامە دڵی کوڕەی خۆش کرد، هەستی کرد کاتی ئەوەیە بگاتە ئەنجامێک یەکسەر پێی گوت: "ئێ چۆن لە عەزییەکەت کردەوە؟"

"عەزییەکەم باخچەیە، پڕی گوڵە گوڵ."

کوڕە بێئومێد بوو، گەڕایەوە خاڵی سەرەتا، هەرچی کرد و هێنای، هیچی بەدەست نەهێنا، نەیدەتوانی باخچە و عەزییەکە لێک جودا بکاتەوە، هەستی کرد خەریکە دەدۆڕێ، بە خۆی گوت: یانی چی عەزییەکەم باغچەیە؟ تێناگەم چۆن عەزییە دەبێتە باغچە، چما هێندە ئاسان عەزییە دەبێتە باغچە، ئەگەر وا بێ ئەوە سیحرە، نازانم چ سیحرێکە!"

لەو کاتە بیرۆکەیەکی بۆ هات، یەکسەر پرسیاری لە کچە کرد: "ئەرێ شیرین باوکت ناوی عەلائەدین نەبوو؟"

"بەڵێ ناوی عەلائەدین بوو."

کوڕە ئاهێکی هاتەوە بەر، بە خۆی دەگوت، یا هەستی دەکرد، دەرگەیەکی دیکەی کردووەتەوە، بەڵام نەیدەزانی بەرەو کوێی دەبا، ڕەنگە زۆریش دڵنیا نەبێ، بەڵام هیچ عیلاجێکی نەبوو، دەیویست بە هەر جۆرێ بێ، شتێ لە هەست و نەستی دەربڕێ، چونکە هەرگیز بۆی قووت نەدەچوو، شیرین گوڵ لەسەر عەزییەکەی دەربێنێ و هەمان گوڵی باغچە بێ، پێی گوت: "ئەرێ بابت فانۆسی سیحریی نەبوو؟"

کچە پێی خۆش نەبوو، کوڕە بەو شێوەیە دەیدوێنێ، وەڵامی دایەوە: "جا خۆ ئەوەی ناوی عەلائەدین بێ، مەرج نییە فانۆسی سیحریی هەبێ."

کوڕە سەرەتا دوودڵ بوو، بەڵام دواجار لەژێر لێوەوە گوتی: "ئەو سیحرانە لە باوکت فێر بووی؟"

کچە هەندێ شتی لێ گوێ لێ بوو، بەڵام بە تەواوی تێ نەگەیشت بە کوڕەی گوت: "چ دەڵێی؟"

کوڕە هەر لە گوڵەکەی دەڕوانی، لەبەر چاوی زیاتر دەگەشایەوە، سووراییەکەی هیچ کاڵ نەببووە، هیچ شتێ تەئسیری لێ نەکردبوو، کچە دیسان لێی دووبارە کردەوە: "چ دەڵێی؟"

لەژێر لێوەوە کوڕە بڵماندی: "هیچ."

شیرین چاوەڕێی ئاخاوتنی کوڕە بوو، کەچی دیتی کوڕە زیاتر دادەمینێ و لەو دونیایە دادەبڕێ.

کوڕە دەمێ بێدەنگ بوو، دواتربە هێواشی بە کچەی گوت: "دەچم ئەو گوڵە دەچێنم!"

کچە بە هێواشی گوتی: "لە کوێ؟"

کوڕە هەر تەنیا لە گوڵەکەی دەستی دەڕوانی: "لەناو ئاودا بزانم چەند دەژی."

کچە لەبەر خۆیەوە گوتی: "گوڵ.. ئاو.." سەرسام ما.

شیرین لە لایەکەوە کردارەکەی پێی خۆش بوو، لە لایەکی دیکەوە پێی ناخۆش بوو کوڕە جێی دەهێڵێ. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، هێشتا هیچ وەڵامێکی نەدابۆوە، دیتی کوڕە ڕۆیشت، پشتی لەو کرد، سێ خەت، خەتی ئاسۆییی درێژی کراسی کوڕەکە

بەر بوونەوە و کەوتنە سەر عەردەکەی بەردەمی. زەمینەی سپیی کراسەکە تێکەڵ بە ڕەنگی پێستی ببوو، لە جێگەی ئەو سێ خەتە ڕەشە پێستی گەنم ڕەنگی کوڕە دەرکەوت، شیرین دانەوییەوە و بە وردی لە خەتەکانی ڕوانی لەنێو باغچەکە خەتەکان پچڕ پچڕ و ورد ورد بوون، بوونە مێرووولەی ڕەش ڕەش بە دوای کونەکەیان دەگەڕان، کچە چاوی هەڵگڵۆفی تا دڵنیا بێ هەر ئەو خەتە ڕەشانەن، بوونەتە مێرووولە، بڕوای نەکرد لە بەرچاوی دواخەت ورد ورد تێک دەشکا و دەبووە کۆمەڵێ مێرووولە، دواتر هەندێکیان ڕێچکەیان دەبەست و دانە دانەی دیکە بە دوای کونی خۆیان دەگەڕان، شیرین بانگی کوڕەی کرد، کوڕە دەتگوت کەڕ بوو، گوێی لە هیچ نەبوو، شیرینیش دەیویست نەقورچێک لە ڕانی چەپەی بدا.

هەولێر/٢٠٢١

# ئاوێنەی گیرفان

پیرەمێردێکی تەمەن حەفتا و نو ساڵ بە هێواشی گۆچانەکەی لە عەرزەکە گیر کرد و پێی خستە سەر پێبلقەی پاصەکە، کە چووە ناوی سەرەتا لە ڕیزی شوفێری ڕوانی و دواتر لە ڕیزی سەکن، کەسێکی دیت بە تەنیا دانیشتووە. کەسەکە سەری بەرز کردەوە، یەکسەر بانگی کرد:

"دکتۆر فەریق فەرموو وەرە ئێرە!"

دکتۆر سەری هەڵبڕی و تەماشای کرد، لەژێر عەینەکە ئەستوورەکەی پیاوێکی دەوروبەری پەنجا ساڵەی لە یەکەم کورسی دیت، خاڵێکی ڕەشی بچووکی سەر ڕوومەتی ڕاستەی سەرنجی ڕاکێشا، لە دڵی خۆیدا گوتی: "کێیە ئەوە من دەناسێ؟"

کە نزیک کەوتەوە، یەکسەر ناسییەوە. لە تەنیشتییەوە دانیشت، پاصەکە هەردوو دەرگەکەی داخران و بەڕێ کەوت. پیاوەکە بە وردی سەرنجی ئەوی دا، دکتۆر دەستی لەسەر گۆچانەکە دانا و پێی گوت:

"وا بزانم دەتناسمەوە."

"ئا..ئا.. بەڵی ئەمن خوێندکاری تۆم."

دکتۆر لەبەر خاڵە ڕەشەکەی سەر ڕوومەتی وێنەکەی لا غەریب نەبوو، کەچی ناوەکەی نەدەهاتە سەر زمانی. دواتر کەسەکە گوتی:

"دکتۆر ئەمن سەرهەنگم، ئەدی لە زانکۆ لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی دەرسی زمانەوانیت پێ نەدەگوتین؟"

دکتۆر بەڕوونی ناسییەوە، هەر لە بابی موجامەلە گوتی:

"وایە گومانم وا بوو کە یا سەرهەنگی، یا سەروەری، ئێ چۆنی چاکی!"

"زۆر باشم دکتۆر، ئەتۆ چۆنی زۆر باشی!"

"خۆش بی، سوپاست دەکەم."

پیاوەکە چاکەت و پانتۆڵێکی لەبەر بوو، ڕەنگەکانی جودا بوون، پانتۆڵەکەی ڕەش و چاکەتەکەی ڕەصاصی بوو، کراواتی نەبەستابوو، پاصەکە هێواش هێواش ڕێی دەبڕی، پرۆفیسۆر چاوی لەسەر دەستەکانی سەر گۆچانەکەی بوو، پێی گوت:

"سەرهەنگ ئەتو بیست و نۆ ساڵ و سێ مانگ و شەش ڕۆژە تەخەڕوجت کردووە."

سەرهەنگ گەشایەوە: "ئەها... دکتۆر خۆزگە زاکیرەیەکی وەک تۆم هەبووایە، حەز ناکەم زۆر مەدحت کەم، با بە چاو نەچی."

چاوی لێ بوو، پرۆفیسۆر هەردوو دەستی سەر گۆچانەکەی جێگۆڕکێ پێ کردن، لە ئاوێنەی پاصەکەی ڕوانی، دیتی دکتۆر وەک ئەو ڕۆژانەی موحازەرەی دەدایەوە، دەخەنییەوە.

پرۆفیسۆر هەستی بەوە نەکرد لەوەتەی خانەنشین بووە، زیاتر حەزی لە گفتوگۆ و پرسیار و قسەوباسە. سەرهەنگ تەماشای

ئاوێنە گەورەکەی ناوەڕاستی پێشەوەی شوفێری پاصەکەی کرد، خۆی پڕ بە ئاوێنەکە دی، تەنیا خۆی و بەس، هێندە بایەخی بە وێنەکەی ئاوێنەکە نەدا، دواتر لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەڵێی ئاوێنە قۆقزەکانی سەردەمی ئامادەییە کە لە موختەبەر دەماندی و پێی پێدەکەنیین." لەحزەیەک چاوی لەسەر هەڵنەگرت، بزەیەکی کرد، هەستی کرد ئاوێنەکە تەنیا بۆ خۆی وایە، لەو کاتەدا پرۆفیسۆر پێش ئەوەی بدوێ، لێوە ڕەشباوەکانی کەوتنە جوولە:

"ئەدی ئێستا چ دەکەی."

سەرهەنگ چاوی لەسەر ئاوێنەکە لادا، بواری ئەوەی نەبوو زیاتر بیر لە ئاوێنەکە بکاتەوە:

"ساڵ و نیوێک پاش تەخەڕوج بە مامۆستا دامەزرام."

مامۆستا لە پرۆفیسۆری ڕوانی، گۆچانەکەی لەنێو هەردوو ڕانی چەقاندبوو، ڕووی پرسیاری کردە وی:

"ئەدی جەنابی دکتۆر، ئەوە بۆ کوێ دەچی؟"

مامۆستا حەزی دەکرد پێی بڵێ: "بەو تەمەنەوە بۆ بە پاص هاتوچوو دەکەی، کەچی لەبەر دکتۆر هەر هێندەی گوت. بەڵام لە دڵەوە پرۆفیسۆر حەزی بەو پرسیارە نەبوو، لە ڕاستیدا هێندە پێی خۆش نەبوو، بەڵام گیانی ئەوەشی هەبوو جاروبار ئەو پرسیارانە بە گیانی وەرزشییەوە وەربگرێ، هەروەها ئەو پرسیارە لە کاتێکدا زەمەنێکی زۆری بڕیوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "داخ زەمەن چی لێ کردووم!" لە هەمان کاتیش حەزی نەدەکرد بچێتە ئەو بارودۆخە ڕۆمانسییەوە، لەگەڵ ئەمانەش پاش کەمێ بێدەنگی هەڵیدایێ:

"دەچمە بانق، ئەمڕۆ مەعاشم هاتووە، لە بانقی دوین، لەوێ وەری دەگرم."

مامۆستا هەستی کرد پڕۆفسیۆر سێ وەڵامی دایەوە، چوون و مەعاش و ناوی بانقەکە. کە هێندە وەڵامەی وەرگرت، زانیی پڕۆفسیۆر حەزی لەوە نییە زیاتر لێی بپرسێ، چونکە ڕوونە دەچێ لەوێ مەعاشی خانەنشینی وەردەگرێ. لەبەر ئەوە مامۆستا هیچی دیکە لەو بارەیەوە درێژەی نەدایێ، خۆیشی چەندان جار بۆ چەندان مامەڵە ڕووی لەو بانقە کردبوو. دواتر پڕۆفسیۆر کە هەردووکیان لە هەمان پسپۆڕی بوون، ڕووی پرسیارەکانی لە مامۆستا کرد، لە کاتێکدا بە لاچاوی تەماشای کرد:

"ئێی.. کەواتە هەر دەرسی زمان و ئەدەبی کوردی دەڵێیتەوە."

"بەڵێ، دکتۆر."

پڕۆفیسۆر تا خانەنشینبوونی زیاتر لە چل ساڵ موحازەرەی زمانەوانیی گوتبووە، حەزی دەکرد دەرگەی گفتوگۆیەکی زمانەوانی وەک ڕۆژانی ڕابردوو بکاتەوە، لەحزەیەک بیری کەوتەوە بەشکۆوە دەوەستا، زانیارییەکانی تازە و نوێ بوون، خۆیشی لە سەرچاوەکاندا بەدوای باسی نوێ و گۆڕانکارییەکاندا دەگەڕا. هەرگیز موحازەرەکانی دووبارە نەدەکردنەوە، حەزی بە پرسیار نەدەکرد، بۆخۆی لە نێو موحازەرەکانی پرسیارەکانی دەکرد، خوێندکارانی هەر خەریکی نووسینەوەی موحازەرەکان بوون، جاروباریش مەلزەمەی موحازەرەکانیان لەگەڵ یەک دەگۆڕییەوە، نەوەک زانیاری و پرسیاری جددی دکتۆریان لەبیر چووبێ.

ماموستاکه دووباره له ئاوێنەی پاسەکەی ڕوانی، لەحزەیەک داما، بیری کەوتەوە، لە موحازەرەیەکدا خوێندکارەکەی تەنیشتی یوسف عومەر لە پڕۆفیسۆری پرسی: "چ عیلاقەیەک لە نێوان دەنگ و فکره هەیە؟" پڕۆفیسۆر لەسەر ستەیجەکە نێوچاوانی تێک نا، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بە یوسفی گوت: "چ عیلاقەیەک هەیە لە نێوان نەهەنگ و ڤایرۆس؟!" یوسف چاوەڕێی پرسیاری وا نەبوو، کەچی لێی دووبارە کردەوە: "پێم بڵێ چ عیلاقەیەک لە نێوان ڤایرۆس و نەهەنگ هەیە؟!" یوسف بەنزمی گوتی: "لەگەڵ منتە دکتۆر!" "بەڵی تۆ.. ئەی کێ...!" شڵەژا قەڵەمەکەی لەسەر ڕەحلەکە لێ کەوت، هەڵی نەگرتەوە، بەپەلە گوتی: "ڤایرۆس نەهەنگ تووشی نەخۆشی دەکا." پڕۆفیسۆر هەڵی دایێ: "جا دەنگ، فکر تووشی نەخۆشی دەکا!" هەموو خوێندکارەکانی پۆلەکە دایانە قاقای پێکەنین، لەوێدا یوسف دەستی لەرزی، سەرهەنگ قەڵەمەکەی لە بەردەمی هەڵگرتەوە، دەتگوت تای لێ هاتووە، دەستی گەرم گەرم بوو.

ماموستا دیتی پڕۆفیسۆر یەک لە دەستە چرچەکانی لەسەر گۆچانەکە لادا و هەستی کرد پێی خۆش نییە پرسیاری زیاتر بکا، پڕۆفیسۆر قورگی خاوێن کردەوە، پاسەکە هێواشی کردەوە، وەستا و نەفەرێکی دیکە سەر کەوت، یەکسەر پڕۆفیسۆر دەستی بە پرسیار کرد:

"لە زمانەوانی چ وانەیەک دەڵێیەوە؟"

مامۆستا بە تیی چاو تەماشای ئاوێنەکەی کرد، هەر خۆی لە ئاوێنەکەدا دیت، سەرنجی هیچی نەدا، دواتر لە ڕێڕێیەکانی دەستی ڕوانی:

"دکتۆر دەرەسەکانی ئێمە وەک موحازەرەکانی کۆلیژ نین."

"دەزانم."

مامۆستا درێژەی بە قسەکانی دا:

"ئـێمە ڕێزمـان دەخـوێنین، نـاو و ئەرکـی کـار و بەرکـار و دیارخەر و دیارخراو."

پڕۆفیسۆر تەحەمولی وەڵامەکەی نەکرد، هەناسەشی توند بوو، پێی گوت:

"ئەو زانیارییانە هی عەصری حەجەرین، زۆر قەدیمن."

مامۆستا ڕاستەخۆ تەماشا دەستەکانی پڕۆفیسۆری کرد، جاری وا لەسـەر گۆچـانەکەی دەیخسـتنە سـەر یەکتـری، بە هەردوو چۆکەکانی گۆچانەکەی گرتبوو، دواتر گوتی:

"دکتۆر ئەو دەرسانەی زمان، لیژنەیەکی وەزارەتی پەروەردە دایناون."

پڕۆفیسۆر بەنەرمی پشتەدەستی چەپەی خوراند، لاچاوێکی لە مامۆسـتا کـرد، چەنـد سـاڵێک بـوو، وازی لە موحـازەرەدانەوە هێنابوو، حەزی دەکرد بۆنەیەک بدۆزێتەوە، کورتەموحازەرەیەکی زمـانەوانییش بـێ، بڵێـتەوە. ئەو چەنـد کتێـب و لێکـۆڵینەوە و تۆژینەوەی لەسەر زمان و پێوەندییەکانی نووسیبوو، لە چەندان کـۆڕ و سـیمینار و کۆنفڕانسـان بەشـداریی کـردووە، لە هەر کۆنفڕانسێکدا کڕاواتێکی تایبەتی و ڕەنگی جودا جودای دەبەست،

بـــۆ هەر کۆنفرانســـێک یەک کـــراوات، پـــێش ئەوەی بـــۆ هەر کۆنفرانسێک بچووبووایە ڕای خێزانەکەی لەسەر ڕەنگی کراوات و هەمـــاهەنگیی لەگەڵ جلوبەرگەکـــانی وەردەگـــرت. پێـــی دەگـــوت: "تەماشام بکە... بزانە لێم دی."

پرۆفیســۆر ئەو ڕۆژەش کراواتــی نەبەســتابوو. لە ئەصــڵدا لەو تەمەنە جاروبــار دەیبەســت، پەنــجەی شــادەی یەک دوو جــار لە پشتەدەستەکەی دیکەی دا، دەستی بە قسان کرد:

"دەکـــرێ دەتـــوانم بڵـــێم دەتـــوانی لە پـــاڵ دەرســـەکان، خوێندکارەکانت فێری تیۆریی زمانەوانیی دی سوسێر و ساپیر و هۆل و چۆمسکی بکەی."

مامۆستاکە پاش ئەو هەمـوو ساڵە سـەری سـوڕما، بەهێواشـی سـەری لەقانـد، نەیزانـی دەمودەسـت وەڵامـی پرۆفیسـۆر بـداتەوە، هێندەی بەسەر زماندا هات بڵێ:

"چۆن وا بکەم؟!"

پرۆفیسۆر پێی خۆش بوو پاصەکە هێواش هێواش دەڕوا و ناو بە ناو دەوەستێ، سەیری دەرەوەی نەدەکرد، درێژەی دایێ:

"دەتـــوانی تیۆرییەکـــان و پەرەســـەندنە زمانەوانییەکـــان لەگەڵ دەرسەکان بگونجێنی، نەک وەک موحازەرەکانی کۆلیژ، بەڵکوو بە ســـادەیی پەیوەنـــدیی نـــاو و ئەرک و کـــار و بابەتەکـــانی دیـــکە و چۆنیەتیی پەرەســەندنیان بــاس بـکەی تـاکوو مێشـکیان بکـرێتەوە، لەبیـرتە دەمـانگوت زمـان تەنیـا ئـامرازێکی تەعبیرکـردن نیـیە، کە بتوانێ بیروبۆچوونەکان دەربخا، بەڵکوو شێوەی زمـانەکە دیـاری دەکا و چالاکیی تاک و پەیوەندییەکان بەڕێوە دەبا."

دەمێک مامۆستا بڕوای وابوو کە ئێستا پرۆفیسۆر پەیوەندییەک لە نێـــوان ئاخاوتنەکـــان و دەرســـە کلاســـیکییەکانی وەزارەت دەدۆزێتەوە، بەوردی گوێی لێی گرت:

"بۆ خۆت دەزانی زمان بریتییە لە سیستەم، سیستەمی زمان، لەبەر ئەوە زمـــان توانـــایە بەهـــۆی ڕەفتـــارێکی کـــۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییەکانی خۆی دیاری دەکا."

مامۆستا هەستی کرد هەر بەتەواوی موحازەرەکانی کۆلیژن، سەری خوراند، چاوی هەڵگلۆفی، ویستی دووبارە پێی بڵێ: "چۆن ئەوانە لەگەڵ دەرســـەکانی قوتابییـــانی پـــێش کـــۆلیژ بگـــونجێنی؟!" کەچـــی تفـــی قـــووت دایەوە، هـــیچ قســـەیەکی نەکـــرد، نەوەک پرسـیارێکی لـێ بکـا. پرۆفیسـۆر لەبیـری چـوو لەنێـو پاصـدایە، درێژەی دایێ:

"لە ڕاســـتیدا زمـــان ئـــاوێنەی زەیـــنە، توانســـت سیســـتەمێکی مـــوجەڕڕەدە و زانیـــاریی نابەرجەســـتەن، کە قســـەکەر دەتـــوانێ ئاخاوتنەکانی دەرببڕێ."

مامۆســـتا بەگشـــتی بیـــری کەوتەوە، هەر ئەو ئاخاوتنـــانەی لە موحارەزەکانی پرۆفیسۆر نووسیبۆوە. چاوی لە ئاوێنەی پاصـەکە کـرد، هەر تەنیـا خـۆی دی، بـۆیە بیـری کەوتەوە، کە لە مـاڵەوە بە دیار ئاوێنەوە وەستاوە. وێنەی پرۆفسیۆری لە ئـاوێنەی پاصـەکە نەدی، کەچـــی لە تەنیشـــتییەوە دەنگـــی دەبیســـت، ڕێـــک لە داوی ئاخاوتنییەوە پێی گوت:

"دەڵێی هیچت بیر نەماوە!"

مامۆستا چاوەڕێی ئەو پرسیارەی نەدەکرد، لە جەستەی ئەوی دەڕوانی، کاتێکی زۆر بوو بەسەر ئەو موحازەرانەدا ڕۆیشتبوو، پێی باشتر بوو، بچنە سەر بابەتێکی دیکە، یەکسەر گوتی:

"نەخێر".

پڕۆفیسۆر کەمێک هەڵچوو، جوولەی دەستەکان و هەناسەشی خێراتر بوون، بەڵام ئیدی ئێرە ناو پاصە نەوەک هۆڵی موحازەرە. ویستی پێی بڵی: "ئەی باشە چ لە من فێربووی، بۆ ئەو هەموو موحازەرانەم پێدان، چ سوودتان لێ وەرگرت." تۆزێ سەری لەرزاند، دەستێکی بە سمێڵ و لێویدا خشاند و لەسەر گۆچانەکەی دانایەوە، مەبەستی بوو، بڵێ: "چی لە من فێر بووی"، دواتر گوتی:

"ئەی چیت بیرماوە؟"

مامۆستا دیسان لە ئاوێنەی پاصەکەی ڕوانی، ئەم جارە لەگەڵ وێنەی خۆی کەسێکی دیکەشی لەگەڵ خۆی دیت، هێندە گوێی پێ نەدا، ئایا پڕۆفیسۆرە، یا کەسێکی دیکەیە، هەر هێندە دڵی خۆش بوو، تەنیا خۆی لە ئاوێنەکەدا نییە، لەگەڵ ئەوەش دوودڵ بوو ئەمە پڕۆفسیۆر بێ؟! دواتر کە سەرنجی لەسەر دەستەکانی سەر گۆچانەکەی بوو:

"بیرم ماوە... هەندێ شتم بیرماوە."

لەگەڵ ئەمەش لە ئاخاوتنی پڕۆفیسۆر بێزار ببوو، دەمێک بوو حەزی دەکرد بابەتەکە بگۆڕێ، لەبەر ئەوە هەڵیدایێ:

"دکتۆر لەبیرتە ڕۆژنارۆژێک دەهاتییە دووکانی حاجی عەلیی ماستفرۆش."

پرۆفیسۆر لێوە ڕەشەکانی بەتەواوی لێک خشاند، دەستی خستە ژێر عەینەکەکەی، چاوەکانی هەڵگلۆفی، پێی گوت:
"ئا... ئەو حاجی عەلییەی دووکانی لە تەنیشت دووکانی براکەت بوو، ئەمن دوو گەڕەکم دەبڕی لەلای وی ماستم دەکڕی."
هەناسەیەکی هەڵکێشا و پرسیی: "ئەری ئەو حاجی عەلییە ماوە؟!"
"نەماوە، چەند ساڵێکە وەفاتی کردووە."
پرۆفیسۆر بەهێواشی هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و دایەوە، دەتگوت گەڕاوەتەوە ڕۆژانی ڕابردوو، لەحزەیەک بێدەنگ بوو، دواتر هەڵیدایێ:
"ئای خوا عەفووت کا... لەبیرمە پێم گوت: حاجی لە مێژە ماست دەفرۆشی، گوتی، ئەوە عومرم پەنجا و پێنج ساڵە، هەر لە پێنج ساڵییەوە لەگەڵ باوکم ماست دەفرۆشم. ئای خودا عەفووت کا. پێم گوت، خۆزگەم بە خۆت! بەڕاستی من ماستی وی نەبووایە پێم نەدەخورا. خوا عالیمە چوارسەد تا پێنجسەد مەنجەڵە ماستم لای وی کڕیوە، ئۆه.. ئۆه.. ماست چ تەعامێکی مەزنە، سپی سپی، دەڵێی هەموو ڕەنگە سپییەکان، ڕەنگی سپییەتییان لە ماست دزیوە، پێم بڵێ لەسەر گۆی زەوی هیچ شتێ هەیە لە ماست خۆشتر و سپیتر، بزانە منداڵ عەقڵی نییە، بەس کاتێ گەورە بوو، ماست دەخوا نەک شیر، مرۆڤ تا گەورەتر دەبێ زیاتر حەزی لە ماستە."
مامۆستا بیری کەوتەوە، کاتێ دکتۆر دەهاتە ماستکڕین، هەمان ئەو قسانەی بۆ دەکرد، هێندە مەدحی ماستی دەکرد، لە هەموو شتێ زیاتر، پرۆفیسۆر درێژەی دایێ:

"بەو عومرەوەش ڕۆژێک بێ ماستم بە ڕێ نەکردووە."

مامۆستا حەزی لەو بابەتە بوو، دەتگوت یادەوەریی بەرە بەرە بۆ ڕۆژانی جاران دەگەڕێتەوە، پێی گوت:

"دکتۆر دەزانی چیم لەبیر ماوە؟!"

پڕۆفیسۆر دوودڵ بوو، ئایا مامۆستا دەگەڕێتەوە سەر باسەکەی زمانەوانی، یاخود بابەتی ماست، بەهێواشی گوتی:

"بڵێ چیت بیرماوە."

مامۆستا لە جامە گەورەکەی پێشەوەی پاصەکە لە هاتوچووی خەڵک و شاری دەڕوانی، لەحزەیەک سەرنجی خستە سەرتر کە ئاوێنەی پاصەکە بوو، خۆی و کەسێکی دیکەی دیت، دڵنیا بوو ئەم جارە ئەو کەسە پڕۆفسیۆر نییە، بیری کەوتەوە لە کۆلیژ پڕۆفیسۆر زۆر بایەخی بە سەر و ڕوخساری خۆی دەدا، هەتا کە سمێڵی دەهێشتەوە، هەردوو لای وەک یەک میزان دەکرد، ئاوێنەیەکی بچووکی هەبوو لە گیرفانی دەری دەهێنا و تەماشای سەر و ڕوخساری خۆی دەکرد، لە کاتێکدا بەردەوام سەر و سمێڵی ڕەش دەکردەوە، ناوە ناوە بە ئاوێنەکەی تەماشای خوارەوەی مووەکانی دەکرد، نەوەک سپی ببنەوە. هەروەها جاروبار بە دزییەوە گەندەمووکانی سەر ڕوومەت و دەوروبەری لووتی بە موکێش دەردەکێشان. جارێکیان ئاوێنە بچووکەکەی لە هۆڵی موحازەرە لەبیر کرد، ئەو کاتەی لەگەڵ خوێندکارێک بۆی بردەوە ژووری خۆی، پڕۆفیسۆر پاش دەستخۆشی هەر بە گاڵتە گوتی: "ها.. دەموچاوی منتان تێدا نەدی؟!" هەردووکیان بزەیەکیان کرد و بێدەنگ لە یەکیان ڕوانی. لە دالانی نێو هۆڵەکە خوێندکارە

هـاوڕێکەی گـوتی: "گومـانم هەیە، دکتـۆر تەماشـای ئـاوێنەکە بکـا." پێی سەیر بوو، "ئەوە هاوڕێکەی چ دەڵێ!" پرسیاری لێ کرد: "بۆ؟" هــاوڕێکەی گــوتی: "ئــاخر ئــاوێنەکە تەماشــای دکتــۆر دەکــا." هەردووکیــان دایــانە قاقــای پێکەنــین، بەڵام پێکەنینــی مامۆســتا، خوێنــدارانی دیکەشــی لەو مەســەلەیە ئاگــادار کــردەوە. دواتــر مامۆستا هەڵیدایێ:

"لەبیرمە جارێکیان کە بۆ ماستکڕین هاتی گوتت، بە دکتۆرێکی بەشی مێژووم گوتووە، تاریخی ماست لای کورد کەی دەستی پێ کـردووە، دکتـۆرەکە گوتـوویەتی، ئەوە دەشـێ بکـرێتە یەک کتێـب. ئەتـۆش پێـت گوتبـوو، یەک کتێبـی چـی؟ پێـنج شـەش جلـدی لـێ دەردەچێ!"

پڕۆفیسـۆر خەنییەوە، ڕوومەکاتەکـانی خـڕ بـوون و هەڵکشـان. چاوەکـانی داخسـت، وەک ئەوەی لەگەڵ خـۆی بـدوێ. پاصـەکەش هێواش هێواش ڕێی دەبـڕی و نـاو بە نـاو دەوەسـتا، هەنـدێ نەفەر دادەبەزیـن و هەنـدێکی دیـکە سـوار دەبـوون، ئێسـتا چـۆڵتر ببـوو، شـوفێرەکە دەتگوت لەگەڵ نەرمترین هـاوڕێی مـامەڵە دەکـا، چـونکە پاصەکە بۆ خۆی جادە و شەقامەکەی دەناسییەوە.

لەو کـاتەی پڕۆفیسـۆر لەبەر خـۆیەوە ئـم.. ئمێکـی کـرد، لە دڵـی خۆیدا گوتی: "لەو هەمـوو دەرس و موحـازەرانەی زمـانەوانی هەر دەرسی ماستی لەبیر ماوە!" هەستی کرد چاوی ئێشـێکی بچووکی لە ناوەوە هەیە، کەچی دوو مانگ پێش ئێستا دکتۆرێک پێ گوتبوو دەبــێ چــاوێکی عەمەلیــات بکــا. ســەرباری ئەوانە شووشــەی

عەینەکەکەی ژمارەی بینینی زۆر لەسەرێیە. لەگەڵ ئەمانەش ناو بە ناو وێنەکانی بەرامبەری تەڵخ و غێمن.

مامۆستا حەزی دەکرد گفتوگۆ لەبارەی ماست و حاجی عەلیی ماستفرۆشەوە درێژە پێ بدا، گوێی بە دەروونی پرۆفیسۆر نەدا، پێی گوت:

"ئەریّ دکتۆر! با وەک ڕۆژنامەنووسێک لێت بپرسم، لە کەیەوە ماستت پێ خۆشە؟"

پرۆفیسۆر وایزانی چاوەکانی جیقی کردووە، دواتر بەهێواشی لێوەکانی بە زمانی تەڕ کرد:

"وابزانم کاتێ سەردانی حاجی عەلیی ماستفرۆشم دەکرد، تۆ بووی، یا براکەت ئەو پرسیارەت لێ کردم."

مامۆستا وەڵامی دایەوە:

"لە ڕاستیدا من نەبووم، دەبێ ئەو بووبێ، بەڵام پرسیاری دڵی منیش بوو، چونکە کەسێکم نەدیوە وەک جەنابت هێندە هۆگری ماست بێ."

پرۆفیسۆر بزەیەکی کرد، هەردوو دەستی لەسەر گۆچانەکە گەمە پێ دەکرد، دوودڵ بوو بڵێ، با پێی بڵێم مادام ئەوەندە موشتاقی ئەو بابەتەی با براکەت وەڵامت بداتەوە، دواجار بە فیزێکەوە هەر پێی گوت:

"جا با براکەت ئەو وەڵامەت بداتەوە."

مامۆستا هەناسەیەکی پڕئاهی دایەوە، بەهێمنی بە دکتۆری گوت:

"بەداخەوە دکتۆر براکەم جەڵتە لێی داوە، ناتوانی قسان بکا."

پرۆفیسۆر لە دڵەوە هەستی بە گوناه کرد، نەچووە سنووری گوناه، ساتێک بێدەنگ بوو، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بێدەنگ لە جامەکانی لاتەنیشتی پاصەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، چەند دار تەسبێح و سنۆبەر و کالیپتۆسێکی سەر شەقامەکەی دی، هەستی کرد بۆوبەرامی بە لووتیدا گوزەر دەکا. چەند باڵەخانەیەکی بەرز و نزمی دیت، لە دڵی خۆیدا گوتی، تازە دەبێ جەوابی بدەمەوە، هەر هیچ نا لەبەر خاتری براکەی. پاشان گوتی:

"ئێستا براکەت سەلامەتە؟"

"دەڵێن بە مروری زەمەن باشتر دەبێ."

"کوڕی زۆر چاک بوو، لەبیرمە چەندان جار مەنجەڵە ماستی باشی بۆ هەڵدەگرتم، بەتایبەتی ئەگەر تاخیر بوومایە."

پرۆفیسۆر لە تەماشای لای ڕاستی جامەکەی بەردەوام بوو، کاتێ پاصەکە وەستا، سەرێکی لەرزاند و چاوێکی داخست، لەودیو جامەکان ورد بۆوە، زانیی مامۆستا چاوەڕێی وەڵامە، کە ئەو جارە پاصەکە دەستی بە ڕۆیشتن کرد، دەیزانی کەمێکی ماوە بگاتە بانقەکە، هێدی هێدی نووکی گۆچانەکەی لە ئەرزەکە دەخشاند و ڕێی دەبڕی، بە تیی چاو لە باڵەخانەیەکی بەرزی ڕوانی.

پاصەکە هێواش هێواش دەڕۆیشت، جاروبار حەزی دەکرد تەواوی قورسایی بخاتە سەر گۆچانەکە، ئەو ڕێگەیە ساڵانێکە بووەتە هاودەمی، ئەگەر چاویشی زەعیف بووە، کەچی زەینی هاوکاریی دەکا بیناسێتەوە، خۆ ئەو زۆر شت لەسەر زەین دەزانێ، بەتایبەتی پەیوەندیی زەین و زمان و وێنەکان. پێش

ئەوەی بیـری بکەوێـتەوە، ددانە لاوازەکـانی خسـتە سـەریەک و پاشـان هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێشـا، ئەوکـات پێشـنیوەڕۆی هاوینێکی گەرم بوو، لەگەڵ منداڵان و کوڕیژگەی گەڕەک لە نزیک ماڵی خۆیان لە گۆڕەپانێکی بچووک یاریی فوتباڵی دەکرد، هەردوو تیم هیلاک ببوون، ئەو بەیانییەکەی نانیشی کەم خواردبوو، هێندە حەزی لە یاری بوو، هەر زوو لە ماڵ دەرکەوتبوو، لەبەر خۆیەوە گـوتی، هەرگیـز ئەو ڕۆژانە نـاگەڕێنەوە، گەورەبـوونیش وەکـوو نەخۆشی وایە! لە یارییەکە زۆر ماندوو و هیلاک بوو، تۆزی خۆڵە وشکەکە و گەرمای هاوینەکە تێنووی کردبوو، کونەلووتی پڕ تۆز و ڕەنگـی خـۆڵاویی گرتبـوو. کـاتی لە یـارییەکە بردییـانەوە، شاگەشکە بوو. کەچی برسیەتی لە کۆڵ نەبۆوە، بەپەلە و غاردان ڕووی لە مـاڵەوە کـرد، دەرگـای سـەرەکیی ماڵەوەیـانی دانەخسـت، دایکـی لە مەتـبەخ بـوو، سـێ گـڵاس ئـاوی خـواردەوە، یەکبـین گڵاسـەکانی بەسـەر دەمیدا دەکرد، ئاو بەلا لێویدا دەخزایە سـەر سـنگی، بە دایکـی گـوت، "دایە، برسـیمە"، دایکـی لەوێـدا خەریکـی چێشـتلێنان بـوو، پێـی گـوت، "سـەبر بگـرە، نیـو سـەعات کەمتـر خــواردن حــازر دەبــێ." ئەویــش ئــارامی لەبەر بڕابــوو، "دایە، بەخـودای زۆر برسـیمە، مەعیـدەم هـاوار دەکـا." دایکیشـی بەپەلە هێنـدێک ماسـتی لە قـاپێکی وەک جـام لەگەڵ بڕێـک نـان و شـەکر تێکەڵ کرد و بە کەوچکێک تێکی دان، هەستی کرد شل نییە، بۆیە کەمێک ئاوی تێ کرد و بە کوڕەکەی دا.

بیری کەوتەوە لەسـەر ئەرزەکە دانیشـت، لە قـاپەکەی نەڕوانـی، دەسـتی بە خـواردن کـرد، هەمـوو جەسـتەی پـڕ بـوو لە خۆشـی،

دەتگوت بە ئاسماندا فڕیوە، ئەو ڕۆژانەی پێ خۆشترین ڕۆژی ژیانی بوو. دواتر لە قاپەکەی ڕوانی، ماست و شەکرەکە ڕەنگی نانەکەشیان سپی کردبوو، ئیدی لەو کاتەوە گەلێ جاران خۆی ماست و نان و شەکری تێکەڵ دەکرد و دەیخوارد، جارێکیان بە دایکی گوت، "ئەرێ دایە! ماست و نان و شەکر پێکەوە زۆر بەتامە، نازانم کامەیان کامەیانی بە تامتر کردووە!" دایکیشی پێی گوت، "کوڕم، ئێستا گەورە بووی، ئەوە بۆ منداڵان حازر دەکرێ." "وەڵڵا دایە.. لای من خۆشترین تەعامە." هەر بەڕاستی لە ماڵی ئەوان ماست زۆر دەخورا و لەگەڵ خواردن و تەعامی دیکە بەکار دەهات، لە دڵی خۆیدا گوتی، "ئای دایە! خوا عەفووت کا.. دڵت وەک ماست وا بوو... سپی.. سپی بوو."

ئاگای لەوە نەبوو، مامۆستا هێشتا بە دوای وەڵامەوەیە، هەستی کرد دەبێ شتێ بڵێ، بۆیە پێی گوت:

"بە منداڵی دایکم فێری کردم."

دڵی بەوە خۆش بوو، هەموو لەوەی ڕووی داوە و بیری کەوتووەتەوە، گومان لەوە نییە چیرۆک و بەسەرهاتێکی تەواوە، کەچی بە یەک دوو وشە بۆ تەلەبەکەی گێڕایەوە، حەزی دەکرد تەلەبە کۆنەکەشی هەست بەوە بکا، دواتر هەر لە جامەکەی تەنیشتییەوە هۆڵەکەی سەر جادەی گشتیی دیت، زانیی یەک وێستگەی ماوە بگاتە بانقەکە، پێش دابەزین بە مامۆستای گوت:

"خوا حافیز."

"بەخێر چی دکتۆر."

مامۆستا دیتی ماوەیەک پرۆفسیۆر لە نزیکییەوە ڕاوەستا، دواتر پاصەکە لەسەر جادەی بەرامبەر شەقامی بانقەکە لە وێستگەکە ڕای گرت، پرۆفیسۆر هێواش هێواش دابەزی، مامۆستاش لە باڵەخانەیەکی تازە و بەرزی نزیک وێستگەکەی ڕوانی، دواتر هەر لە جامەکەی تەنیشتییەوە ویستی تەماشای پرۆفیسۆر بکا، کە دەرگەی پاصەکە داخرا و دەستی بە ڕۆیشتن کرد، لە وێستگەکە و دەوروبەری ڕوانی هیچ ئەسەرێکی پرۆفسیۆری نەدی، هەر خێرا بۆ لەو دەوروبەرە نییە، ئەگەرنا بۆ لە نزیک وێستگەکە نییە، پێی سەیر بوو، لە هیچ لایەکەوە نەیدۆزییەوە، بە خۆی گوت، "چییە! خۆ زەوی قووتی نەداوە، یان نەبووەتە هەڵم بچێتە ئاسمان، ئەوە پرۆفسیۆر چ زوو ون بوو؟!"
زۆر چاوی گێڕا، سەری پەنجەی ئەسپێکوژەی بەنەرمی گەست، سەرسام ما، لە دڵی خۆیدا لە خۆی پرسی، "ئای پرۆفسیۆر لێرە بوو یان نا؟!"

کە پاصەکە تەواو لە وێستگەکە دوور کەوتەوە، تەماشا مەقعەدی بەتاڵی تەنیشت خۆی کرد، تا زاکیرەی تاقی بکاتەوە، چونکە دەمێک پێش ئێستا ئەو لە تەنیشتی دانیشتبوو، هەر لەو مەقعەدە، چاوانی هەڵگڵوفی، ئاوێنەیەکی بچووکی شەخصیی دی، هەڵیگرتەوە، تووشی سەرسامی بوو، لە لایەکەوە گومانی بۆ دروست ببوو، چۆن لەناکاو دکتۆر دیار نەما؟! کەچی ئەوەتا ئاوێنەیەکی بچووک و شەخصیی خۆی وەک هی سەردەمی کۆلیژ لەنێو پاص جێ هێشتووە، بە خۆی گوت، "ئەوە هەمان ئاوێنەی

سەردەمی کۆلیژە، دیارە دکتۆر ئێستاش لەگەڵ خۆی هەڵیدەگرێ و لێرە لێی کەوتووە!"

تەماشایەکی ئاوێنەکەی کرد، نەک لە زەینیدا، بەڵکوو وای زانی هەر لە ئاوێنەکە ڕوخساری مامۆستای دیتووە، بزێک خەنییەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی، "ئەو جارە دکتۆرم دیت"، هەستی کرد دەبێ ئاوێنەکە بداتەوە دکتۆر، ئەو بۆ چیەتی؟! لەو بارودۆخەدا ئەگەر دکتۆر تەماشای ئاوێنەکەش نەکا، ڕەنگە دڵی پێی خۆش بێ و زۆربەی یادەورییەکانی هەر لەو ئاوێنەیەدا هەڵگرتبێ.

پاش ئەوەی پاصەکە وێستگەیەکی دیکەی بڕی، مامۆستا ئاوێنەکەی توند لە مشت گرت، یەکسەر دابەزی، سەرەتا خێرا بەغاردان ڕووی لە وێستگەکەی پێشوو کرد، کە گەیشتە وێ بەوردی لە هەر چوار دەوروبەری ڕوانی، نەک هەر دکتۆری نەدی، کەسێکی نەدی گۆچانی لە دەست بێ. دواتر ڕووی لە شەقامی بانقەکە کرد، پێی وابوو لەبەر ئەوەی پرۆفیسۆر بە گوچانەوەیە، ڕەنگە لەگەڵ وی بگاتە بانقەکە، بەڵام کە گەیشتە بانقی دوین زۆری پێ سەیر بوو، لە شۆستەی پێشی پەرژینێک دانرابوو، لۆگۆی کۆمپانیایەکی پێوە بوو، تەعمیر دەکرایەوە، کرێکار و کارمەندەکانی خەریکی کار بوون، گومان لەوە نەبوو نۆژەن دەکرایەوە.

مامۆستا وەستا، دەمێ تەماشای هەموویانی کرد، دواتر لە کرێکارێکی پرسی:

"پیرەمێردێکی صاحێب گۆچانتان نەدیوە، عەینەکێکی لە چاو بوو."

نەک هەر ئەو کرێکـــارە، یەک دووانێکـــی دیـــکە بە "نەخێـــر" وەڵامیان دایەوە، مامۆستا لە ئاوێنەکەی مشتی ڕوانی، هەر خۆی دیت، بە کرێکارەکەی گوت:

"چەند دەبێ خەریکی تەعمیرن؟!"

کرێکارەکە وەڵامی دایەوە:

"برا، ئەوە نزیکەی دوو مانگ زیاترە، لەو بانقە کار دەکەین، کاروباری ئێرە هەموو گواستراوەتەوە بانقی فیدراڵ."

مامۆستا هەرچەنـدە لەوێ بێئومێـد ڕۆیشـت، بەڵام هێشـتا بڕوای وا بوو لەو نزیکانە دەیدۆزێتەوە، لە خۆی پرسی، "مادام نەهاتووەتە بانق، دەبێ بۆ کوێ چووبێ؟! دەبێ نەچووبێتە بانقێکی دیکە؟! جا بانقی دیکە لێرە دوورە، نازانم مێشکم بۆ هیچ وەڵامێ ناچێ! نازانم چ زوو دکتۆر ون بوو، لەگەڵ من لەناو پاص بوو، زۆر تەواو بوو، نا نا هیچ عەیبی نەبوو، ئەدی چەند قسەی بۆ کردم."

بیست مەترێک پێش بانقەکە مارکێتێکی بچووک هەبوو، پیاوێک کە تەمەنی خۆی لە کەمتر لە چڵ ساڵ دەدا بەڕێوەی دەبرد، مامۆستا هەمان پرسیاری دووبارە کردەوە، چەند جار وەصفی دکتۆری بۆ کابرا کرد، هەتا ئەگەر بەوێدا تێپەڕیبێ، کەچی بە "نەخێر" وەڵامی دایەوە.

مامۆســـتا ســـەری هەڵبـــڕی تەماشـــای ئەو نـــاوەی کـــرد، نانەواخانەیەکی بەرامبەری مارکێتەکە دی، وا خەریکی گەرمکردنی تەنـــدرووەکانن، چـــوو لەوێ پرســـیاری دکتـــۆری لەوان کـــرد، بەتایبەتی لەو نانەوایەی پارە وەردەگرێ، چونکە سەرنجی لەسەر

خەڵکــی شــەقامەکە دەبــێ، بەڵام لەوێــش هیچــی چنــگ نەکەوت، ئەوانیش بە "نەخێر، نەدیتن" وەڵامیان دایەوە.

مامۆستا کەمێ نیگەران بوو، دەستی بە گەڕان کرد، دوو کۆڵان پێش بانقەکە و دوو کۆڵان پشت بانقەکە گەڕا و پرسیاری کرد، کەچی هیچی چنگ نەکەوت، گەڕایەوە هەمان وێستگەی کە دکتۆر لێــی دابەزی بــوو، لە نزیــک ئەوێ پاکەتفرۆشــێکی دی، خەبەری دکتۆر و دیتنیی لێ پرسی، پاکەتفرۆشەکە مێردمنداڵێک بوو، پێی گوت:

"سەعات و نیوێکە لێرەم کەسی وام نەدیتووە."

مامۆستا بەرەو هەمان ئەو وێستگەیەی خۆی لێی دابەزیبوو، گەڕایەوە. ئاوێنەکەشی لە مست بوو، هەستی کرد لە خێراییان و هیلاکی دڵی بە کوتەکوت کەوتووە، کەچی هەر خێرا دەڕۆیشت، لەسەر شۆستەکە کۆسپێکی نەدی، ویستی لێی باز بدا، بەر بۆوە و کەوت، ئاوێنەکەی مشتی بەر بۆوە و شکا و بووە چەند لەت و پارچە، لەتەکانی لەسەر شۆستەکە پەرت بوون، سەیری لەتەکانی کرد و ئاهێکی هەڵکێشا، لەتەکانی کۆ کردەوە، لە لەتێکدا کێلی قەبرێکی دی لێی نووسرابوو "فەریق عومەر فەرەج"، دڵی داخورپا، هەردوو چاوی پڕ تەم بوون، خۆزگەی دەخواست هەندێ بگریابا، بە خۆی گوت، "بۆ لە پاصەکەدا بە دکتۆرم نەگوت، لە ئاوێنەکە دەرناکەوی!"

هەولێر/٢٠٢١

# لاسایی

پـێش ئەوەی دەرگەی کـۆلێتی مریشـکەکەم دابـخـەم، دەمـێ لە بەردەمـی دانیشـتم، مریشـکەکە دەیویسـت لە دەرگە بچـووکەکەوە بێتە دەرەوە، ڕێگەم لـێ گرتبـوو، بە لەپـی دەسـتم دەرگەکەم تونـد گرتبوو، هەستم دەکرد جاروبـار مریشـکەکە دەنوکی لە لەپـم دەدا، پێم خۆش بوو، ختۆکەم بێ. کە مریشکەکە وازی نەهێنا پـاڵم پێـوە نا و دەرگەکەم داخست.

حەزم دەکـرد هێشـتا لە کۆشـی گوڵبەهـار گەمەم کردبـا، کە دەرگەی کۆلیتەکەی داخست، لێی دانیشتم بە باڵە سـپییەکانم خـۆم داپۆشـی. لە چەنـد تیشـکێکی ڕووونـاکیی دەرەوەم دەڕوانـی، کە لە کـۆلیتەکەوە دەهـاتنە ژوورەوە، ویسـتم چـاوم دابـخـەم و بنـووم، دواتر تەماشای ئاوەکەی بەردەمم کرد، لەبەر ئەوەی لە جۆگەڵەی کۆڵانێ ئاوم خواردبۆوە، تێنووم نەبوو، چاوم داخست.

پـێش هەفـتەیەک گوڵبەهـار هەسـتی کـرد زۆر شـتی ماڵەوەیـان گۆڕاوە، لەپڕ دایکی جلی ڕەشی پۆشی، تا ڕادەیەک غەمگینی بـاڵی بەسـەر ماڵەوەیـان کێشـا، نە دایکـی، نە بـاوکی، نە سـیروانی بـرای، وەک ڕۆژانـی پـێش ئەو هەفـتەیە زەوق و سـەلیقەیان هەبـوو، لەو

هەفتەیەدا زۆر ڕووداو و بەسەرهاتی داپیرەی بیستبوو، نەخۆشیی داپیرەی، کاریگەریی نەخۆشیی لەسەر ژیانی، ئەو کاتەی وەفاتی کرد، چۆن شۆردیان! کێ هاتە سەر قەبران، چۆن ناشتیان! لەوێ مەلاشی لێ بوو، کێ خواردنی هێنا؟ باسوخواسی ئەو ڕۆژانەی تازیە دانرا! کێ نەهاتە پرسەکەی! لەگەڵ هەموو ئەوانەش غەریبیی داپیرەی دەکرد، کەچی لەبەر ئەوەی زۆر دەهاتەماڵیان کاردانەوەی نەمانی داپیرەی لە دایکییەوە زیاتر هەست پێ دەکرد، ئەو لە ماڵی خاڵی، داپیرەی دەدی. چونکە لە ماڵی خاڵی گەورەی دەژیا.

کەمتر لە دە مانگ بەر لە ئێستا، کاتێ لەگەڵ دایکم چووینە بازاڕی کووران، دایکم جووجەڵەیەکی بۆ کڕیم، پێشتر مەراقم لە کەروێشک داگرتبوو، ئەمیرەی دەستەخوشکم فەرخە کەروێشکی برای لەگەڵ خۆی بۆ گەمەکان دەهێنا، بەڵام دواجار دایکی ئەمیرە هەموو کەروێشکەکانی هەر لە بازاڕەکە فرۆشتەوە، دەیگوت باخچە بچووکەکەی ماڵەوەیانی وێران کردووە، هەموویان هەڵکۆڵیوە و زوو زوو زیاد دەکەن.

من مریشکەکەی گوڵبەهارم پێش ئەوەی ببمە باڕکە، دایکی زۆر یارمەتیی دەدام، نەیدەهێشت تەنیا بم و ببمە ژەمێکی پشیلەکان، هەروا دانیشی پێ دەدام. گوڵبەهار زۆر منی خۆش دەویست. جووجەڵە بووم جارێکیان لەسەر کۆشی بووم، یاریی لەگەڵ دەکردم، لە تەک دایک و باوکی و براکەی دانیشتبوو، ئەو ڕۆژە دوای نانخواردن، چاوەڕێی میوان بوون، منی لەسەر لەپی دەستی بەرز دەکردەوە و بۆ ئاسمانی هەڵدەدام و لە شەققەی باڵم دەدا،

گوڵبەهـار حەزی دەکـرد وەکـوو تەیروتـواڵ بفـڕم، هەوڵـم دەدا و باڵەکانم لێک دەدا، کەچی لەشم قورس بوو، هی ئەوە نەبوو بفڕم، بەینـی خۆمـان بیٚ دەشترسـام. گوڵبەهـار ئەوەی پیٚ خـۆش بـوو، بەڵام مـن حەزم بەو یـارییە نەدەکـرد، ئەو وای دەزانـی وەکـوو کۆتر، یا کووکووختی باڵ دەگرم و بە بنمیچی ژوورەکەدا دەفڕم، پێشتر دیبووی مریشک کە لە سەربان خۆیـان هەڵدەدەن دەتگوت دەفڕن، دایک و باوک و براکەی ئاگایان لەو نەبوو، کـاتیٚ وازی لە گەمە هێنا و منی لە کۆشی خۆی دانـا، یەکسـەر جیقنەیەکم خسـتە سەر ماکسییە نیللییەکەی، گوڵبەهـار منی تیٚ هەڵدا، هـاواری کـرد: "دایە ماکسـییەکەی پـیس کـردم". دایکـی خـۆی تێک نەدا: "ئەوجـا چییـە کچـم، بـڕۆ بە ئـاویٚ بیشـۆ." کە چـوو شـوێنەی شوشـت و گەڕایەوە منـی لە ژووریٚ نەدیـتەوە، خـۆم لە پشـت دەرگـاکەوە شـاردەوە. دایکی پێی گـوت: "ئەوە لێت تـووڕە بـووە، وا لە پشـت دەرگەکەیە"، کـچە وای زانـی لە تووڕەییـان چـوومەتە پشـت دەرگـاکە، ئەگەرنـا ئەویٚ شـوێنێکی ئەمـین بـوو، لەویٚ هەسـتم بە ئارامی دەکرد.

دەمویسـت وەک دایکـم جـووجەڵە بەخێـو بکەم، هەسـتم دەکـرد نـاتوانم وەک ئەو بـم، دەستەخوشـکێکی دایکـم هـاتبووە پرسـە، لە مـاڵەوە لەگەڵ دایکـم خەریکـی قسـەوباس بـوو، سـیروان کە دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو، پێم گوت: "نازانم لەبەر چی دایکـم وەک جـاران دان و ئـاو بە مریشـکەکەم نـادا؟" ئەو لە کاتێکدا دەیویسـت بچێـتە دەرەوە، وەڵامـی دامەوە: "واز لە دایکـم بێـنە، بـۆ خـۆی غەمگیـنە، کـاتی بەخێـوکردنی ئەو مریشـکە پیسـەی نیـیە!" ئەو

قسەیەی سیروانم زۆر لە دڵ گرت، لە لایەکەوە پێم ناخۆش بوو مریشکەکەمی وا بێقیمەت کردووە، لە لایەکی دیکەوە دایکم لە ناوەڕاستی ڕێگە جێی هێشتووم، دواتر سیروان درێژەی دایێ: "هیچی کە دایکم بەو مریشکە پیسە مەشغوول مەکە." لە تووڕەییان پێم گوت: "جا تۆ هەقت چییە!" هەستم کرد سیروان تووڕەترە، گوتی: "هەقم هەیە و زیاتریش، وەختێ جووجەڵە بوو قەی ناکا، بەڵام ئێستا مریشکێکی تەواوە."

"با مریشکی تەواویش بێ، داکم هەر بەخێوی دەکا."

"ئەتوو لە هیچ ناگەی، ئیشاڵڵا پشیلەیەکی گەورە، دەیخوا لە دەست جیقنە و پیسییەکەی قوتار دەبین."

گوڵبەهار ئەو کاتە بە تەمابوو لەو بارەیەوە قسەیەک لەگەڵ دایکی بکا، بەتایبەتی پاش ڕۆیشتنی میوانەکان، بەڵام دایکی ئەو ڕۆژە میوانی زۆری هاتن، ناچار خۆی دان و ئاوی پێ دا، سیروانیش بە کارێکی باوکی ڕۆیشتە دەرەوە. سەرەتا گوڵبەهار حەزی نەدەکرد بارکەکە لە کۆلیتەکەی بێتە دەرەوە، دایکی پێی گوت: "کچم وا نابێ، دەبێ مریشک و باڵندە بێنە دەرەوە، دان بخۆن، زیخ و چەو بخۆن، بە کەیفی خۆیان بە دوای خواردندا بگەڕێن." گوڵبەهار زۆر پێی سەیر بوو، یەعنی چییە زیخ و چەو بخۆن، بە دایکی گوت: "بۆ زیخ و چەو بخۆن؟"

"ئاخر بۆ ئەوان باشە، تەیروتواڵ زیخ و وردکەبەرد دەخۆن."

"یەعنی زیخ و چەو باشە؟"

"بەڵێ."

گوڵبەهار وەڵامی دایکی پێ سەیر بوو، گوتی: "ئەی بۆ ئێمە نایخۆین!"
دایکی وەڵامی دایەوە: "بۆ ئێمە خراپە و بۆ ئەوان باشە، مریشکە دەبێ چینە بکا، زیح و چەو بخوا باشە بۆی."
کاتێ لەگەڵ ئەمیرە و کەژاڵی دەستەخوشکی یاریی ماڵەباجێنەیان دەکرد، ئەو کاتەی بارکە بووم زۆربەی کات لای بووم، دەچووم لە جۆگەلە و چڵکاوی کۆلانان ئاوم دەخواردەوە، نەک هەر ئەوە لە چڵکاوەکە دەنوکم دەگەڕا و چینەم دەکرد، کە سەرم بەرز کردەوە دیتم گوڵبەهارە لچم لێک هەڵێنا، زۆرم پێ ناخۆش بوو. دواتر بێزی لە خۆی کردەوە، بەتایبەتی لە بەرامبەر هەردوو دەستەخوشکی، هیچ گوێم پێ نەدا. چونکە وای دەزانی ئێستا ئەمیرە، یان کەژاڵ سەرکۆنەی دەکەن، لەبەر چی ڕێگەی داوە، منی بارکە لەوێ ئاو بخۆمەوە! بەڵام ئەمیرە و کەژاڵ هەر ئاگایان لە من نەبوو. ئەمیرە بووکۆکەیەکی جوانی هەبوو، خەریکی ڕازاندنەوەی بوو. کەژاڵیش ماڵەکەی پاک دەکردەوە. ئێوارە کە منی لە کۆلیت نا. چوو ئاوێکی خاوێنی لە بەردەمم دانا، بەیانییەکەی تەماشای کرد هیچم لە ئاوەکە نەخواردبۆوە.
پێنج ڕۆژ دوای تازیە حەزم دەکرد دایکم لەگەڵم خزمەتی مریشکەکە بکا، بەڵام سەرباری غەمگینی، دایکم زیاتر خەریکی میوان و سەرەخۆشی بوو. ئێوارەی ئەو ڕۆژە کە باوکم و سیروان بە یەکەوە گەڕانەوە، دایکم بە باوکمی گوت: "دەستەخوشکێکم لە ئاکرێوە دێ، ڕەنگە شەو بمێننەوە." بەڕاستی لە دڵەوە پێم ناخۆش بوو، دایکم هیچ کاتێکی بۆ مریشکەکە نییە،

لە کاتێکدا لە دایکم نزیک بووم، بە نزمی چرپاندم: "دایکم میوانی زۆر دێ." کەچی سیروان بەرپەرچی دامەوە: "جا ئەتوو هەقت چییە؟!" منیش بە ڕقەوە لەوم ڕوانی، پێم گوت: "هەقم هەیە، چونکە دایکی من و مریشکەکەیە." سیروان قاقا پێکەنی، لە کاتێکدا لەبەر وەفاتی داپیرەم، دایک و باوکم هێندە بەو گفتوگۆیانە سەرقاڵ نەبوون، حەوشەکەیان جێ هێشت، سیروان گوتی: "دیارە دایکی من نییە!"

"با... دایکی تۆشە." بە نابەدڵی جەوابم دایەوە.

سیروان ڕووی لە دایکم کرد و هاواری کرد: "دایە ئەدی ئەتو تەنیا کوڕ و کچێکت نییە؟" هەردووکمان گوێمان لێ بوو دایکم گوتی: "با" و هیچی دیکەش. لەو دەمەدا لچم لەسەر یەک توند کرد و دڵتەنگ بووم، وام دەزانی خوشکێکی دیکەم هەیە، کە ئەویش مریشکەکەیە، لەبەر ئەوە بە سیروانم گوت: "مریشکەکەش خوشکی منە." سیروان ڕووی تێ کردم: "ئیف مریشک حەیوانە، چۆن دەبێتە خوشکی تۆ! ... جا ئەگەر وایە خوشکی منیشە، ئەمن ئەو خوشکەم ناوێ، خوشکی حەیوانم ناوێ." سیروان لە بەرخۆیەوە دوو سێ جار لە سەریەک دووبارەی کردەوە: "خوشکی حەیوان!"، لەگەڵیشی قاقایەکی دەستکردی لەژێر لێوەوە هات، لێی دا حەوشەکەی جێ هێشت.

دەزانم گوڵبەهار لەو شەوەدا زۆر دڵتەنگ بوو، هەتا خواردنی بە دڵی نەکەوت، بە چاوی خۆی هەموو قۆناغەکانی پێگەیاندن و گەورەبوون و گەشەسەندنی منی دی بوو. ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵم گەورە ببوو، دەتگوت خۆی گەورە بوو، زۆر سەبووریی بە من

دەهـات، بە جـۆرێ کە خـۆی بەشـێکە لە مـن، هێنـدە تـێکەڵم ببـوو، دەهـاتە بەردەم کـۆلیتەکە، منـیش کە ئەوم دەدی خـۆم دەسـتەمۆ دەکـرد و هـیچ هەسـت و خوسـتم نەبـوو. کە دەرگەی کـۆلیتەکەی کـردەوە جیکەم لێوە بـۆ دەکـرد، گوڵبەهـار دەری هێنـام و لەسـەر کۆشـی دادەنـام و دەسـتی بە باڵەکانمـدا دەهێنـا، لە بەرخـۆیەوە هێـواش هێـواش بـۆم دەدوا: "کـێ دەڵـێ خوشـکی مـن نیی..نازدارەکەم... با. ئەتوو خوشکی منی، لە من گچکەتری، مادام ئەمـن بە خوشـکی خـۆم قبووڵـت دەکەم، خوشـکی منـی، دایکشـم دەزانێ ئەتوو خوشکی منی، ئەمن گوتم دایە مریشکەکە خوشکمە، خوشـکی مـنە، ئەویـش گـوتی، ئـا... خوشـکێکی ناسـکت هەیە." گولبەهـار منـی بڵنـد کـرد، مـاچێکی لـێ کـردم و خسـتمییەوە کۆلیتەکەم.

هەفـتەی دوو تـا سـێ ڕۆژ لەگەڵ ئەمیـرە و کەژاڵـی دەستەخوشـکم گەمەمـان دەکـرد و مـاڵی بچـووک بچووکمـان لە تەنیشت یەک بە بەرد جودا دەکردەوە، یا لە بەردەم ماڵی خۆمان، یا هی ئەمیرە، یان کەژاڵ ماڵ ماڵمان دروست دەکرد، لە تەنیشت یەکەوە زیاتر بە بەردی بچووک جودامان دەکردەوە. ئەمیرە ماڵە بچووکەکەی لە دەستە ڕاست بوو، لەبەر ئەوەی ساڵێک لە من و کەژاڵ گەورەتـر بـوو، بووکـۆکەکەی دەهێنـایە ئەوێ و خـۆی کردبووە دایکی. منیش لە ناوەڕاست ماڵم دانابوو، هەروا کەژاڵ لە دەسـتە چەپ، هەرسـێ مـالە بچـووکەکەش دیواریـان لەسـەر یەک بوو، ڕووبەری ماڵە بچووکەکان مەترێک یا مەتر و نیوێک دەبوو، ئەمیرە بووکۆکە چاو زەقەکەی لەنێو لانکۆڵەیەکی بچووک دانابوو،

لە پـاینی مـاڵەکە ژووریٚکـی بە بەرد سـنووررێژ کردبـوو، تەنیـا لانکۆڵە و بووکۆکەی تێدابوو، جاروبار لە خۆوە بە ئێمەی دەگوت: "ئەوە بەفرین دەگرییێ، دەچم شیری دەدەمێ." کەژاڵیش لە ماڵە بچووکەکەی دەیگوت: "خوشکم کەینێ میوانی ئێمە دەبن؟" منیش لە ناوەڕاست خەریکبوو لەتە فەرشێکم ڕادەخست، ژووریٚکم لە ڕووبەری ماڵەکە جودا دەکردەوە و گوتم: "خوشکم ئەو ماوەیە ئێمە میوانمان زۆر هاتووە، زۆر ماندوو بووین، با هەفتەیەکی دیکە بێن!"

مریشکەکەش لە جۆگەڵەی کۆڵانەکە خەریکی چینە بوو، جاروبار تەماشای ویم دەکرد، هەرچەندە پێم ناخۆش لە جۆکەڵەکە بێ، بەلام تاقەتم نەبوو بە دوایدا بچم، بە تایبەتی لەو کاتەدا خەریکی گەمان بووم، زۆر جاران دایکم دەهات چاوێکی لە مریشکەکە دەکرد و تەماشای ئێمەی دەکرد و دەچووە ماڵەوە.

کەژاڵ چەند لاسک و پوشێکی لە دەست بوو، خەریکبوو ماڵەوەی گەسک دەدا، ئەمیرە پەردەی لانکۆڵەکەی هەڵدایەوە، لەگەڵ ئەوەی دەیگوت: "ئەی ڕۆ.. ئەی ڕۆ.. مەگری کچم.. مەگری" بووکۆکەکەی هەڵگرت و وەک دایکی شیری پێ دا، لەو دەمەدا منیش هەستامەوە سەر پێ و گوتم: "هەتا ناو بازاڕ دەچم تەماتە و شت دەکڕم بۆ نیوەڕۆی." لێم دا و تۆزێ دوور کەوتمەوە، دیتم ئەمجارە مریشکەکە لە نزیک ئێمە خۆی هەڵکوڕماندبوو، تەماشای منی دەکرد، کەژاڵ و ئەمیرەشی دەناسی، دواتر چووم هەندێ بەردی خڕ و پووشکە و پەلاش و لاسک و پەلەداری بچووکم لەگەڵ خۆم هێنا و لە ژووریٚکی بچووک لە تەنیشت لەتە

فەرشـەکەم دانـا، کە گـوایە مەتـبەخە و دەسـتم بە خـواردن لێنـان کرد، ئەمیرە بەفرینی بە سینگییەوە نا و بڵماندی: "دەڵێی نەخۆش دەکەوی کیـژم، بـابچم لە کـن دکتـۆر خالیـد شـروبەکت بـۆ بێنم." هەسـتا و گـوتی: "ئەمـن دەچـمە لای دکتـۆر مەحمـوود، کیـژەکەم نەخۆشە."

منیش حەزم نەدەکرد ئەمیرە هەستی گوتم: "ئەرێ ئەو کیژەت بەردەوام نەخۆشە، ئاگات لێی بێ."

کەژاڵیش پشتی منی گرت: "ئـاخر زوو زوو دەیشـوا، نەخـۆش دەکەوێ."

ئەمیـرە کە هەنگـاوێکی هەڵێنـا، بەسـەر بەردەکانـدا ئـاوا بـوو، وەڵامی هەردووکمانی دایەوە: "هـیچ نییە تۆزێ قورگی ئەستوور بووە، شروبەکی باشی بۆ دێنم و دێمەوە." ڕۆیشتە ماڵی خۆیان، پەرداخێکی لاستیکی بچووکی هێنا و گەڕایەوە، چوو بووکۆکەی لە لانکۆڵەکە نا و هەڵی دایێ: "دکتۆر خالید گوتی، ڕۆژێ سێ جار بیدەنێ، سێ ڕۆژی دیکە چاک دەبێ، سەرمای بووە."

کەژاڵ کە دانیشـتبوو لەتە کلیمێکـی ڕادەخسـت، گـوتی: "ئەدی دایکم نەمگوت سـەرمای بـووە." منـیش پشـتم گـرت و دووبـارەم کردەوە: "با گوتت سەرمای بووە، دیارە نەخۆش کەوتووە."

ئەمیـرە لە بەرخـۆیەوە وەک وەڵامێـک کە بەفرینـی لە لانـکەکە دەژەنـد گـوتی: "شـروبت خـوارد کیـژم، دەی بنـوو، زوو چـاک دەبییەوە."

منیش گـوتم: "ئـا... شـیوم لـێ نـا، چەند ماندوو بـووم، ئەو مـاڵە زۆر مانـدووم دەکـا." پاشـان کەژاڵ هەڵـی دایـێ: "وەڵـڵا ئەمنـیش

مانـدووم له سـبەینێوە هەر خەریکـی خـاوێنکردنەوەی مـاڵەکەم، هێشتا تەواو نەبووە." هەر چاوم لەسەر بووکۆکەکەی ئەمیرە بوو، زۆر جوان بەخێوی دەکرد، قەت نەیدەهێشت هیچ زەرەرێکی پێ بگـا. بە ئەمیرەم گـوت: "ئەگەر پیـریش بـین ئەو شـروبە چاکمـان دەکـاتەوە؟" نە ئەمیـرە، نە کەژاڵ لە جـددیەتی ئەو پرسـیارەم نەگەیشـتن، بەڵام ئەمیرە وەڵامـی دامەوە: "ئەدی ئەو شـروبە زۆر باشە، دایک و باوکیشم دەیخۆن."

جارێکیان گوڵبەهـار لە بەردەم کۆلیتەکەم گێڕایەوە کە بۆخـۆی بووکۆکەیەکی هەبووە، بەڵام سیروانی برای دەستێکی لێ کردەوە، چـونکە گوڵبەهـار تـۆپەکەی لـێ شـاردبۆوە، لەو ڕۆژە هەرچەنـدە دایکـی دەسـتەکەی بـۆ عـیلاج کردبـوو، بە دایکـی گـوت نـایەوێ، تـا دایکـی دایە کـچە خزمێکـی هەژاری خۆیـان. گوڵبەهـار لە بەردەم کۆلیتەکە دەیگوت: "دایکم بووکـۆکەم بـۆ دەکـڕێ، بەڵام جـارێ پێم باشترە خوشکی تۆ بم، نەوەک دایکی بووکۆکە."

دوای شـەش ڕۆژ گوڵبەهـار لە خەونیدا لەگەڵ ئەمیـرە و کەژاڵ خەریکی گەمان بوون، مریشکەکەشی هێنابووە مـاڵە بچـووکەکەی، لە ئەمیـرەی پرسـی: "ئەرێ بەفـرین چـاک بـووەوە؟" ئەمیـرە بووکۆکەکەی لە ئامێز بوو: "ئەدی چۆن، شروبم دایێ تەواو تەواو چاک بووەتەوە."

گوڵبەهار لە خەونەکەیدا منـی لە کـۆش بـوو، جـوان دانیشـتبوو، هێـواش هێـواش دەسـتی بە بـاڵ و سـەرمدا دەهێنـا، ڕووی لە ئەمیـرەی کـرد و گـوتی: "ئەرێ شـروبەکەی تەواو کـرد؟" ئەمیـرە

خەریکبوو بووکۆکەکەی ماچ دەکرد: "بەڵێ بەڵێ تەواوی کرد." دواتر ڕووی تێ کرد: "بۆ دەپرسی؟"

گوڵبەهار هەر تەنیا سێ ماڵە بچووکەکەی لێ دیار بوو، پێی سەیر بوو کەژاڵ هیچ بەشداریی ئاخاوتنیان ناکا، تەنیا و تەنیا تەماشایان دەکا، منیش لە کۆشی خۆم دام نووساندبوو، دواتر وەڵامی دایەوە: "هەر وا پرسیم."

ئەمیرە هەر خەریکی بەفرین بوو، جلەکانی دادەوەشاند، گوتی: "وام زانی بۆ مریشکەکەتە."

گوڵبەهار تەماشای کۆشی خۆی کرد: "نا نا.. شروبی ناوێ."

"ئەدی بۆ لە کۆشت ئارام دانیشتووە!" ئەمیرە بە تەوسەوە گوتی.

گوڵبەهار هەردوو قاچی مریشکەکەی گرت و بەرزی کردەوە، مریشکەکە کەوتە جموجووڵ و باڵەکانی لێک دا، دەتگوت دەیەوێ بفڕێ، بە ئەمیرەی گوت: "ها... بزانە ساغ و سەلیمە."

ئەمیرە لەژێر لێوەوە بڵماندی: "وام زانی نەخۆشە."

گوڵبەهار مریشکەکەی بۆ هەڵدا و گوتی: "ها تەماشای کە!" ئەمیرە لە پەلەپەلییان مریشکەکەی گرتەوە و بەفرینی لێ کەوت، مریشکەکە دەستی بە جمووجووڵ کرد، بەڵام توند باڵەکانی گرت و لە چاوەکانی ڕوانی بە گوڵبەهاری گوت: "گوڵە، خۆ جوانیشە!"

"چی جوانە بەفرین!" بە تەوسەوە گوڵبەهار گوتی.

ئەمیرە ئاگای لە بەفرین نەبوو، درێژەی دایێ: "نا نا... مریشکەکەت ئێستا زۆر جوان و خرپنە، ئەها تەماشای ڕانەکانی بکە."

ئەوەی لە دڵەوە دەمویست ئاشکرام کرد: "جا وەرە لەگەڵ بەفرین بیگۆڕینەوە."

ئەمیرە دەیزانی زەرەری نییە، خۆ پێشتر هەرچەندە بووکۆکەیەکم هەبوو، پێی گوتم: "ئا.. دەگۆڕمەوە."

پێم وابوو مریشکەکەم نەخۆش دەکەوێ و جا نازانم چی بەسەر دێ! بۆیە پێم خۆش بوو، لەبەر ئەوە گوتم: "دەباشە بووکۆکەکەم بدێ!" ئەمیرە پێی دام. پێم گوت: "تەواو بووکۆکەکە هی منە و مریشکەکەش هی تۆیە." ڕووم لە کەژاڵ کرد: "تەواو، پێکهاتین."

کەژاڵ هاتە دووان: "کەیفی خۆتانە."

گوڵبەهار تەماشای بووکۆکەکەی کرد لە سەر و سیمای ڕوانی: "ئا... ئەوە نەخۆشە زۆر زۆر نەخۆشە، وەک داپیرەم وایە، بە شروبەکانیش چاک نەبووەتەوە." ئەمیرە توند مریشکەکەی گرتبوو، گوتی: "ئێ شروبی دیکەی بدێ، نەوعی دیکە."

"نا... قەینا... بزانم چۆن دەبێ؟" خستیە بن لەتە فەرشەکەی و داپۆشی و درێژەی دایێ: "دەڵێی تای هەیە، سەر و دەستی، هەموو لەشی گەرم داهاتووە."

هێندەی پێ نەچوو بە ئەمیرە و کەژاڵی گوت: "ها.. تەماشاکەن، تایەکەی زۆر زۆر بڵندە، هەناسەشی سوارە، وەی بابە نەمرێ!"

ئەمیرە سەرسام ما، مریشکەکەی لە پشت خۆی شاردەوە، دەموچاوی تێک نا: "جا ئەمن چی بکەم!"

"کچینە ئەگەر بەفرین مرد، پێکەوە دەچین دەیشارینەوە."

ئەمیرە لەژێر لێوەوە بڵماندی: "ئم ئم."

کەژاڵ گوتی: "ئێ باشە دەچین، بیبەینە کوێ؟"
"قەبرستان."
"قەبرستان."

گوڵبەهار دەستی بە گریانێکی دەستکرد کرد، لەبەر خۆیەوە گوتێ: "وای چەند زوو ڕۆیشتی، چەند زوو ئێمەت بەجێ هێشت، نازدارەکەم!" کەژاڵیش بە گریانێکی دەستکردەوە نووزەی هات. پاشان لەژێر ئەو دوو گریانە جا ئەمیرە دەستی بە هەمان گریان کرد.

من بوکەکەی ئەمیرەم نازانم بۆ منی گۆڕییەوە. گوڵبەهار کچێکی سەیرە، ئەوە هەرسێکیان بەزۆر منیان مراند. نازانم بۆ حەز دەکەن لاسایی مردن بکەنەوە، لە کاتێکدا مردن بۆ من لاساییە و بۆ ئەوانیش ڕاستی.

ئەوەتا گوڵبەهار منی بەتەواوی داپۆشی، گوتی: "تەواو مرد کچینە، دەبێ تەقەتی کەین، زوو بینێژین."

پاشان کەژاڵ هاتە نزیکم سەرمی هەڵدایەوە و تەماشای کردم، ئیدی گوڵبەهار درێژەی دایێ: "ئا.. تەماشا هەست و خۆستی نییە."

کەژاڵ سەری لەقاند: "وایە وایە."

گولبەهار گوتی: "باشترە مردوو زوو بشاردرێتەوە، زوو کفن و دفن بکرێ."

هەردووکیان گوتیان:"بەڵێ وایە".

گوڵبەهار تەماشای هەردووکیانی کرد: "ئێستا بە دەستی خۆمان دەیشۆین و کفن و دفنی دەکەین."

چووم لە خۆڵەکەی تەنیشتماڵەوەیان هەردوو مشتم پڕ کرد، بەفرینم لە نوێنەکە دەرهێنا و لەسەر کەرتە کەرپووچێکم دانا و بە خۆڵەکە شوشتم، دواتر بە لەتە فەرشێک وەکو کفن دامپۆشی و پێچام.

لەو دەمەدا ئەمیرە لە ماڵوچکەکەی خۆی پێی مریشکەکەی بەستا و بەجێی هێشت و هاتە لایان و هەڵیدایێ: "دەی با بینێژین."

"خوشکم بەخودای زۆر نەخۆش بوو، ڕەنگ و ڕووی نەمابوو، پێست و ئێسقانی یەک بوون." ئەوهام بە ئەمیرە گوت.

گوڵبەهار بەفرینی هەڵگرت و ئەمیرە و کەژاڵ بەدوایدا هاتن، چوونە حەوشەی خانووە تێکدراوەکەی بەرامبەریان. گوڵبەهار بە کەژاڵی گوت: "ئەتوو مەلای، دەبێ فاتیحەی لەسەر بخوێنی."

"باشە."

گوڵبەهار لە ڕاستاییەکدا بەفرینی دانا، بە هەردووکیانی گوت: "دەی وەرن با گۆڕێک هەڵکۆڵین." گۆڕێکیان لێ دا. گوڵبەهار هەڵی دایێ: "دەی بە هێواشی شۆڕی کەنەوە، فەقیرە هیچی تێدا نەماوە هەر پێست و ئێسقانی ماوە."

هەرسێکیان لە منیان لە دەڕوانی و دواتر بەرەو تاریکایی شۆڕیان کردمەوە، پاشان خۆڵیان بەسەردا کردم، سییەکانم پڕ خۆڵ بوون، کەچی چاوەکانم هەر وەکوو جاران زەق زەق بوو، پاشان گوێم لێ بوو گولبەهار گوتی: " عەردەکەی ڕەق نەبوو. قەبرێکی خۆشی نسیب بوو".ئینجا تەماشای کەژاڵی کرد و گوتی: "دەی با فاتیحایەکی بۆ بخوێنین."

پاشـان هەرسـێکیان گـۆڕە بچوکەکەیـان هەڵنـا، گوڵبەهـار دوو بەردی وەکو کێل لەم سەر و ئەوسەری دانا، لە گەڕانەوەدا گوتی: "ئەوجـا کچینـە دەبـێ تـازیە دانێـین، دەبـێ دەر و جیـران خـواردن بێنن، هەق وایە هەموو خەڵکی بێنە تازیە، بزانین کێ هاتووە و کێ نەهاتووە؟"

لە سەرەتا تۆز و خۆڵێکی چڕ بەری ئاسمانی گرت، تـا دەهـات تاریکتر دەبوو، بەرە بەرە توندتر دەبوو تـا بـوو بە گەردەلـوولێکی بەهێـز، گەرد و خـۆڵێکی زۆری لەگەڵ خـۆی هێنـا، لەو لەحـزەیەدا گوڵبەهار خەریک بوو تەنگەنەفەس دەبوو، بە ئاستەم هەناسەی بۆ دەدرا، چاوی گێڕا هیچی نەدی، ویسـتی بگەڕێتەوە شـوێنی گـۆڕی بەفرین، نە کێـل، نە خـۆڵەکەی سـەری دیت، هەم تاریـک بـوو، هەم گەردەلــوول ئاســەواری نەهێشــتبوو، ویســتی تــاقیبی هەردوو دەستەخوشکی بکا، نەیتوانی. لەو دەمەدا زیـاتر تەنگەنەفەس بـوو، دواجـار بە ئاسـتەم هەناسـەی پـێ دەدرا، هەسـتی دەکـرد گەرد و تــۆز و غوبــار دەچــنە نێــو ســییەکانی و تەنــگەنەفەس دەبــێ. هەرچەندی هێزی بە خۆی دەدا هیچی بۆ ناکرێ، لەپڕ بە لەرزێکی تونـدەوە بەئاگـا هـات، بـڕوای نەکـرد خەون بـێ، هێشـتا هەناسـەی ئاســـایی نەببــۆوە، جیقــی چــاوی لادا، بەرە بەرە هەناســـەدان و دانەوەی ئاسایی بووەوە، بەڵام هەوا و خۆڵی هەڵدەمژی.

بەیانییەکی درەنگ بوو، گوڵبەهـار لە دەوروبەری خـۆی ڕوانـی، سـییەکانی پـڕ خـۆڵ بـوون و دەمووچـاوی زەرد هەڵگەڕابـوو کە ئەمیرەی دیت شـەکڵ و شـێوەی وەک گوڵبەهـار بـوو، پێـی گـوت:

"ئەمیـــرە چـــۆنی، بە ڕاســـتی غەریبیـــت دەکەم، دەزانـــی لەمێـــژە نەمدیوی!"

که گوڵبەهارم دیت گەشامەوە، قەت لە هەناسەهەڵکێشـان هێندە کەیفخۆش نەببووم، پێم گوت: "ئەمنیش زۆر دڵخۆشـم، بەڕاسـتی چـاوم ڕوون بـوو، وەختە لەخۆشـییان بـاڵ بگـرم، ئەرێ ئێسـتا لە کوێی؟"

گوڵبەهـــار دەمـــێ دامـــا، هەر بیـــری لە خەونەکەی دەکـــردەوە، خەریکبوو دەهاتە یادی خەونی بە چییەوە دیوە. لەو کاتەدا ئەمیرە لەوی دەڕوانـــی، لەگەڵ ئەوەش گوڵبەهـــار وەڵامـــی دایەوە: "ئەمـــن ئێستا لە قەبرستانی مەعمەل قیرم، ئەدی ئەتوو؟"

کە چـــاوانم هەڵـــدەگلۆفی تـــۆز و خـــۆڵ لە برژانـــگ و لەژێـــر چاومەوە بڵاو دەبوویەوە و تێکەڵ غوباری کەش و دەوروبەرەکە دەبوو، دواجار گوتم: "گوڵبەهار گیانەکەم ئەمن لە قەبرستانی شێخ ئەحمەدم." دواتـر هەر خۆم کە گوێم لە "ئـم ئـم"ی گوڵبەهـار بـوو، درێژەم دایێ: "ئەرێ ئەدی کەژاڵ چی بەسـەر هـات، هـیچ خەبەری نازانی؟"

"کەژاڵ ئەدی نەچـووە هەریـرێ، لەوێ مێـردی نەکـرد، دەبـێ لە قەبرستانی ئەوێ بێ."

"ئەرێ گوڵبەهـــار داپیـــرت هەر لە قەبرســـتانی مەعـــمەل قیـــر نەبوو؟"

"با با ئەویش لەوێ بوو، دەزانی شـەش قەبر لە دەسـتە ڕاسـتی منە."

"کچێ قەبرستانی شێخ ئەحمەد زۆر خۆشە، هەموو خزم و کەسوکارت لە یەکەوە نزیکن، ئەوجا دایمە قەرەباڵغە و خەڵکی دێنە سەر قەبران."

"وەڵڵا قەبرستانی مەعمەل قیر وا نییە، کەم خەڵک دێنە سەر قەبران، دەزانی هەندێ قەبری لێیە، هەر کەس نازانێ کێن و لە کوێوە هاتوون، بەس لەوێ بەڕاستی زۆر مورتاحم، بەڵام بە عام خەڵکی زۆر باشی لێن."

"وەڵڵا شێخ ئەحمەد هەموو خەڵکێکی تێدایە."

گوڵبەهار دەستی بە سەر و ڕوخساری خۆیدا هێنا، بێجگە لە بۆنی خاک و غوبار هیچی دیکە نەبوو، بە ئەمیرەی گوت: "دەزانی دەڵێی ئێمە حەزمان لە عەزابە؟"

ئەمیرە چاوەڕێی ئاخاوتنێکی وا نەبوو، وەڵامی دایەوە: "بۆ؟"

"بزانە شوێنی ئێستای هەردووکمان چەند خۆشە، یان پێمان خۆشە، دەزانی ئەمیرە لەدایکنەبوونمان و مردنمان وەک یەکە، ئەوەندە نەبێ پێش ئەوەی لەدایکبوونمان نازانین لە کوێین! کەچی کە دەمرین دەزانین، نێوان ئەو نەزانین و زانینە دۆزەخ خۆیەتی."

لەو دەمەدا ئەمیرە داما، هەردوو چاوانی داخست، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا حەزی بە بۆنی خاک و خۆڵ بوو. گوڵبەهار بیری کەوتەوە، لە خەونیدا لاساییی ڕێوڕەسمی ناشتنی داپیرەی دەکردەوە، حەقی بە ئەمیرەدا بۆ ئەوەی خەونەکەی بۆ بگێڕێتەوە: "ئەمیرە خەونێکم دیوە، قەت بۆم نەگێڕاویتەوە."

"خەونی چی؟" ئەمیرە سەرسامیم نیشان دا.

"لەبیرتە ئەمن مریشکەکەم هەبوو." پێی گوتم.

له گوڵبەهـارم ڕوانـی، لەگەڵ ئەوەی بە زار وەڵامـیم نەدایەوە، کەچـی سـەری ئەرێم بۆ لەقاند. گوڵبەهـار تەماشـای دەکـردم، لە هەمـان کاتـدا زەینـی لەسـەر خەونەکەی بـوو، بـۆی گێـڕامەوە: "دەزانـی لە خەونمـدا وەختـی گەمانمـان دەکـرد، پـێم گـوتی وەرە بەفرینـی بووکـۆکەکەت لەگەڵ مریشـکەکەم بگـۆڕینەوە." گوڵبەهـار گوێی لێم بوو، گوتم: "ئێ!"

"ئەتووش ئەمیرە ڕازی بووی، دەزانـی کەژاڵیشـمان لەگەڵ بـوو کە مـاوەیەک لەکنم بـوو، تەماشـام کـرد بەفـرین تـایەکی قورسـی گرتووە، دواتر مرد، چووین لە خـانووە ڕووخـاوەکەی مـام کەریـم قەبرێکمان لێدا و ناشتمان، ئەتووش مریشکەکەت بۆ خۆت برد."

دڵخـۆش ببـووم، خەنـدەیەکم بەسـەر لێـوەوە بـوو، پـێم گـوت: "خۆزیا ئەو خەونە ڕاستی دەبوو!"

"چییە بۆ ئەو تەمەننایە دەخوازی؟"

"هـیچ سـەبەبەک نییە، هەر حەزم لێیە بەڕاسـتی ئەوهـا ڕووی دابێ."

"ئەوە حەزی منیشـە." گوڵبەهـار چـاوی لەسـەر مـن بـوو، هەروا درێژەی دایێ: "ئەرێ دە پێم بڵێ، بووکۆکەکەت چـی بەسـەر هـات، چیت لێ کرد؟"

"هەتـا درەنگـانیش مـامبوو، لەبیرمە بە یادگـاری هێشـتبوومەوە، دواتـر جارێکیـان دامە شـنۆی کچـم، پـێم گـوت ئەو بووکـۆکەیە لە منداڵییەوە هەمە، ئێستا ئەوە تەسلیمی تۆی دەکەم."

"جا دەبێ ئێستا مابێ؟"

"نازانم ڕەنگە مابێ و ڕەنگە نەمابێ."

"چییه دوودڵی؟"
"بەڵێ، چونکە نازانم."
" کێ ناڵێ ئەویش کردوویەتییە دیاریی کچەکەی خۆی."
"بڕوا ناکەم."
"ئم ئمممم."
ڕووم لە گوڵبەهار کرد: "ئەرێ مریشکەکەت ئۆتۆمبێل لێی نەدا!"

گوڵبەهار ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا، دەتگوت لە غوبارێکی چڕدا دەجووڵێ: "ئەرێوەڵڵا ئۆتۆمبێل لێی دا پانی کردەوە، ئەمیرە چەندم خەفەت بۆی خوارد، قەت لە دڵم دەرنەدەچوو. لەبیرت نییە، مریشکەکە نەخۆشیش بوو."

"با با.. لەبیرمە کە پانی کردەوە، هاتی و لە ماڵە بچووکەکەمان دەستت بە گریان کرد، گوتت ئەمن دوو تازیەم هەیە، یەکیان هی داپیرەم یەکیان هی مریشکەکە، لەبیرمە گوتت سیروانی برام، دەڵێ باش بوو سەیارە لێی دا و لە کۆڵی کردینەوە، ئەو جیقنەکەرە پیسە ماڵەکەی نەهێشتبوو."

"ڕاست دەکەی.. خۆزگەم بەو ڕۆژەی!"
"وای خوشکم تازە ئەو ڕۆژانە قەت ناگەڕێنەوە."
"ئەرێ ئەمیرە!"
"بەڵێ."
"بۆ نەچین بزانین کچەکەت بووکۆکەکەی ماوە، یان نا؟"
ئەمیرە زۆر پێی خۆش بوو، وەڵامی دایەوە: "دەی با بچین."

"پـێش ئەوەی بمـبەنە قەبرسـتانی شـێخ ئەحـمەد، ماڵیـان لە سێتاقان بوو."

جاران کە شنە بایەک هەڵی دەکرد و دونیا ساردتر دەبوو، هەورەکـان زوو زگیـان بە عەردیـیەوە دەنـا، بـاران دەبـاری و هەواش فێنک دەبوو، ئێستا لە باشـوور و ڕۆژئـاواوە لەجیاتی باوبۆران، غوبار و تۆز و خۆڵ هەڵدەکا، نەک بەئاسانی دەچێتە ژوور و کۆگاکانەوە، بگرە حەمامەکانیش تۆز و غوباری دەچنیٚ، لەو ڕۆژانەدا وای لـیٚ هـاتووە کە ئاسـمانی شـینی صـاف لە تابلۆکاندا زیاتر دەبیندریٚ. لەبەر ئەوە مەودای بینین کورت بووە، سییەکان زووتر دەگیرێن، هەتا برژانگەکانیش خۆڵاوی دەبن.

لەنێـو ئەو فەزایەدا گوڵبەهـار و ئەمیـرە، یـان دوو تارمـایی دەگەڕان، دەتگوت دوێنیٚ ئەو جادە و شـەقامانەیان تەی کردووە، لەگەڵ ئەوەی گۆڕانکـاری بەسـەر جـادە و شـەقامەکاندا هـاتووە، بەڵام هێندە بە لایانەوە گرینگ نەبوو، ئەوان بەدوای خەونێکەوە بـوون، نەک تونێـل و بەرزەپـرد و جـادەی تـازە. دەتگـوت لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییە مادییەکان ڕاهاتوون.

بە سـەعاتێک لەگەڵ گوڵبەهـار گەیشـتینە سـێتاقان زۆربەی خانووەکـانی سـەر جـادە سـەرەکییەکان ببوونە کۆگـای کەلـوپەلی ئەلکتریک. کە چووینە نێو کۆڵانەکانی گەڕەکەکە یەکسەر بە لای باخچە گشتییەکەی گەڕەکدا چووین، باخچەکە هێندە لەگەڵ جاران فەرقـی هەبـوو، کە دیـار بـوو شـارەوانی پەرژینێکـی زیـاتر لە نیـومەتری بە بلـۆک بـۆ هەڵچنیبـوو، کە گەیشـتنە بەرامـبەر مـاڵی شنۆ، ڕێنمایی گوڵبەهارم کرد، سەرێک لە باخچەکە بدەین کە پڕی

دار سنووبەر بوو، ڕیزی دارەکان دەتگوت تەختەی شەترەنجن ڕێک خراون، کە سەرەتا ڕوومان لە ژوورە بچووکەکەی بیری ئورتوازیی ناو باخچەکە کرد، من پشتم بە دیوارەکەی دا و هەناسەیەکی قوولم هەڵکێشا، سییەکانم خۆڵیان لە هەوا زیاتر چووێ، گوڵبەهاریش لە منی دەڕوانی، بە چرپە بە گوڵبەهارم گوت:

"گوێم لە دەنگە."

گوڵبەهار چاوانی پڕ خۆڵی هەڵگلۆفی و هەستی خۆی ڕاگرت: "ئەمنیش گوێم لە دەنگەدەنگە."

ئەمیرە لە گۆشەی دیواری ژوورەکە بە دزییەوە سەری هەڵکێشا و هێنایەوە و بەهێواشی گوتی: "سێ کچۆڵە گەمان دەکەن."

گوڵبەهاریش وەک وی تەماشای کرد: "ڕاست دەکەی."

ئەمیرە ئەم جارە بەوردی لەوانی ڕوانی، کچۆڵەکان ئاوزەی یەک بوون، لە بن دارتووە گەورەکەی نزیک ژوورەکە و ڕێڕەوی ئاوی بیری ئورتوازی خەریکی گەمان بوون، ئەمیرە هەڵی دایێ: "دەڵێی ئەوان دەناسم!"

"چۆن؟"

"هەست دەکەم غەریب نین."

پاشان دەستی گوڵبەهارم گرت و گوتم: "وەرە بە یەکەوە بە لای دیکەی دیواری ژوورەکەدا سووڕاینەوە و سێ لا دیوارمان بڕی و ئەم جارە لە کچۆڵەکان نزیک بووینەوە و لەو غوبار و تۆز و خۆڵەدا بەئاسانی ئەوانمان دەدی، دواتر لەو گۆشەیە تازەوە بە

دزی و وردی لەوانم ڕوانی، دەمێ بێدەنگ بووم، دواتر بەنزمی هەڵم دایێ: "ئەرێ گوڵبەهار ئێستا کچۆڵەکان وەکی زەمانی قەدمی مە گەمان دەکەن؟"

" نازانم"، بە هێواشی گوتی.

گوڵبەهار دەمێ بێدەنگ بوو، ئەمیرە لەوی دەڕوانی، دواتر هەردووکیان لە کچۆڵەکانیان ڕوانی، گوڵبەهار وەڵامی دایەوە: "بۆ ئێستا نایکەن، ئەدی ئەوە نییە هەرسێکیان سێ مالۆچکەیان لە ڕیزی یەک دروست کردووە."

ئەمیرە دیسان هەناسەیەکی خۆڵاویی هەڵکێشا و بەهێواشی گوتی: "وا بزانم جێگەمان خراپ نییە، بەئاسانی دەزانین چ دەکەن."

"بەڵی ڕاست دەکەی."

ئەمیرە لە بن گوێی گوڵبەهار درکاندی: "دەزانی هەندێ قسان دەکەن، دەڵێی خۆم پێشتر ئەو قسانەم کردووە."

گوڵبەهار بە دزی لەوانی ڕوانی: "ڕاست دەکەی حەرەکات و سەکەناتیان لە ئێمە دەچێ."

کچۆڵەکانیش لە جیهانی خۆیاندا نقووم بوون. هەردووکیان بێدەنگ بوون، چاویان زەق کردبۆوە، غوبار و ئاووهەوا خۆڵاوییەکە وێنەکانی لێ تێک نەدابوون.

گوڵبەهار گوتی: "ئەمیرە دەزانی کە سەرنجی لێویان دەدەم دەڵێی لەگەڵ خۆم قسان دەکەم، هەست دەکەم خۆم دەدوێنم."

ئەمیرە بەبێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە بەوردی تەماشای لێوی کچۆڵەکانی کرد، لە دڵی خۆیدا گوتی: "با منیش ئەوە تاقی بکەمەوە لەگەڵ لێوی ئەوان قسە بکەم."

دوای کەمێ گوتی: "ڕاست دەکەی، سەرنجیان بدێ، دەڵێی لەگەڵ خۆم قسان دەکەم، گوڵبەهار ڕێک لەگەڵ ناخی خۆم، ئەوهایە."

"ئاخر منیش مەبەستم ئەوەیە."

هەر بە چاودێری و دیقەتەوە لەوانم دەڕوانی، هیچ ئاگایان لە ئێمە نەبوو، گوتم: "گوڵبەهار دەزانی یەکیان زۆر بە کچی شنۆ دەچێ، دەڵێی سێوێکن و بوون بە دوو لەتەوە." دواتر درێژەم دایێ: "کچێ ئەو هەر خۆیەتی کچی شنۆیە."

"کامەیان؟"

"ئەوەی دەستە ڕاست."

"بەڵێ وایە."

"دەزانی گوڵبەهار زۆر لە باوکی دەکا."

هەردووکیان دیتیان ماڵۆچکەکان بە بەرد لە تەنیشت یەکتر جودا کراونەتەوە، کچۆڵەی دەستە ڕاست بووکۆکەیەکی بچووکی لەنێو لانکۆڵەیەک خەواندبوو، جاروبار دەیژەند و بووکۆکەکەی دەلاواندەوە. هەرچی کچۆڵەکە بوو لە ماڵۆچکەکەی خۆی هەندێ لەتە کلیم و فەرشی ڕاخستبوو، دەتگوت ژووری میوانانە. هەروا چاوی لەسەر لانکۆڵەکەی تەنیشتی هەڵنەدەگرت، لە لایەگی دیکەوە ژوورێکی کردبووە مەتبەخ و چەند بەردێکی وەک ئاگردان دانابوو، تاکوو خواردنی لەسەر لێ بنێ.

کچۆڵەی دەستە چەپیش لە ماڵۆچکەکەی خۆی دوو ژوور و حەوشێکی گەورەی دروست کردبوو، پووش و پەلاشی کردبووە گسکێکی بچووک و حەوشەکەی گسک دا و دواتر لێی دانیشت.

هەرسـێکیان بە یەکەوە هەر خەریکی گفتوگۆ و قسـەی ناومـاڵ و ڕۆژانە بوون.

دیمەنەکانی ماڵۆچکەی کچۆڵەکان گوڵبەهار و ئەمیرەی دڵخۆش و بەخـتەوەر کردبـوو، ئەمیـرە دەسـتی بە قسـان کـرد: "خۆزیـا کەژاڵیشمان لەگەڵ دەبووا!"

گوڵبەهار کە چاوی لەسەر کچۆڵەکان بوو لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەدی ئەوە نیـیە، ئەوان سـێ کەسـن، ئـێمەش لە منداڵیـدا سـێ بووین." کەچی وەڵامی دەستە خوشکەکەی دایەوە: "ڕاست دەکەی ئەمیرە جێی وی دیارە." دواتر سەری خۆی خوراند و گوتی: "کە تەماشای ئەوان دەکەین، دەڵێی کەژاڵیشمان لەگەڵە."

"بەڵـێ دە تەماشـا کە، وەک ئـێمە گەمـان دەکەن و وەک ئـێمە ماڵیان دروست کردووە و وەک ئێمە ژووری بچووکیان داناوە."

"بەڵێ وەک خۆمانن."

هەردووکیـان دیتیـان کچـۆڵەی ناوەڕاست بووکۆکەکەی لە هـی دەستەڕاسـت وەرگـرت و خسـتییە نـاو نـوێنەکەی کە بە کلـیم و فەرش ڕایخســتبوو، وا پــێ دەچــوو بووکــۆکەکەی بە شــتێ گۆڕیبێتەوە، چونکە کچۆڵەی دەستەڕاست شتێکی خستە گیرفانی. کچۆڵەی دەستە چەپیش بێدەنگ لەوانی دەڕوانی.

هەردووکیـان دیتیـان کچـۆڵەی ناوەڕاست بووکـۆکەکەی لە بـن لەتە فەرشـەکە دەرهێنـا و پەرۆکێکـی لە دەستەسـڕ بچـووکتر کە ڕەنگە تەڕ بووبێ لەسەر نێوچاوانی دانا، دیارە بووکۆکەکە تایەکی قورسـی گرتـووە، ئیـدی هێنـدەی پـێ نەچـوو هەر ئەو کچـۆڵەیە دەسـتی بە لەخـۆدان و گریـان کـرد، دەسـتە خوشکەکانیشـی

بەشدارییان کرد، بۆیە کچۆڵەی دەستە چەپ هاتە نزیکی و چاوەکانی بووکۆکەکەی داخست، دواتر هەرسێکیان بووکۆکەکەیان لەنێو نوێنەکە دەرهێنا و لەسەر کەرتە کەرپوچێک دایان نا و بە خۆڵەکەی نزیک دارتووەکە شوشتیان و پاشان بە لەتە قوماشێک وەک کفن لێیان لووک دا و پێچایان.

هەردووکیان گوێیان لە دەنگێ بوو، گوتی: "من بووکەکەی تۆم دلڤین! نازانم بۆ من دەگۆڕییەوە لەگەڵ دنیا! ئاخر ئەو کچە زۆر سەیرە. دواتر ئەوە هەرسێکیان بۆ بەزۆر منتان مراند! نازانم بۆ حەز دەکەن لاسایی مردن بکەنەوە، لە کاتێکدا مردن بۆ من لاساییە و بۆ ئێوەش ڕاستی."

گوڵبەهار لەژێر تاسان و سەرسامیدا بڵماندی: "ئەمیرە هیچ کاتێ ئەو دیمەنانەت نەدیوە؟"

"وا بزانم ئەتوو بۆت گێڕامەوە، ئەدی ئەوە وەک خەونەکەت نییە!"

پاشان دیتیان بووکۆکەیان هەڵگرت و هەرسێ کچۆڵەکە لە دار تووەکە تۆزێ دوور کەوتنەوە و لە زەوییەکی خۆڵێن گۆڕێکی بچووکیان لێ دا و خستیانە ناوی.

ئەو وێنانە هیچ کاتێ لای گوڵبەهار نامۆ نەبوو، خەریکبوو لای ئەمیرە بێتە ئاسایی، لەژێر ئەو دیمەنانەدا هەردووکیان سەرسام بوون، گوڵبەهار لەژێر لێوەوە گوتی:"ئەوە خەونە، یان ڕاستی!"

ئەمیرە بە چاوی زەقەوە لێی دەڕوانین، پێی گوت: "نازانم ئەو کچۆلانە خۆیانن، یان خۆمانن!"

کەژاڵ لە گۆشەی دیکەی ژووری بیری ئورتوازی تەماشای لاساییکردنەوەی هەموویانی دەکرد و بەبێ ئەوەی کچۆڵەکان و گوڵبەهار و ئەمیرە پێ بزانن، چاودێرییانی دەکرد، هەتا پاش دەمێکی کورت بڕیاری دا بچێتە لایان، کە نزیک بۆوە گوێی لە گوڵبەهار بوو، گوتی: "ئەمیرە نازانم ئێمە مردووین، یان داپیرەمان!"

هەولێر/٢٠٢٢

# سێبەرە فڕیوەکان

ئەمجەد زۆر دڵی خۆش بوو، توند توند غاری دەدا، دەبێ بگاتە ئەو شوێنەی تەواوی کاتەکانی بە یاری بەسەر دەبا، دەچێتە ئەو شوێنەی تا دەنوێ گەمەی لێ دەکا، لەوێش لە یەک شوێن ناوەستێ، هەر هەمووی دەگەڕێ، تێر تێر چ یارییەکی حەزی لێ بێ، دڵی پێی خۆش بێ دەیکا، هەموو فکر و خەیاڵی بۆ ئەو شوێنە گیرساوەتەوە، کە غار دەدا هیچ شت و شوێن و کاتێکی ئێرەی نایەتە بەرچاو، هەموو شوێن و شت و کاتیش لەگەڵ وی غار دەدەن، غار دەدا و هیچ ماندوو نابێ، دەڵێی تازە یەکەم هەنگاوی دەست پێ کردووە، نازانێ ماندوویێتی چییە.

هیچ گومانی نەبوو لەوەی دەگا بە ئەوێ، تا هێزی تێدا بوو غاری دەدا، دەم نا دەمێ هەوایەکی بەهاری لەسەر و ڕوخساری دەدا. زیاتر دڵخۆش دەبوو، دڵنیا نەبوو لە چ ڕۆژێکدا، یاخود لە چ وەرزێکدا هێندە بەتوندی غار دەدا، کەچی هێندە دڵشاد بوو، دەتگوت لە بەهەشت غار دەدا. دەیزانی دەبێ بە هەموو هاوڕێیەکانی بگا. هەرچەند کە منداڵ بوو، نێوان ماڵی خۆیان و ئەو حەوشەی کۆنە حەسارەی یارییان لێ دەکرد، هەر سەد

مەترێک دوور دەبوو، کەچی ئێستا پێی وایە چوار هێندە تا پێنج هێندە غاری داوە، هێشتا پێی نەگەیشتووە، ڕەنگە بۆ لای هاوڕێیەکانی سەردەمی منداڵی بچێ، بەڵام بۆ هەمان شوێن نەبێ.

ئەو شوێنەی لێی غار دەدا زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ بەر دەرگەی ماڵ و کۆڵان و حەوشەی کۆنە حەسارەکە، لەبەر دەرگەی ماڵیان ڕووبەڕووی چەندان دەرگەی ئاسن و دار دەبووەوە، هەروا لە کۆڵان چەندان عاموودی کارەبا و تەنەکەی زبڵ و هەندێ عارەبانە و جارجارە ئۆتۆمبێلی دەدی، هەروەها حەوشەی کۆنە حەسارەکە، پەنجەرەکانی ژەنگ گرتبوونی. لە ژوورەکانی بۆنی میز و پیسایی تازە لەگەڵ بۆنی مۆرانە و ژەنگەکان ئاوێزانی یەک دەبوون، کەچی لێرە هەمووی سەوزاییە، حەزت لێ بێ هەوراز بڕۆی، هەڵدەکشێی. حەزت لێ بێ نشێو بڕۆی، دادەکشێی. حەزت لێ بێ ڕاستەڕێ بڕۆی، ڕاست دەڕۆی، وەک یەکیش نە ئارەقە دەکەی، نە ماندوو و نە هیلاک دەبی.

کە ئەمجەد وەستا، کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی دیت لەگەڵ شوێن و کات غاریان دەدا، پێی گوت: "ئەتۆش دەچییە گەمان؟"

کوڕە دەمێ وەستا، ئاوڕی دایەوە: "ئەوە چییە ئەمجەد نامناسی؟ ئەمن برادەری خۆتم."

ئەمجەد هاواری کرد:

"بوەستە، وا دێم!"

هاوڕێکەی وەستا، شوێن و کات هەر غاریان دەدا، پێی گوت:

"دەی غاردە ئەمجەد، بەردەوام بە، تاخیر دەبی."

ویستی بیر بکاتەوە، هێندە توند غاری داوە، گوێی بە هیچ نەداوە، کەچی هێشتا ئەو دوا کەوتووە، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەو لە دواوە بوو، هی ئەوە نەبوو بەو شێوەیە بیر بکاتەوە، بە هاوڕێکەی گوت:

"هاتم. ئەوە دەگەم."

دەستی بە غاردان کردەوە. لە هەمان کاتدا نەیدەزانی ئەو هاوڕێیەی کێیە؟!

هەر کە ئەمجەد ڕووبەڕووی هاوڕێکەی وەستا، کات و شوێنی هەردووکیان تێکەڵ بوون. تا بن‌بنی سییەکانی هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی، لە خۆشییان چاوانی پڕ ئاو بوون، وەک ئەوەی دڵخۆش بی و کیلۆیەک پیاز ورد بکەی، پاشان هاواری کرد:

"سەرهەنگ لە ئاسمان بۆت دەگەڕام، لە عەردی تۆم دۆزییەوە!"

کوڕە وەک ئەمجەد هێندە پەرۆش و موشتاق نەبوو. سەرسام ما، کەچی ئەمجەد لە ڕاستیدا لە دیتنی تێر نەدەبوو، وای دەزانی دەبووا شەویش بیبینیٚ."

کوڕە وەڵامی دایەوە: "ئەی دوێنیٚ بە یەکەوە نەبووین، ئەوە چیتە ئەمجەد!"

ئەمجەد کەمیٚ داما. لەناو چاوی سەرهەنگی ڕوانی تا وێنەی ڕوخساری کوڕە بەرە بەرە گەورەتر دەبوو، فەزای ژوورەکەی پڕ دەکرد، لە دیتنی ڕوخساری کوڕە نەک لۆچی سەر دەموچاوی هەموو شتێکی لەبیر چووبۆوە. چاوی بە ئاستەم دەترووکاند، لە ژوورێکدا ڕووناکیی گڵۆپیٚ هێواش هێواش کز دەبوو.

که گەڕایەوە لای هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە: "کوا دوێنێ بە یەکەوە بووین؟"

کوڕە بۆنی خانوویەکی سواقدراوی لێ دەهات، پێی گوت:

"بەڵێ دوێنێ هەر لێرە بە یەکەوە یاریمان دەکرد."

"کوا؟"

"ئەی چۆن.. دواتر هاوڕێیانی خۆمان و تیمەکەی دیکەش هاتن."

"نازانم."

"چۆن نازانی هەر وایە."

"دەبێ هەندێ فکر بکەمەوە، نازانم زاکیرەم وا نالێ!"

"دڵ لە دڵ مەدە، هەر وایە."

لە کاتێکدا پێشتر زۆر لە حەوشەی حەسارە جێهێڵراوەکە لەگەڵ سەرهەنگ گەمەی کردبوو، ئێستا گەڕابۆوە هەمان کات، سەرهەنگ نزیکترین و خۆشەویسترین هاوڕێی بوو، جاری وا دەکەوتە حاڵەتێک ئەگەر لە سێ ڕۆژ جارێک نەیدیبا، دڵتەنگ دەبوو، نەک هەر لە دەرەوە، لە ماڵەوەش دڵتەنگیی پێوە دیار بوو، لەبەر ئەوە بەردەوام لە دوای سەرهەنگ دەگەڕا. ئێستاش بە دوای ویدا غاری دەدا. لەو سەفەرەیدا یەکەم کەسیش ئەوی دیتەوە.

ئەمجەد لێوی وشک وشک ببوو، بە ئاستەم دەمی کردەوە، دەتگوت مشتێک خوێی خواردووە، حەزی دەکرد بەلوعەیەک ئاو لەسەر دەمی بکەنەوە. جاروبار بە هێواشی هەردوو لێوی پێک دادەدا، هەموو هەست و هۆشی لای ئاوێکی زوڵاڵ و فێنک و

ڕووبارێکی بەخوڕ بوو. نەیدەزانی لە چ فەسڵێکە، زیاتر لە هەموو کاتێک حەزی بە ئاوێکی تەزیو دەکرد. بە هاوڕێکەی گوت:

"تێنووت نییە!"

کوڕە گەڵێ پرسیاری هەبوو. کەچی هەر بەرسڤی وی دا:

"نا... بۆ تێنووم بێ؟"

ئەمجەد نەیدەزانی لەگەڵ کێ قسان دەکا. هاوڕێکەی، یان وڕێنە دەکا، یان لەگەڵ خۆی دەدوێ، پێی گوت:

"ئەمن حەزم لە ئاوێکی سارد و تەزییە."

"ئەمن لەمێژە ئاوی ساردم خواردووە."

ئەمجەد لێوەکانی نە قەڵشیوو و وشک وشک و ڕێ ڕێ بوون، لۆچ و پێچەکانی هەر بە ئاسایی نیشانەی تێنوویێتیان دەدا. هەرچەندە گوێیەکانی کز ببوون. کەچی وای زەن کرد گوێی لە جیڕەی دەرگەیەک بووە، دواتر یەک دوو جیڕەی دیکە بەدوایدا هات، نەیزانی دەنگدانەوەی جیڕەی یەکەمە، یان جیڕەی حەقیقیی دیکەیە.

ئەم جارە سەرهەنگی دیت تۆپێکی بە دەستەوەیە و لە بن باڵی خۆی قایم کردووە. ئەو وێنەیە چەندان جار لە زاکیرەی دووبارە ببۆوە، سەرهەنگ لە حەسارەکە نەوەستاوە، لە شوێنێکی دیکە وەستاوە لە حەوشەی حەسارەکە نزیکە، بە هاوڕێکەی گوت:

"زۆر سەیرە!"

"چی زۆر سەیرە، هیچ شتێکی سەیر دەبینی؟"

ئەمجەد ئارام ئارام لێی نزیک کەوتەوە، حەزی دەکرد دەست لە دەموچاوی بدا. هەر ڕووناکیی گڵۆپەکەی بە کزی دەدی:

"ئەی چۆن نایبینم، هەر دەڵێی حەفتا ساڵ، کوڕە حەفتا ساڵی چی، وەڵڵا زیاتر لە حەفتا ساڵ پێش ئێستا. ئەوها بە یەکەوە بووین، زیاتر لە حەفتا ساڵ، پێش ئێستا بە یەکەوە بووین."

هاوڕێکەی تۆپەکەی دانا و لەسەری دانیشت، قاقا پێکەنی و دەستی لە بن سکی دانا، بەرە بەرە پێکەنینی بەرزتر دەبوو:

"ئەمجەد، نازانم ئەمڕۆ چیت بەسەر هاتووە؟ پێم بڵێ ئەوە باسی چی دەکەی؟"

لە سەرەتا ئەمجەد پێی وابوو، ئەگەر پرسیاری زیاتر بکا، بە مەبەستێک دەگا کە بزانێ لەبەر چی دوای ئەو هەموو تەمەنە، سەرهەنگی وەکوو جاران دیتووەتەوە:

"پێم بڵێ عومرت چەندە؟"

سەرهەنگ سەری لەقاند، نەیدەزانی هاوڕێکەی لەو پرسیارانە، مەبەستی چییە، وەڵامی دایەوە:

"دەبێ ئەم جارە بڵێم تۆم پێ زۆر سەیرە!"

"لەبەر چی؟"

"ئێ عومری من چەند بێ، عومری تۆش ئەوەندەیە!"

پێی وا نەبوو هاوڕێکەی ئەو وەڵامەی بداتەوە، یەکسەر پرسیارێکی دیکەی لێ کرد:

"ئێ باشە، ئەدی سبەینەکەی سەعات هەشت کە دەچوویە نانەواخانە، تاکسییەک نەیشێلای؟"

سەرهەنگ هەستایەوە، پێی ڕاستەی خستە سەر تۆپەکە و بە پێکەنینێکی پچڕ پچڕەوە پێ گوت: "ها!"

پاشان بە تەواوی چووە بەردەمی، دەستی لە شانی چەپی ئەمجەد کوتا:

"تەماشام کە! تەماشام کە! کوا تاکسی منی شێلاوە؟"

بەوردی لێی ڕووانی، خۆی بوو. سەرهەنگ ئەوەتا لە بەر دەمیەتی:

"چۆن؟"

"ئەدی ئەوە لەبەر دەمتا نیم؟"

"نا نا.. نازانم!"

پەنجەکانی لە قژی گەڕاند، خوراندی، دەتگوت بە هەموو سەرە پەنجەکانی بەدوای ڕشک و ئەسپێدا دەگەڕێ، دواتر گوتی:

"نازانم چیت بۆ شەرح بکەم."

"چی ... چی..."

"ئەدی پاش ئەوەی تاکسییەک بەسەرتدا ڕۆیشت..."

چاوەکانی زەق بوونەوە و درێژەی دایێ:

"تاکسییەکە سەرتی شێلا، لە خەفەتان دایکت تووشی نەخۆشیی دڵ نەبوو!"

"نا.. بابە.. نا، شتی وا هەر ڕووی نەداوە."

"چۆن؟"

سەرهەنگ گەڕایەوە و لەسەر تۆپەکە بە ئیسراحەت دانیشت، وەکوو ئەوەی هەموو هەڵوێستەکانی بۆ شی بکاتەوە:

"ئەوە دایکم نەبوو، نەخۆشیی دڵی هەبوو، دایە خەجیج بوو."

ئەمجەد ئەو ناوەی نەبیستبوو:

"دایە خەجیج کێیە؟"

"داپیرەم."
"ئم م م ..."
"دایکی دایکم، بەس..."
ئەمجەد بەوردی لێی دەڕوانی، ئەو نەیدیتبوو، کە تاکسییەکە سەرهەنگی شێلا، دوو هاوڕێی دیکە، بۆیان گێڕایەوە، سەری کەوتە بن تایەی پشتەوە، کاتێ ویستبووی تۆپەکەی لە بن تاکسییەکە بهێنێتەوە، خۆیشی نەیزانیبوو، شوفێرەکە کەی لێی خوڕی و سەری سەرهەنگی پان کردەوە.
ویستی پرسیارێکی دیکە بکا، بەڵام دوای خست، هەر گوێی لە هاوڕێکەی بوو:
"داپیرەم خەجیج زۆر بەتەمەنە، نزیک نۆهەت ساڵە."
سەرهەنگ هەردوو دەستی خستە بن چەنەگەی، ئەمجەد لێی پرسی:
"دەکرێ مردوو بێنەوە؟"
"نا.. هەرگیز ناکرێ، نازانم مەبەستت منە!"
"بەڵێ."
"ئێ ئەوە من نابینی، خۆ نەمردووم، ئەوەتا لە بەردەمتام."
"با ... دەتبینم."
سەرهەنگ زیاتر بۆی ڕوون کردەوە:
"ئێ باشە خۆت دەبینی"
ئەمجەد نەیزانی دەکەوێتە دیالۆگێکی ڕاستەقینە، وەڵامی دایەوە:
"بەڵێ خۆم دەبینم."

"ئی منیش خۆم دەبینم، تۆش دەبینم، تۆش خۆت دەبینی، منیش دەبینی."

ئەمجەد سەری ڕاوەشاند، تەواو مێشک و زەین و زاکیرەی هیلاک ببوو، پێی گوت:

"یەعنی ئێستا ئەمن عومرم وەک تۆیە."

سەرهەنگ بە دڵنیاییەوە پێی گوت:

"بەڵێ من و تۆ ئاوزەی یەکین."

"سەیرە ... زۆر سەیرە!"

سەرهەنگ تاقەتی چوو، پێی گوت:

"هیچ سەیر نییە، هەر وایە، دەوەرە بڕۆین، واز لەو موناقەشە بێ مەعنایە بێنە، با بچین گەمان بکەین. دەی غار دە!"

کە ئەمجەد بە دوایدا غاری دا هەموو شتێکی بیر چووەوە، هەر لە ڕاستیشدا زۆر دڵی بەو غاردانە خۆش بوو، چەند توندتر غاری دەدا، هەستی بە ئارامی و هێمنی دەکرد، دەیویست توندتر لە هاوڕێکەی غار بدا، بە حەقیقەت وای دەکرد، بەڵام هەرگیز نەدەگەیشتە سەرهەنگ، دەیدیت هاوڕێکەی تۆپێکی لە دەستە و غار دەدا، بەڵام قەت نەیدەگەیشتێ، هەر لە دواوەی بوو. پێی گوت:

"سەرهەنگ، زۆر توند غار دەدەی."

هەر بە غاردانەوە وەڵامی دایەوە:

"بۆ؟"

"ئەمن هەست دەکەم تێنوومە."

"نا، ئەمن هیچ تێنووم نییە، نەء."

ئەمجەد پێی سەیر بوو، لەوەتەی ئەو کوڕەی دیوە، قەت نەیگوتووە، تێنوومە، کەچی ئەو غاردانە، هی ئەوە نییە تێنووت نەبێ، سەرهەنگ درێژەی دایە:

"ئەمجەد هێندەمان نەماوە، بگەینە دیوارەکە لەوێ کەمێ ئیسراحەت دەکەین."

ئەمجەد پێی سەیر بوو، سەرهەنگ باسی ئیسراحەت دەکا، نەک تێنوویەتی، بەڵام ئیسراحەتیش بۆ ئەو خراپ نەبوو، ڕەنگە پاش ئیسراحەت بتوانێ تێنوویەتیی خۆی بشکێنێ، لە هەمان کاتدا بیری کردەوە "ئەوان بۆ فوتباڵ دەچن، لەبەر چی گوتی دیوارەکە، چ نهێنییەک لە دیوارەکە هەیە، خۆ سەرهەنگ ئێستا تۆپەکەی لایە، کەچی دەچنە لای دیوارەکە!"

یەک جار پێچیان کردەوە، یەکسەر ڕووبەڕووی دیوارەکە بوونەوە، ئەمجەد کە دیوارەکەی دی سەرسام نەبوو، کەچی خۆشی نەیزانی، چۆن تێنوویەتیی شکا، سەرهەنگ پێی گوت:

"وەرە بچینە ئەودیوی دیوارەکە، لەوێ گەمەی سێبەرەکان دەکەین."

سەرهەنگ دیسان لەسەر تۆپەکە دانیشت، هەردووکیان لە دیوارەکە نزیک بوونەوە، پێی گوت:

"ئەمجەد قۆڵی کراسەکەت هەڵکە!"

ئەویش وای کرد، تیشکێکی سیحراوی لە دیوارەکەی دەدا، پەلکەزێڕینە بەسەریدا دەنەخشایەوە. سەرهەنگ لە قسە بەردەوام بوو:

"لەو دیوارە سافە زۆر جوان دەتوانین هەر حەیواناتێ دەمانەوێ بەدەستەکانمان لەسەری دروست بکەین."

ئەمجەد سەرسام لەوی دەڕوانی، زیاتر قسان بکا، لەژێر لێوەوە و بەنزمی گوتی:

"بەڵێ."

سەرهەنگ چووە نزیک دیوارەوە، قۆڵی کراسەکەی هەڵ کرد، لەسەر تۆپەکە دانیشت، خۆی وا ڕێک خست، سێبەری دەستەکانی دەچووە سەر خاوێنترین و سافترین و ڕاسترین شوێنی دیوارەکە، لە ئەمجەدی پرسی:

"حەزت لێیە چیت بۆ دروست بکەم."

"حەیوانات."

"هەرچییەک."

"بە دڵی خۆت چیت پێ خۆشە، دروستی کە."

سەرهەنگ لە کاتێکدا گەمەی بە هەموو پەنجەکانی دەکرد و پەنجەکانی لێک کردبوونەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی:

"ئەمن حەزم دەکرد مەل و باڵندە دروست بکەم."

ئەمجەدیش وەک وی خۆی ئامادە کرد، مەشقی بە پەنجەکانی دەکرد، لێکی دەکردنەوە، جاروبار دەیتەقاند، دواجار یەکە بە یەکە هەموویانی تەقاند، خۆیشی لە دەنگەکە دەهات، کە سێبەری دەستی خستە سەر دیوارەکە و پەنجەکانی لێک کردبوونەوە و گەمەی پێ دەکرد، دەتگوت جاڵجاڵۆکەی دروست کردووە، هەستی کرد ئەو گەمەیە لەزەتی پێ دەبەخشێ. لەو کاتەدا سەرهەنگ پێی گوت:

"لەو گەمەیەدا دروستکردنی جاڵجاڵۆکە ئاسانترین حەشەرات و حەیواناتە. هەر پەنجەکانت لێک بکەوە و دەستێکت بخە سەر دەستەکەی دیکە، بۆ خۆی دروست دەبێ. پەنجەکانت وا لێ بکە وەک چۆن تیشکی خۆر پەرش و بڵاو دەبێ."

ئەمجەد وای کرد، وەک چۆن بە دەستی چەپە تەڵەکانی کەمانچە بگرێ و بەر دا، بە هەردوو دەست لە هەوادا گەمەی دەکرد، دەتگوت تۆڕ دروست دەکا، خۆشیی لەوە دەهات.

سەرهەنگ دەستی چەپەی خستە سەرەتای مەچەکی دەستی ڕاستەی، هەردوو پەنجەی ئەسپێکوژەی هەردوو دەستی لەسەر یەک دانا، پەنجەیەکیانی تۆزێ بردە سەرەوەتر، وێنەی دەندووکی دەنواند و چوار پەنجەی هەردوو دەستی تۆزێکی کەم لێک کردەوە، کە شێوەی باڵیان دروست کردبوو."

دەستەکانی لە دیوارەکە نزیک کردەوە، سێبەری باڵندەکە بچووکتر بووەوە، بە دەم وەک بولبول خوێندی، بە تەواوی سەرنجی ئەمجەدی ڕاکێشا، بە هێواشی سێبەری بولبولەکە لەسەر دیوارەکە چڵاوچڵی دەکرد، ئەمجەد وازی هێنا، بە سەرسامییەوە لە بولبولەکەی دەڕوانی، تەزووی خۆشی بە تەواوی گیانیدا شەپۆڵی دەدا، لە خۆشییان بێ ئیرادە گوتی:

"وای چەند جوانە، قەت شتی وام نەدیوە!"

سەرهەنگ بولبولەکەی بچووکتر کردەوە، گوتی:

"جوان دەفڕێ؟"

ئەمجەد گوتی:

"هەر فڕین، دەڵێی بولبولی ڕاستییە."

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، دەستەکانی سەرهەنگی نەدی، یەکسەر بولبولێکی ڕاستەقینە لە دیوارەکەوە، ڕاست لەو شوێنەی سەرهەنگ سێبەرەکەی دروست کردبوو، بگرە هەر خودی سێبەرەکە بووە بولبولێکی ڕاستەقینە و بە خوێندنەوە هەڵفڕی. ئەمجەد هەموو ئەوانەی دیت، هەر لەو کاتەی سێبەرەکەی دیوارەکە و هەڵفڕینی بە ئاسمانی صاف و خاوێندا دیتی بولبولەکە لە باخچەکەدا بزر بوو، کەچی دەنگی، خوێندنی هەموو فەزاکەی تەنیبوو. زۆر سەرسامانە بە هاوڕێکەی گوت:

"ئەوە چۆن ڕووی دا، چۆن سێبەرەکان دەبنە ڕاستەقینە؟"

سەرهەنگ بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، خەریک بوو باڵندەیەکی دیکەی بە دەستەکانی دروست دەکرد، پێی گوت:

"ئێستاکە کۆترێکت بۆ دروست دەکەم."

ئەمجەد لە بەرخۆیەوە گوتی:

"کۆترا!"

"بەڵێ، بزانە چ کۆترێکت بۆ دروست دەکەم."

سەرهەنگ کەمێک دەستی لە دیوارەکە دابڕاند، بە هەمان شێوەی پێشوو، دەستەکانی خستە سەر یەک، هەردوو پەنجەی ئەسپێکوژەی کەمێ لێک ترازاند، سەری کۆترەکەی لە بولبولەکەی گەورەتر نیشان دا، دواتر دەستی چەپەی برێ بردە پێشەوە، سینگی باڵندەکەی دەرپەڕاند، ئەمجەد تەماشای سێبەرەکەی کرد، کۆتر خۆی بوو، باڵەکانی لێک دەدا و لەسەر دیوارەکە دەهات و دەچوو، سەرهەنگ لەژێر لێوەوە دەیگوت:

"بە.. بە.. بە.. باق."

ئەمجەد لە سیحری تەماشای کۆترەکە پرسیارەکانی لەبیر چوو، کاتێ دیتی زیاتر دەفڕێ، بەرەو کۆتایی دیوارەکە دەفڕێ، زیاتر و زیاتر دەفڕێ، لە لەحزەیەکدا هەناسەی ڕاگرت، هەڵی دایێ:

"ئۆوو.. ئۆوو... ئەو کۆترەش بووە ڕاستەقینە و هەڵفڕی... ئۆو فڕی!"

دیتی هەر ئەو کۆترە لە شەقەی باڵی دا، نەچووە نێو باخچە و دارستانەکەی ئەوبەر، تاکێکی دیکە، کۆترێکی دیکە بەدوایدا فڕی، دەچوونە قووڵایی ئاسمان، پێ دەچوو هێندە بفڕن، تا لە ئاسمان وەکوو نوقتەیەک دیار بن، دووبارە بە هاوڕێکەی گوت:

"ئەوە چۆن سێبەرەکان دەبنە ڕاستی؟"

سەرهەنگ خەریک بوو دەستەکانی لێک دەخشاند، وەڵامی دایەوە:

"لێرە وایە، سێبەرەکان دەبنە ڕاستی."

ئەمجەد خەریک بوو بیری لەوە دەکردەوە، چۆن سێبەرەکان دەبنە ڕاستی، کەمێ لە دیوارەکە ڕاما، تەماشای هاوڕێکەی کرد، گوێی لە سەرهەنگ بوو:

"ئەو جارە هەڵۆیەک دروست دەکەم."

ئەمجەد لە سەرسامی و پرسیار لەخۆکردن، بێ ئیرادە گوتی:

"باشە."

سەرهەنگ کەمێ کشایە دواوە تا سێبەرەکە گەورەتر خۆی بنوێنێ، وەک جاران هێندە خۆی لار نەکردەوە، بە هەردوو پەنجەی ئەسپێکوژە سەری هەڵۆیەکی نیشان دا، دواتر بە پەنجەکانی دیکەی دەستی باڵ و جەستەی هەڵۆکەی کێشا، فڕی

فڕی، ئەمجەد گوێی لە شەققەی باڵ و سام و شکۆی هەڵۆکە بوو، تیژ تیژ تێپەڕی، دەتگوت بەدوای نێچیرێکدایە، لە چاوتروکانێکدا سێبەرەکەی بووە ڕاستەقینە و فڕییە ئاسمان، ئەمجەد لە زەوی سێبەری باڵەکانی دیت، هەڵۆکە بە ئاسماندا شکۆی نیشان دەدا و هەواکەی دەبڕی.

سەرهەنگ تەماشای ئەمجەدی کرد، پێ گوت:

"دەی بۆ داماوی!"

گوێی لە مشەمشی ئەمجەد بوو، دەنگێکی کزی لێوە هات:

"ها..."

"دەی ئەتۆش چیت دەوێ دروستی کە، دواتر دەبنە ڕاستەقینە."

"دەبنە ڕاستەقینە!"

ئەو وشەی ئاخیر لە گوێی ئەمجەددا دەزرینگایەوە. سەرسامی و داماوی و ئەو کارانەی عەقڵ نایبڕن، هۆشی نەهێشتبوو، ئەو هێشتا مابوو بگاتە پرسیارکردن، گوتی:

"گەمەی سێبەرەکانی منیش دەبنە ڕاستەقینە؟"

"بەڵێ، لێرە وایە."

هیچ بیری نەکردەوە، چۆن وایە، سێبەری دەستەکانی خستە سەر دیوارەکە، بێ ئەوەی بزانێ چ دروست دەکا، سەرەتا گوتی:

"چۆن کەرێک دروست بکەم؟"

هاوڕێکەی فێری کرد:

"دەستی چەپەت بخە خوارەوە، پەنجەی تووتە و برای تووتە وەک قەپۆزی لێ بکە، کەمی دەمی بکەوە، دواتر پەنجە درێژە و

دۆشاومژە بکە کەللەی لای پێشەوە و دەستی ڕاستەشت لە سەرەوە بکە گوێیەکانی."

ئەمجەد وای کرد، دیتی کە هەردوو باسکی لەسەریەک داناوە، بووەتە ملی کەرەکە، پاش ئەوە هەندێ جووڵەی پێ کرد، کەرە زەڕاندی و لە دیوارەکەوە پێی هەڵگرت و دوور کەوتەوە.

ئەمجەد دەستەکانی دوور خستەوە، تێر تێر پێکەنی، هاوڕێکەشی لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

"ئەو کەرە زۆر چەموش بوو."

سەرهەنگ کە تەماشای ئەمجەدی کرد، پێی گوت:

"دەی بزانم حەز دەکەی چی دیکە ببێتە ڕاستەقینە، دەی حەیوانێکی دیکە دروست بکە."

لە کاتێکدا ئەمجەد خەریک بوو دەستی چەپەی کردەوە، پەنجەی تووتەی لە ژێرەوە تەنیا کرد، هەر چوار پەنجەی، تووتە و برای تووتە و پەنجە درێژە و دۆشاومژەی خستە بەردەم پەنجەی ئەسپێکوژەی دەستی چەپە و پەنجەی ئەسپێکوژەی دەستی ڕاستی لەگەڵی کردە گوێی سەگەکە.

سەرهەنگ لەبەر خۆیەوە گوتی:

"سەگ."

لەسەر دیوارەکە دەیحەپاند، هێندەی پێ نەچوو، کە لە دیوارەکە دەرچوو، نووزەیەکی لێوە هات بەرەو دارستانەکە تێی تەقاند.

سەرهەنگ پێی گوت:

"لەبیرتە سەگەکەمان بە بەر بەردان دا؟"

ئەمجەد بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە، هەر حەزی دەکرد ئاژەڵی دیکە، لەسەر دیوارەکە دروست بکا، پێی گوت:

"دەتوانم مەیموونیش دروست بکەم."

دەمێ گوێی لە هاوڕێکەی بوو، گوتی:

"ئم.. ئم.. ئم.."

چاوەڕێ بوو، بزانێ دەتوانێ یان نا، دەتگوت لەسەر بڕیاری وی وەستاوە، کەچی هاوڕێکەی گوتی:

"ئا... دەتوانی، بەس، نابێ مۆز بخوا."

هەردووکیان قاقا پێکەنین، ئەمجەد هێندە پێکەنی سکی خۆی گرت، لەبەر خۆیەوە گوتی:

"من مەیموونەکە دروست دەکەم، تۆش مۆزەکە."

زیاتر پێکەنین، دەنگی قاقایان بەسەر هەموو دەنگەکانی دیکەدا زاڵ بوو، هەتا هەوای نزیک دارستانەکە و ژینگەی دیوارەکە لە خزمەتی پێکەنینی ئەوان بوون.

ئەمجەد گوێی لە سەرهەنگ بوو:

"دەی بزانم چ مەیموونێک دروست دەکەی!"

هەردوو دەستی خستە سەریەک دەستی ڕاستەی خستە سەرەوە و ئەوی دیکەش لە خوارەوە، لە سەرەوە پەنجەی دۆشاومژەی کردەوە تا لە خاڵێکدا چاوی دروست بێ، دواتر بە پەنجەکانی دیکە گوێی و کەللەسەری دروست کرد، کەچی دەستی ڕاستەی کردە لەشی مەیمونەکە و بە پەنجەکانیشی قاچی دروست کرد، لەسەر دیوارەکە دەمێ سێبەرەکە هەڵدەقۆزییەوە، گەمەی دەکرد، دەتگوت بەسەر دارێکی قەیسی هەڵدەگەڕێ لە لقێکەوە بە

دەستە درێژەکانی بۆ لقێکی دیکە بازی دەدا، ئیدی هێندەی پێ نەچوو، سێبەرەکە لە دیوارەکە دەربازی بوو، هەڵات و ڕووی لە دارستانەکە کرد، ئەمجەد کلکی درێژی مەیموونەکەی دی جاروبار بە پشتی دەکەوتەوە و ڕێڕەوی ڕۆیشتنی پێ ڕاست دەکردەوە.

بێ ئەوەی تەماشای هاوڕێکەی بکا، لە کاتێکدا دەستەکانی ئامادە کردبوو، شتێکی دیکە دروست بکا، گوتی:

"بەس دەتوانین حەیوانات دروست بکەین؟"

سەرهەنگ وەڵامی دایەوە:

"نا، هەموو شتێ، ئەوە لەسەر خۆت وەستاوە، بە کەیفی خۆت دەتوانی شت دروست بکەی."

"یەعنی..."

ئەمجە کە وای گوت، تفی دەمی قووت دایەوە. سەرهەنگ هاتە دەنگ:

"چی یەعنی؟"

"یەعنی دەتوانم بەشەر دروست بکەم؟"

"بەڵێ، بۆ نا؟ ئا دەتوانی بە سێبەر دروستی دەکەی."

"ئێ مەبەستم بەشەرە."

"دەزانم."

"دەمەوێ بەشەر دروست بکەم."

"ئێ... دەتوانی هەر بەشەرێک دروست بکەی."

دواتر سەرهەنگ وەک ئەوەی لە هونەری گەمەی سێبەرەکان باڵادەست بێ، پێی گوت:

"دەتوانی بە یەک دەست دروستی بکەی، یان بە هەردوو دەست دروستی بکەی."

"دەمەوێ سەری بەشەر دروست بکەم."

"بۆ؟"

"هەتا بزانم کێیە."

"کەیفی خۆتە، حەز دەکەی بە هەردوو دەست دروستی بکە، هەردوو دەستت بەکار بێنە."

ئەمجەد هەر خۆشی دەیویست تەنیا کەللەسەرێک دروست بکا بۆ ئەوەی ڕوخسار و ڕەنگ و شێوەی بە جوانی ببینێ. پەنجەکانی هەردوو دەستی خستە ناو یەک، شێوەی بازنەیی نا، شێوەیەکی هێلکەیی دروست کرد، لە نێوان پەنجەکانی سەرەوەی شوێنی بەتاڵی هێشتەوە تاکوو لە سێبەرەکە شوێنی چاوی مرۆڤەکە دەرکەوێ، بەوردی خەریکی بوو، جاروبار لە بەتاڵاییەکە ڕادەما، تا بە ویستی خۆی چاوەکە لەسەر دیوار ڕێکوپێک دەربهێنێ، هەرچەندە زەینی تەواوی لەسەر کەللەسەرەکە بوو، کەچی جاروبار حەزی دەکرد هاوڕێکەی سەرنجی خۆی دەربڕێ، کە لە نیشاندانی چاوەکە دڵنیا بوو، پەنجەیەکی خوارتری کردە لووت، نە گەورە، نە بچووک، دواتر بە دوو پەنجە شوێنی دەمی هێشتەوە، بۆ خۆی بە سێبەرەکە سەرسام بوو، دەتگوت وەک شێوەکارێ پۆرتریتی کەسێکی بەناوبانگ دەکێشێ، پەنجەی خوارەوەی لار کردەوە تاکوو لە سێبەرەکەدا گەردەنی کەللەسەرەکە گەورە نیشان بدا. هەردوو پەنجەی ئەسپێکوژەی وا لێ کرد سەرێکی قژن بنوێنێ، لەبەر ئەوەی هێندەی

کەڵلەسەرەکەی پێ جوان بوو ئاگای لە هاوڕێکەی نەما، ئیدی دەستی بە جووڵەی کەڵلەسەرەکە کرد، سێبەری پیاوەکەی سەر دیوارەکە دەهات و دەچوو، بە کەیفی خۆی دەگەڕا.

ئەمجەد زۆر بەوردی زەینی دا، نەیزانی کێیە، زیاتر بە دەستەکانی دەیویست ڕووی دەموچاوی وەربگێڕێ تا بیناسێتەوە، کە دیتی تاسا، لە شوێنی خۆی بووە قەترەیەک ئاو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "خودایە! ئەوە کێیە؟!" سەرنجی زیاتری خستە سەری، زەرد هەڵگەڕا، سپی هەڵگەڕا، خەنجەرێکت لێ دابووایە دڵۆپێک خوێنی لێ نەدەهات، لەبەر خۆیەوە گوتی: "ئای! ئەوە خۆمم!"

خەندەیەک لەسەر لێوی بوو، تەنیا یەک خەندە و هیچی دیکە. نەیدەویست سەرنج لەسەر کەڵلەسەرەکە لابا، بە تیی چاو تەماشای هاوڕێکەی کرد، گوێی لە هەنگاوی غاردانی وی بوو، سەرهەنگ لەوێ نەبوو، تۆپەکەش نەمابوو، دیتی کەڵلەسەرەکە بووە مرۆڤێکی تەواو، دیوارەکەی بڕی، سێبەرەکە بووە ڕاستەقینە، غاری دا، زۆر غاری دا، تەنیا خۆی غاری دا، کات و شوێن بە دوایەوە غاریان نەدا.

هەولێر/٢٠٢٢